# ئاشنابوون بە
# جان جاک رۆسۆ

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان رەئوف

@kurdica

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
07701535029
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
07701369792
تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

# فەلسەفەی پەروەردە لە روانگەی جان جاک رۆسۆدا

**ئەعزەم حسێنی**
**لە فارسییەوە : سەلاح سەبادی**

ئەندێشەی زۆرێک لە لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری زانستی کۆمەڵایەتی، پێکهاتن و پەرەسەندنی دیموکراسی تەنها نابەستنەوە بە هاتنە ئارای دامەزراوەگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵکو یەکێک لەهەلومەرجەکانی بە سەرنجدان لە پەروەردە لە سەردەمی منداڵییەوە دەزانن.

لەسەر ئەم بنەمایە، لە هەمان دەسپێکی باس و خواس سەبارەت بە دیموکرسی، فەلسەفەی پەروەدەش کەوتە بەر سەرەنج. لەم نێوەدا «جۆن دێویی» لەسەر ئەو خاڵە زۆر پێداگر بوو و ریچارد رورتی، فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەمەریکاییش لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لەم بابەتەی دەڕوانی. بە هەر حاڵ، پەروەردە، هەلومەرجی پێشوەختی دیموکراسیە و لە رێگای پەروەردەیەکی دروستی مرۆڤەکانەوە، دەتوانێت یارمەتی پەرەسەندنی دیموکراسی بدرێت. ئەم بابەتە تیشک دەستنە سەر بۆچوونەکانی جان جاک رۆسۆ، یەکێکە لە یەکەمین فەیلەسوفەکانی بواری پەروەردە.

لەگەڵ ئەوەی رۆسۆ کەسێک بووە دەرچووی سەرەتایی بووە و بڕوانامەی بەرزی ئاکادیمی نەبووە، ناتوانین بە دوای پێوەری زانستی لە بۆچوونەکانی ناوبراودا بگەڕێین. بۆچوونەکانی ناوبراو لە هەموو کارو بارەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ زەینیەتی تاکەکەسی ناوبراو و ئەوەی کە لەماوەی ژیانی خۆیدا لە کۆمەڵگاوە وەریگرتبوو. رۆسۆ بەوحاڵەشەوە بابەتی پەروەردەی وەک پێوەرێک هێناوەتە ئاراوە و لە باس کردنی وردەکارییەکانی خۆی بـواردوە. ژان شاتو لە کتێبی

«پەروەردەکارانی گـەورە»دا بەم شێوەیە دەڵێت: « ئەگەر لە بەرهەمەکانی ناوبراودا لە پێوەری تەکنیکی و وردی پەروەردەیی بگەڕێین، بە تەواوی بە هەڵەدا چووین. خۆیشی زۆرجار ئاماژەی بەو خاڵە داوە کە بە داڕشتنی بنەماکان پەسەندەی نەکردووە، مەبەستی هیچ کاتێ چوونە ناو وردەکارییەکان نەبووە، بەڵکو ویستوویەتی پێوەرێکی گشتی دیاری بکات». (شاتو، 1372ی هەتاوی ، ص 177)

بابەتی پەروەردەیی لە ژێر کاریگەری هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤدایە و بە پێی هەمان چوارچێوە پێوەری زاڵ بەسەر بۆچوونەکانی رۆسۆدا لە هەموو بەرهەمەکانی بە شێوەیەکی یەکسان دەبینرێت. بەو حاڵەش لە هیچ کام لە بابەتەکانیدا پێناسەیەکی رێک و پێک و داڕێژراوی لە پەروەردە و فێرکردندا نەهێناوەتە ئـاراوە، بەڵکو لە بابەتە جۆراو جۆرەکانیدا بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو باسی لە پەروەردە و فێرکردن کردوە و ئەویش بە شێوزای نازانستی پێشنیازیکردوە. رۆسۆ پەروەردە و فێر کردن بە دوو کاری لێک جیاواز دەبینێ کە بە بڕوای ناوبراو بابەتی پەروەردە لە پێش فێرکردندایە. لە راستیدا پەروەردە وەک بابەتێکی سەرەکی دێتە هەژمار کە بەستراوەتەوە بە مەشقی تاکەکەس نەک رێگە پێدانی ئەوانی دیکەوە.

بە شێوەیەکی گشتی رۆسۆ سروشت، مرۆڤەکان و شتەکان بە سێ مامۆستای پەروەردە دەزانێ.

لەم نێوەدا «ئەو پەروەردەییەی کە بە هۆی کەسەکانەوە ئەنجامدەدرێت، وەک دەستنیشانکردنێک دەزانێت و بە هونەرێکی دادەنێت کە پێویستی بە لێهاتوویی زیاترە و ئەستەمە لەگەڵ سەرکەوتنی تەواو هاوسەنگ بێت». هەڵبەتە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە ناوبراو مامۆستای سەرەکی بە سروشتی خاوێن ناودێر دەکات و 2 مامۆستاکەی دیکە لەگەڵ مامۆستای یەکەم وەک یەک سەیریان دەکات. ناوبراو سەبارەت بە سروشت بەم شێوەیە دەنووسێ: «ئێمە بە شێوەیەکی هەستیار دێینە جیهانەوە و لە رۆژی لە دایک بوونەمانەوە بە شێوەی جۆراو جۆر دەکەوینە ژێر کاریگەری دیاردەگەلێکی جۆراو جۆر کە دەوریان داوین و هەر کە ئەو هەستەی لە ئێمەدا دروست دەبێت ناسیمان و ئامادە دەبین بۆ نزیک بوونەوە لەو دیاردانەی کە ئەو هەستەیان تێدا بەدی هێناوین، یا خۆمانی

لێبەدوردەگرین.

هەر کاتێک ئێمە پتر حەساس و ناسیاری پەیدا دەکەین، ئەو هۆگری یان رق لێبوونەوەیە لە ئێمەدا پتر دەبێت، بەلام چونکە دەکەوینە ژێر گوشاری دابەکانی ئێمەوە بە پێی بیرو باوەڕی ئێمە، کەم و زۆر گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەو هۆگرییە پێش ئەوەی بگۆرێ ناویدەنێین سروشت «دەرکەوتەی ئەو لێکدانەوەی سەرەوە دەتوانین بەو شێوەیە ببینین کە: «پەروەردە هونەر یان تەکنیکێکە کە بە شێوەی رێنمایی یان پشتگیری و رێبەری سروشتی بەردەوام و بە لەبەر چاو گرتنی یاسا و پەرەسەندنی سروشتی و بە هاوکاری خودی ئەو کەسە بۆ ژیان دێتە دی»

لە روانگەی جان شاتووا پەروەردەی رۆسۆ لەسەر سێ کۆڵەکە وەستاوە:
1- سروشت باشە چونکە سەرچاوەی ئیلاهی هەیە. 2- کۆمەڵگا خراپە. 3- ئازادی، پەیڕەوی کردنێکی تەواوە لە یاسای جیهانی ئایدیال.

لە ئەنجامدانی قۆناغ و شێوازە پەروەردەییەکان لە راستای یاسا و رێساکانی سەرەوەدا، دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین؛ رۆسۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێش دەسپێکی پەروەردەی مناڵ، دەبێ سروشتی مناڵ و ئەوەی کە خواوەند لە ناخیدا چاندوویەتی، بە باشی بناسین؛ «هەر تەمەنێک پێوستییەکی هەیە و هەر کەسێکیش ئامادەباشێکی تایبەتی هەیە و هەر مرۆڤێکیش دەبێ هاوهەنگ لە گەڵیدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت».

رۆسۆ مرۆڤ لە بنەڕەتدا بە پاک دەزانێ و کۆمەڵگا پیس و ئالودەیە و مرۆڤ ئالودە دەکات. ناوبراو لەسەر سروشت و ئەوەی کە سروشت داویەتی بە مرۆڤ، پێداگری زۆری لەسەر دەکات. رۆسۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ مناڵ لەو کۆمەڵگا ئالودەیە بە دوور بگرین و رێگە بدەین تا رێگەی سروشتی ژیانی خۆی ببڕێ و بەوەی کە سروشت پێیداوە، بگاتە پەرەسەندن و کامڵی خۆی. هەروەها کۆمەڵگا بە کارتێکەرێکی تەواو لەسەر مرۆڤ دەزانێت، بەڵام چونکە هونەر، زانست و فێربوون و پیشەسازی بە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگا دەزانێت، کەوابوو کۆمەڵگاش کاریگەری لەسەر مناڵ دادەنێت.

رۆسۆ باسە پەروەردەییەکانی خۆی هاوکات لەگەڵ باقی بۆچوونەکانی لە بارەی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە لە کتێبەکانی دیکەیدا هێنایە ئاراوە، دواتر بوە هۆی ئەوەی باوەڕەی تا کتێبێکی تایبەت لە بارەی بابەتی

پەروەردەییەوە بڵاو بکاتەوە. لە کتێبی (شێوازی پەروەردەییدا) رۆسۆ هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی مناڵێکی گریمانەیی بە ناوی ئێمیل بە شێوەی کردەیی قۆناخ بە قۆناخ دایە و دەچێتە پێش. ناوبراو شێوازی پەروەردەیی ئەو مناڵە بە هاوسەنگی لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی دەباتە پێش. پاش لە دایک بوونی ئەو مناڵە هەموو ئەرکەکانی دایک لە ئاستیدا رووندەکاتەوە. پاشان ئێمیل دەکەوێتە ژێر پەروەردەی راهێنەرەکەی خۆی و لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا راهێنەرەکە لەگەڵ ئێمیلدایە. بە بڕوای رۆسۆ کۆمەڵگا لە رێگای گەیشتنی خۆی بەرەو شارستانیەت، بەردەوام لە سروشتی مرۆیی دوور کەوتوەتەوە و رووی کردوەتە خۆڕازاندنەوە و لە گرفتاری شتگەلێکی دروستکراو بووە.

لەم رووەوە هەر جۆرە کاریگەرییەکی بە پێی سروشت، واتە مناڵ، شوێنەوارێکی تێکدەرانەی دەبێ. بەم پێیە بەردوام مناڵ لە ژێر چاودێری راهێنەردا دەبێت. یەکەم ئەرکی راهێنەر ناسینی مناڵ و قۆناغەکانی گەروەبوونی سروشتییەتی و سەرەنجدان بەو خاڵە کە مناڵ لەگەڵ گەورەساڵدا جیاوازە؛ « ئەوەی کە وا بیر نەکەینەوە مناڵەکان وەک ئێمە بیر دەکەنەوەو تایبەتمەندی مرۆڤی گەورەیان هەیە. خودی مناڵ پێویستە، گیان و هەست و سۆزی پێداچوونەوەی پێدا بکرێ و بە پێی ئەوە پرۆگرامی پەروەردەیی ئامادە بکرێت.» لە راستیدا پەروەردەکار پارێزگاری مناڵەکەیە و ئەو بە دوور لە کۆمەڵگا، لە ژینگەیەکی بەرتەسک و بە سەرنجدان لە تایبەتمەندییە تاکەکەسیەکانی پەروەردە دەکات. هەڵبەت رۆسۆ ئەو کۆمەڵگایە رەتدەکاتەوە کە سروشتی مرۆڤ، ئازادی و مافەکانی لەبەر چاو ناگرێت.

ئێمیل تا دوانزەساڵی بە دوور لە هەر چەشنە کتێب و هەر چەشنە فێرکارییەک گەورە دەبێت. چونکە بە باوەڕی رۆسۆ مناڵ تا دوانزە ساڵی واتای ئەو شتەی کە دەیخوێنێ، یا پێیفێر دەکرێ نازانێ و تەنها بە شێوەی تۆتی شتەکان لەبەر دەکات و لە بارەیەوە ناتوانێ بڕیار بدا. رۆسۆ مناڵ وا لێیدەکات تا لە سروشتدا بیر بکاتەوە. بەم شێوەیە هەستی پێنجەمی بە باشی پەرە دەستێنن. بۆ ئێمیل بارودۆخێک دەستەبەر دەکرێت، تا خۆی لە رووی بابەتگەلی سروشتییەوە پەی بە هەندێ لە بابەتە سروشتییەکان بەرێ و لێیان تێ بگات.

ئەگەر مناڵەکە پرسیارێک بکات و راهێنەر وەڵامی ناداتەوە، چونکە ئەو



تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

وەڵامدانەوەیە بە مناڵەکە رێ لە بیر کردنەوەی دەگرێ و بە پێچەوانەوە» بە پرسینی پرسیار گەلی رێشاندەرانە ئەو رێنمایی دەکات تا خۆی گرێکە بکاتەوە» لە لایەکی ترەوە « راهێنەری باش ئەو کەسەیە کە هۆگری فێر بوون و تێگەیشتن لە قوتابیدا بپشکوێنێ». جەستەی ئێمیلیش دەبێت توانای سەختی، سەرما، گەرما و برسیەتی هەبێت تا بتوانێت لە داهاتوودا ببێتە کەسێکی بەهێز و بەردەوام. بە بەهێز بوونی هەستی پێنج لایەنە، عەقڵیشی بەسەر هەستەکانیدا زاڵ دەبێت و لە بارودۆخی دروستدا هەڵوێست دەگرێت.

رۆسۆ پاش دوانزە ساڵی، فێرکاری فەرمی و گشتی وەبیر دێنێتەوە. لە روانگەی ناوبراودا هەموو مرۆڤەکان یەکسانن بەم پێیە لە بارەی هەڵبژاردنی قوتابخانە و شێوازی فێرکردنیشدا نابێ لە نێوان کەسانی دەوڵەمەند و هەژاردا جیاوازی دابنرێ. لەسەر ئەو بنەمایە پێداگری زۆر لەسەر دیموکراسی، ئازادی تاکەکەسی و پەروەردە و فێرکردنی تاکەکەسی، پاشان پەروەردە و فێر کردنی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکاتەوە.

هەڵبەتە هەندێ بارودۆخیش بۆ ئەو قوتابخانانە دیاریدەکات؛ « لە فێرگەکاندا پێویستە یاریگا بۆ راهێنانی جەستەیی دەستەبەر بکرێت. ئەو خاڵە کە تا ئەو رادەیە فەرامۆشکراوە، بە بڕوای من گرنگترین بەشی پەروەردەیە؛ نەتەنها لە بواری تەندروستییەو بەڵکو لەوەش زیاتر، لە روانگە پەروەردەی ئەخلاقیەوە کە یان فەرامۆشیدەکەن، یا بە هەندێ بڕیاراتی وشک و بێ کەڵک پەسەند دەکەن».

هەر وەک باسکرا رۆسۆ سێ مامۆستای پەرەوەردە بەم شێوەیە رێزبەندی دەکات: 1– سروشت 2– مرۆڤەکان 3– کەرەستەکان. یەکەم بە بنەما دادەنێ و دووەکانی تر لەگەڵ یەکەم پێوەند و هەماهەنگ دەکات.؛ « پەروەردە دەبێ لە راستای سروشتی مرۆڤ و لە راستای دڵ و گیانی ئەودابێ».

لە لایەکی ترەوە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هۆشی مرۆڤ باڵاترین لایەنی مرۆڤ نییە، چونکە لەوانەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری هەوای نەفس و لایەنەکانی تری ناپاکی مرۆڤ و بۆ بەکار هێنانی خراپە و فرت و فێڵ کەڵک لە هۆش وەربگیرێت. بەم پێیە رۆسۆ بەرزترین سیفەتی باشی مرۆڤ لە وێژدانی ئەخلاقی ئەودا دەبینێت؛ «بەرزترین لایەنی مرۆڤ ویژدانی ئەخلاقی و جیا کردنەوەی چاکەیە لە خراپە و هۆگری و کشانەوەیە بەرەو چاکە».

گرنگترین بابەت کە رۆسۆ پێوی سەرقاڵە، پەروەردەی نێگەتیڤە. بە بڕوای رۆسۆ پێویست ناکات ئێمە باس لە چاکەی ئیشی دروستی ئەخلاقی بکەین، بەڵکو پێویستە ئیشی خراپ فێری مناڵ نەکەین، چونکە مرۆڤ بە شێوەی سروشتی درۆ کردن نازانێ، مرۆڤ بە شێوەی سروشتی راستگۆیە و ئەوە کۆمەڵگایە کە فێری درۆ کردنی دەکات.

بە سەرنجدان بە لۆمە کردنی کۆمەڵگا لە لایەن رۆسـۆوە، هەندێک پێیانوایە رۆسۆ بە تەواى کۆمەڵگای خستۆتە لاوە، لە حاڵێکدا پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکات کە، « گەورەیی بیرو رەوتی پەرەسەندنی ئەخلاقی ئەو مرۆڤە پەروەردە کراوە بپارێزین و لە هەمانکاتدا ئەو لێبوردەیی و ئازادی و بەختەوەرییەی کە مرۆڤ بە شێوەی سروشتی خاوەنی بووە بۆی بگێڕنەوە. ئەم پێڕاگەیشتن و نوێبوونەوەیە بە دوو شێوە ئەنجامدەدرێت: نوێبوونەوەی تاک و نوێ بوونەوەی کۆمەڵگا.» لە راستیدا (رۆسۆ) لە بەرامبەر (لاک)دا نوێبوونەوەی کۆمەڵگا بە وابەستەی نوێ بوونەوەی تاک دەزانێ، بەو واتایە کە «ئامانجی پەروەردە و فێر کردن پێڕاگەیشتنە بە مرۆڤ کە بتوانێ لە کۆمەڵگایەی رێک و پێک و رێکخراودا بژی». بەشێکی دیکە لە بۆچوونەکانی رۆسۆ پێوەندیدارە بە پەروەردەی ئاینییەوە.

ناوبراو لایەنگری شێوازی خواپەرستی رەهایە. هەر بۆیە کە پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ئەرکی ئاینی، یان هەبوونی ئاینێکی دیاریکراو ناکات. ئەوەی ئەو باوەڕی پێیەتی ئیماندار بوونە لە دڵەوە بە خواوەند و خۆشویستنی خوایە لە ناخی دڵەوە؛ « ئێمیل هەرگیز سەبارەت بە سیفاتەکانی خواوەند وێنای هەڵە ناکات، چونکە فێر بووە بیر لە شتێک نەکاتەوە کە لە سەرو تێگەیشتنی ئەودایە، جگە لەمەش بەخێوکەرەکەی هەوڵی ئەوە نادا ئێمیل فێری ئاینێکی تایبەت بکات بەڵکو ئەو بە جۆرێک پەروەردە بکات کە کاتێک گەورە بوو، ئەو مەزهەبە پەسەند بکات کە خۆی پەسەندی دەکات».

**سەرچاوە:**

www. zendagi. com

## جان جاک رۆسۆ
### دەستەبەربوونی ئازادی تاکەکەسی لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا
### لە فارسیەوە : زاگرۆس رۆژهەڵاتی

«مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت، بەڵام لە هەموو لایەکەوە کۆت و بەندە»

جان جاک رۆسۆ (1712 – 1778 ) بیرمەندی سویسرایی، لە سەدەی هەژدەهەم و گەرمەی سەردەمی رۆشنگەری ئەوروپادا ئەژیا. بیرۆکەکانی ناوبراو لە باری سیاسی، ئەدەبی و پەروەردەیی دا، کاریگەرییەکی زۆریـان لەسەر هاوچەرخەکان دانا. رۆڵی ئەندێشەی ناوبراو کە ساڵانێک لە پاریس دا مایەوە، وەک رەچە شکێنێکی ئامانجەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ناکرێت لەبەر چاو نەگیرێت. گەرچی رۆسۆ، لە ئاستی پێشەوەی ئەو رۆشنگەرانەیە کە چەمکی مافی مرۆڤی بە شێوەیەکی دیار بەکار هێنا، بەڵام لای ئەو سەبارەت بەم چەمکە تەنها دەتوانین بە واتایەکی تایبەتی و سنووردار قسەی لەسەر بکەین. بە گشتی دەتوانین بڵێین ناوبراو رادیکاڵتر لە هۆبز و لۆک و مۆنتسکیۆ بیری دەکردەوە. رەنگە هەر بەم هۆیەشەوەیە کە هەندێ لە لێکۆڵەرانی بواری مێژووی ئەندێشە، ناوبراو بە درێژەدەری نەریتی فکری سەردەمی رۆشنگەری نازانن، بەڵکو بیرۆکەکانی ناوبراو پتر لە بازنەی رەخنەکاری فەلسەفەی رۆشنگەریدا هەڵدەسەنگێنن. بەڵام تەنها خاڵێکی لەو چەشنە بۆ ئەو خاڵانەی کە ئەم نووسینە دەیەوێت بیپێکێت، بنەمایی نییە.

بۆ رۆسۆ، پشتگوێخستنی ئازادی لە لایەن مرۆڤەوە، بە واتای پشت کردنی مرۆڤە لە تایبەتمەندی مرۆیی و (مافی مرۆڤ). ئازادی وەک ئازادی ویست یان ئیرادە، جێگای چاو پۆشی نییە، چونکە ئەو ئازادییە بە پێشمەرجی مرۆڤ بوون و ئاین و ئەخلاقی مرۆیی دێتە هەژمار. بەم پێیە، ئێمە لای رۆسۆ شاهیدی گۆڕانین لە چەمکی مرۆڤدا. مرۆڤ لای ناوبراو ئەو کاتە مرۆڤە بە واتای

راستەقینەی وشەکە ئازاد بێت. لای رۆسۆ هەموو مرۆڤەکان لە سەرەتای لە دایک بوونیانەوە ئازاد و یەکسانن. ئەو وتەی ناوبراو بەناوبانگە کە: «مرۆڤ بە ئازادی لە دایکدەبێت بەڵام لە هەموو لایەکەوە کۆتبەند دەکرێ». بەم پێیە دەتوانین ئەوە ببینین کە رۆسۆ لە نەریتی پرۆژەی هۆبزدا، لە بواری مافی سروشتیدا سیکۆلارانە بیر دەکاتەوە. هەڵبەتە رۆسۆ لە زۆر بواردا لە بۆچوونەکانی هۆبز دوور دەکەوێتەوە.

بە بڕوای رۆسۆ، مرۆڤ لە « لە بارودۆخی سروشتیدا» جگە لە بەهەرمەند بوون لە ئازادی بێسنووری روخسارەکی، بە واتای راستەقینەی وشە ئازاد نییە، بەڵکو بوونەوەرێکە کە حەزگەلێکی ئاژەڵانە و خۆ پەرستانە لە دەرونیدا شاراوەیە، کە هۆگر و پاڵنەرەکانی دیاریدەکات. مرۆڤ کاتێک بە واتای راستەقینەی وشە ئازادە، کە بگاتە ئاستێکی ئەخلاقی و وەک «هاووڵاتی» لەو یاسایەی کە خۆی دایڕشتووە، پەیڕەوبکات.

رۆسۆ ئەوە وەبیر دێنینەوە کە تێپەڕین لە «دۆخی سروشتی» بۆ « ئاستی هاووڵاتی»، گۆڕانێکی بنەڕەتی دێنە ئاراوە، بەڵام ئەو گۆڕانە، تایبەتمەندییەکی ئافرێنەرانە، یان پەرەسەندو و تەنانەت سروشتی نییە، بەڵکو گۆڕانێکی خاوەن ئاراستەیە. مرۆڤ لە دۆخی هاووڵاتیدا، دەبێتە بوونەوەرێکی ئەخلاقی و هەڵسوکەوت و کردەوەی خۆی لە چوارچێوەی ئاراستەو شێوازەکاندا، لە راستای چاکەی گشتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا دەباتە پێش و دەبێ بیباتە پێش. کەوابوو ئەگەر ئازادی سروشتی هەموو مرۆڤەکان، ئازادی بێسنوورە، ئازادی هاووڵاتی بوون، ئازادییەکی دیاریکراوە لە لایەن کۆمەڵەوە و بەم پێیە ئازادی سنووردار کراوی تاکەکەسییە. بەم پێیە رۆسۆ هەوڵدەدات، جۆرێک هاوسەنگی لە نێوان ئازادی تاکەکەسی و گشتیدا پێکبێنێت. ناوبراو ئەم کارە لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆیدا «پەیمانی کۆمەڵایەتی» کە لە ساڵی 1762ی زایینی دا نووسیویەتی، ئەنجامدەدات.

رۆسۆ لەو بەرهەمی ئاماژە پێکراودا، بە دوای پرۆژەیەکی دەوڵەتیدایە بۆ پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا شێوازێک لە هاوپێوەندی لە نێوان تاکەکاندا بدۆزرێتەوە کە نەک تەنیا بەرگری و پارێزگاری لە تاک بکات، بەڵکو لە ئاکامی یەکگرتنی تاک لەگەڵ ئەوانی تردا، هەمان ئەو ئازادییەی کە تاک لە دۆخی

سروشتیدا لێی بەهرەمەند بووە، بۆی دەستەبەر بکات. بە بڕوای رۆسۆ، ئەوەی کە مرۆڤ لە ئاکامی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەدا لە دەستیدەدات، مافی سروشتی و بێسنووری ئەوە لە بارەی هەموو شتێکەوە و ئەوەی کە بە دەستی دێنێت، «ئازادی هاووڵاتی بوون و خاوەندارێتییە سەبارەت هەموو ئەو شتانەوە کە خاوەنییەتی». بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە لە روانگەی رۆسۆدا، مرۆڤ، ئازادی سروشتی بە ئازادی هاووڵاتی بوون دەگۆڕێتەوە و لە بری ئەو «مافە» بێسنوورەی کە لە دەستیدەدات، ئاسایشی یاسایی و گەرەنتی خاوەندارێتی تاکەکەسی وەدەست دەهێنێ. بەڵام لەو شوێنەدا کە بە بڕوای رۆسۆ «ماف» لە دۆخی سروشتیدا - کە تێیدا یەکیەتیەکی مرۆیی بەڵێندارانە بۆ یاسا پێک نەهاتووە - بێواتایە، لەم پەیمانەدا، سەرکەوتن بۆ دۆخی هاووڵاتی بوونە.

ئێستا دەتوانین ئەوە بپرسین کە لە دۆخی هاووڵاتی بووندا، چۆن دەتوانرێت هەمان رێژە لەو ئازادییە کە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا لێی بەهەرمەند بووە، بۆی دەستەبەربکرێت؟ رۆسۆ هەوڵدەدات ئەم پرسیارە لە رێگای جۆرێک هاوسەنگی لە چەمکی ئازادیدا بسەلمێنێت. نا رۆسۆ جیاوازی لە نێوان «ئازادی سروشتی»، «ئازادی هاووڵاتی بوون» و «ئازادی ئەخلاقی»دا دەکات و بە بڕوای رۆسۆ، ئەوە ئازادی ئەخلاقیە کە مرۆڤ دەکاتە خاوەنی دەسەڵاتی خۆی. مرۆڤ دەبێ خۆی لە پاڵنەری غەریزیی، خۆپەرستانە و بەرژەوەندی خوازانە رزگار بکات و پەیڕەوی لە یاسای کۆمەڵ بکات، ئەو یاسایەی کە خۆی بەرهەمیهێناوە. تەنها پەڕەویکردن لە یاسایەک کە مرۆڤ خۆی بەرقەراریکردووە، واتای ئازادییە و مرۆڤ بە واتای وشە تەنها کاتێک لە کۆمەڵگایەکدا هاووڵاتی ئازادە، کە بە پێی رێز گرتن لەو یاسایەی کە خۆی دایناوە، هەڵسوکەوت بکات.

بەم پێیە، رۆسۆ هەوڵدەدات بە شێوازی خۆی، لە نێوان سروشت و عەقڵ دا و بە واتایەکی تر لە نێوان « مافی سروشتی بێسنوور» و « مافی عەقلانی سنووردار» نێوبژێوانی بکات. ئامانجی رۆسۆ گەیشتنە هاوسەنگییە لە نێوان ئازادییە سروشتیەکانی هاووڵاتی و ئەخلاقییەکانە و تەنها بەم واتایە، ئازادی لە لای رۆسۆ مافێکی مرۆییە.

بە بڕوای رۆسۆ، کۆمەڵگای هاووڵاتی سەرچاوە گرتوو لە پەیمانی کۆمەڵایەتی، دەبێ ئازادی راستەقینە دەستەبەر بکات. ئەگەر بمانەوێ وردتر



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بڵێین، رۆسۆ ئەو ئازادییە بە مافێکی مرۆیی دەزانێ، کە لە ئایدیای کۆمەڵگەی هاووڵاتی و دەوڵەتی پێکهاتوو لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دەیبینێت. ئەمە خاڵێکی بنەڕەتییە لە بیرۆکەی رۆسۆدا. لای رۆسۆ، بیرۆکەی مافی مرۆڤ، خۆی لە پێکهاتنی دەوڵەتێکدا دەبینێت کە بەرهەمی پەیمانی کۆمەڵایەتییە. ئەو دەوڵەتەی رۆسۆ بیریلێدەکاتەوە، لە راستیدا ناتوانێ جگە لە دەوڵەتێکدا کە لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ، ئازادی مرۆڤ دەستەبەر دەکات بێتە دی و ببینرێ. ئاکامی وەها بیر کردنەوەیەک ئەوەیە کە بانگەشەی مافی مرۆڤ سەبارەت بە دەوڵەت، دڵنیایی و تەنانەت بابەتی بوونی خۆی لە دەستدەدات. چونکە دەوڵەتەکەی رۆسۆ خۆی نوێنەری مافی بنەڕەتی و ئازادی یەکەیەکەی هاووڵاتیانی خۆیەتی. مافی مرۆڤ لە پرۆژەی رۆسۆدا، لە گەڵ دەوڵەت ئاوێتە بووە، چونکە هەر مرۆڤێک بە چاوپۆشیکردن لە ماف و ئیختیاراتی سەرچاوەگرتوو لە دۆخی سروشتی، تاک و وزەی خۆی دەخاتە ژێر سایەی رێنوێنی بەرزی «ئیرادەی گشتی» و بەم پێیە دەبێتە ئەندامێک لە پێکهاتەی گشتی. «ئیرادەی گشتی»؛ یەکەیەکی زیندووە لە «من» گەلێکی هاوبەش و گشتێکی رۆحییە. بە بڕوای رۆسۆ، «ئیرادەی گشتی» جەستەی مرۆڤ دەچێت کە بریندار کردنی هەر ئەندامێکی، زیان بە هەموو ئەندامەکان دەگەیەنێت. بیرۆکەی رۆسۆ سەبارەت بە دەوڵەتی بژاردە، ئیلهام وەرگر لە دەوڵەتشاری (پۆلیس) ی یۆنانییە لە چەشنی یەکەیەکی گشتی، بەڵام لە هەمانکاتدا، رۆسۆ دژی کۆیلایەتییە. ناوبراو «کۆیلەتی» و «ماف» بە یەکنەگرتوو و دژبەری سەرەکی یەکتر دەزانێت. بە بڕوای رۆسۆ هیچ بوارێک بۆ سەلماندنی راستی و رەوایەتیدان بە کۆیلایەتی نییە.

گەرچی رۆسۆ لە نێوان «هاووڵاتی» یان دانیشتووی وڵاتێکی دیاریکراو و «مرۆڤ» جیاوازی دادەنێت، بەڵام پێداگری دەکات کە تەنانەت ئەو کەسانەی نیشتەجێن، بەڵام هاووڵاتی ئەو وڵاتەش نین، وەک مرۆڤ لە هەر بارودۆخێکدا جێگای رێزن و نابێ پلە و پایەی مرۆیی ئەوان مەرجدار بکرێت بە کارکردنی هاووڵاتی بوونیان.

سەرچاوە:

http://www.zendagi.com

# فەلسەفەی جان جاک رۆسۆ و تیۆرەکانی (سروشتی مرۆڤ، سیاسی و پەروەردە)

ئا.لە ئینگلیزیەوە: نیان عەبدوڵڵا

## 1- تیۆری سروشتی مرۆڤ

«یەکەم مرۆڤ کە پەرژینی بە دەوری پارچە خاکێکدا داناو وتی « ئەوە هی منە» و کەسانی تریش ئەوەندە گەمژە بوون بڕوایانپێکرد ، ئەوە ئەو کەسە دامەزرێنەری راستەقینەی کۆمەڵگای مەدەنییە.»

### رۆسۆ- لێدوان دەربارەی نایەکسانی

وەک زۆربەی فەیلەسوفەکانی ئەمڕۆ رۆسۆ سەیری گریمانەی سروشتی مرۆڤ دەکات وەک رابەرێکی پێوانەیی.رۆسۆ رەخنە لە هۆبز دەگرێت کە پێیوایە مرۆڤ لەسروشتی خۆیدا نازانێت چاکە چیە،بۆیە مرۆڤ بوونەوەرێکی خراپە. بەپێچەوانەوە رۆسۆ پێیوایە لە ناو سروشتی مرۆڤدا « ئەخلاقی چاکە» زاڵە.بە بۆچوونی رۆسۆ (ئەخلاق) لەرێگەی کۆمەڵگاوە دروست نەبووە،بەڵکو ئەخلاق شتێکی سروشتی و ناوەکییە،ئەخلاق بەشێوەیەکی زکماگ گەشە دەکات و مرۆڤ بەسروشت حەزناکات چەوساندنەوە ببینێت.ئەم هەستە لای ئاژەڵیش هەیە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت رۆسۆ دەڵێت « مرۆڤ بەسروشتی خۆی بەئەخلاقە» ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ ئەخلاقیانە مامەڵە دەکات.لەراستیدا زاراوەکانی ( دادگەری ، خراپەکاری) ناتوانرێت بەسەر کۆمەڵگاکانی پێش قۆناغە سیاسیەکان بچەسپێنرێن.

لە سروشتی خۆیدا مرۆڤ لەوانەیە هێزە ئاژەڵیەکەی بەکاربهێنێت. لای رۆسۆ سروشتی مرۆڤ یەکسانە بەو مەیمونە شامپازیەی کە (Buffon) باسیکردووە.سروشتی چاکەی مرۆڤ وەک چاکەی ئاژەڵ وایە کەناتوانیت بڵێیت چاکە یاخود خراپە.لای رۆسۆ جگە لەو کاتانەی یەکسانی بۆ ماوەیەکی کورت زاڵە، ئەوا شارستانیەتی مرۆڤایەتی تەنها بریتی بووە لە رووکەش، دروستکردنی نایەکسانی ،حەسوودی و ئارەزوی ناسروشتی.

لەفەلسەفەی رۆسۆدا کاریگەری سلبی کۆمەڵگا مرۆڤ لەکەسێک کە خۆی خۆشدەوێت، دەگۆڕێت بۆ کەسێکی لە خۆبایی.یەکەم نوێنەرایەتی ئارەزووی مرۆڤ دەکات بۆ خودپارێزی کە تێهەڵکێشە بەهێزی عەقڵی مرۆڤ.بە پێچەوانەوە دووەمیان نوێنەرایەتی مرۆڤێکی رووکەش دەکات، کەخۆی بەراوورد دەکات بەئەوانی دی.ئەم هەستەش دەبێتە هۆی دروستکردنی ترس ، هەروەها وا لەمرۆڤ دەکات چێژ لە ئازادردانی ئەوانی دی، یان لاوازبوونیان وەربگرێت. خود پارێزی دەتوانرێت گەشەی پێبدرێت لە رێگەی پەروەردەی وریاییانەوە لە شارێکی مەدەنیدا.

لە کتێبی (Discourse on the Arts and Sciences ) رۆسۆ گفتوگۆی ئەوە دەکات کە داهێنانە ئەدەبی و زانستیەکان سودیان بۆ رەگەزی مرۆڤایەتی نەبووە، چونکە بەهۆی پێداویستی رەسەنی مرۆڤایەتییەوە گەشەیان نەکردووە، بەڵکو گەشەیان کردووە بەهۆی ( لەخۆبایی بوون) و ( هیچێتی) مرۆڤەوە، هەروەها ئەو (کەمکردن و خۆشگوزەرانیەی) شارستانیەت، بووەتە هۆی خراپ بوونی مرۆڤ. بە بۆچوونی ئەو پێشکەوتنی زانست بۆتە هۆی زیاتر بەهێزکردنی حکومەتەکان و لەناوبردنی تاک.ئەو دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی پێشکەوتنی مادی زیانی لە هاوڕێیەتی راستەقینە داوە و لە شوێنی ئەو ترس و حەسودی و گومان شوێنی گرتوەتەوە. بەپێچەوانەی گەشبینی رابەرانی رۆشنگەرییەوە، رۆسۆ پێی وایە پێشکەوتنی زانستی دژی باشی ژیانی مرۆڤ دەبێت، ئەگەر ئەوپێشکەوتنە بەئەخلاق و ئەرکە مەدەنیەکان تەریب نەبێت.

هەر لە کتێبی (Discourse on the Arts and Sciences ) رۆسۆ شوێنپێی گەشەی مرۆڤ لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە تا کۆمەڵگا مۆدێرنەکان هەڵدەگرێت. مرۆڤی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان خاوەنی هێز و وزە بنچینەییەکانی ژیان بوون بۆ پاراستنی خود و هاوسۆزی لەگەڵ ئەوانی دیدا.لەگەڵ بوونی ئیرادەیەکی ئازاد و هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ئەوپەڕی تواناکان.مرۆڤەکانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەکۆمەڵ و بەیەکەوە دەژیـان و ئەزموونی خۆشەویستی خێزانیان کردوە. کە بەبۆچوونی رۆسۆ ئەو جۆرە ژیانە سەرچاوەی گەورەترین خۆش بەختیە بۆ مرۆڤایەتی.لەو کۆمەڵگایانەدا جیاوازی نێوان مرۆڤەکان لەرووی سامان و

دەوڵەمەندی و پلەوپایەوە زۆر کەم بووە.

لە بەرامبەردا گەشەی کشتوکاڵی و کانزایی و موڵکداری تایبەت و جیاوازی نێوان کرێکاران و پشت بەستن بەیەکتری، بوونەتە هۆی دروستکردنی نایەکسانی و ململانێ لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا.

فشاری زۆری کۆمەڵگاش بوونەتە هۆی گۆڕینی سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی نوێ. تا وای لێهات مرۆڤی نوێ خۆی لەچاوی ئەوانی دی دەبینێت.وای لێهات بەها و هەڵسەنگاندنەکان کەئەوان دەماندەنێ، بوونەتە بناغەی خۆناسینمان.لای رۆسۆ شاری نوێ لەلایەن دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارانەوە دروستکرا کە فێڵیان لەخەڵک کرد، تا دەستبەرداری ئازادیەکانیان بن بۆ ئەوان.ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی نایەکسانی لە کۆمەڵگادا.

لەبەشی کۆتایی ( پەیمانی کۆمەڵایەتی – Social Contract )دا رۆسۆ دەپرسێت « دەبێت چی بکرێت؟» هەربۆخۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت ((لەسەر هەموو تاکێک ، مرۆڤێک پێویستە چاکە لە ناخیدا بچێنێت و پەیڕەوی لە یاسا بکات ، لەبەرئەوەی ئەمانە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی ناو کۆمەڵگا پێویستن)).

**2– تیۆری سیاسی**

یەکێک لە کارە گەورەکانی رۆسۆ بریتیە لە ( پەیمانی کۆمەڵایەتی – Social Contract ) کە تیایدا رەوایی فەرمانی سیاسی دادەڕێژێت لە شێوەی فۆڕمی کۆماری کلاسیکی.ئەم پەڕتووکەساڵی 1762 چاپکراوە و بەیەکێک لەو کارە گرنگانە دادەنرێت، کە کاریگەری گەورەیان لەسەر فەلسەفەی سیاسی رۆژئاوا هەبووە.

کتێبەکە بەچەند دێڕێکی سەرنجراکێش دەستپێدەکات» مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت، بەڵام لەهەموجێگایەکدا زنجیرکراوە.هەندێک مرۆڤ خۆی بەگەورە دەزانێت و ئەوانی دی دەکات بە کۆیلە».

رۆسۆ رایدەگەیەنێت کە سروشتی مرۆڤ لە کۆمەڵگا سەرەتایەکاندا سادە بووە، هەرچەندە یاسا و مۆراڵ تیایدا سەروەر نەبووە.مرۆڤەکان لە سۆنگەی سود و پێداویستیەکانەوە هاوکاری یەکتریان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگا

گەشەی کرد ، جیاوازی کەوتە نێوان کرێکانەوە ، هەروەها موڵکداری تایبەت پەیدا بوو، ئەم بارودۆخە پێویستی بە هەبوونی یاسا هەبوو.

لە قۆناغی خراپ بوونی کۆمەڵگادا مرۆڤ کەوتە ململانێ لەگەڵ هاو رەگەزەکەیدا و هاوکات بەردەوام پێویستیشی پێی بوو.ئەم دوو فشارە هەڕشەیان کردە سەر هەریەک لە ژیان و ئازادی مرۆڤ.بەبۆچوونی رۆسۆ گرێدانی ئەم دوانە لەکۆمەڵگای مەدەنیدا و تاکەکان لە ڕێگەی پەیمانی کۆمەڵایەتی و دەست بەرداربوونی لە مافە سروشتیەکان، دەتوانن هەم پارێزگاری لە خۆیان بکەن و هەم بەئازادی بمێننەوە، لەبەرئەوەی مل کەچ بوون بۆ ئیرادەی گشتی وەک (یەک یەکە) لەلایەن تاکەوە زامنی پاراستنی تاکە، بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوانی دیەوە نەبێتە پاشکۆ.

هەروەها رۆسۆ پێداگیریدەکات کە دەبێت دەسەڵات لە گەلەوە وەربگیرێت. رۆسۆ جیاوازی دەکات لە نێوان پادشا و حکومەتدا.حکومەت لەو دەسەڵاتدارانەی کەبەرپرسن لە جێ بەجێکردن و بەهێزکردنی ئیرادەی گشتی پێکدێت. کاری پادشاش کارپێکردنی یاساکانە کەلەلایەن ئەنجومەنەوە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە دەردەچن.

رۆسۆ دژی ئەوەبوو خەڵکی مومارەسەی شێوازی حوکمی پادشایەتی بکەن لە رێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.ئەو جۆرە کۆمارەی کە رۆسۆ بەلایەوە پەسەند بوو بریتی بوو لە وڵاتی شارەکان وەک ڤیەننای کۆن.رۆسۆ پێیوابوو ئەگەر ئەو مۆدیلە زیندو بکرێتەوە ئەوا فەرەنسا گونجاو نیە، چونکە زۆر گەورەیە.

پەیڕەوکردنی ئیرادەی گشتی کە کرۆکی کارە سیاسیەکانی رۆسۆیە لای فەیلەسوفەکانی دوای خۆی جێگای مشتومڕێکی زۆرە.هەندێک پێیانوایە ئەم بیرۆکەیە بریتیە لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یاخود ستەمی شارە هەژارەکان ( هەروەک لە شۆڕشی فەڕەنسا بینرا)، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەیە رۆسۆ مەبەستی لە هیچ کام لەمانەی سەرەوە نەبووە، بەڵکو ئەو مەبەستی بووە لە رێگای پراکتیزەکردنی ئیرادەی گشتییەوە ویستویەتی ئازادی( تاک) لە زاڵبوونی (کۆ) بپارێزێت، چونکە رۆسۆ پێیوابوو مرۆڤ خولیای خۆپەرستانە و ناوچەگەریانەی هەیە، کە دەبنە هۆی چەوساندنەوەی ئەوانی دی، بۆ ئەوەی دڵسۆزی و ئیلتیزام بۆ ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیە هەبێت ، دەبێت لەسەرەتادا پەیمانەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە دابڕێژرێت.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## 3-پەروەردە و فێربوونی منداڵ

«پیرۆزترین کاری پەروەردە ئەوەیە مرۆڤێکی بیرکەرەوە ئامادە بکات.»
**رۆسۆ- ئەمیل**

فەلسەفەی پەروەردە لای رۆسۆ گرنگی نادات لەسەر پێدانی زانیاری و چەمکەکان بەمنداڵ ، بەڵکو گرنگی دەدات بە گەشەپێدانی کەسایەتی و هەستی ئەخلاقی منداڵ. بەشێوەیەکی دی منداڵ دەتوانێت فێری ئەوە ببێت کەسایەتیەکی سەربەخۆی هەبێت و خاوەن کرداری چاکە بێت، تەنانەت ئەگەر ناچاربێت لە کۆمەڵگایەکی خراپ و بارودۆخێکی نالەباردا ژیان بگوزەرێنێت.

کەسایەتی گریمانەیی ئەمیل (کوڕ- نێر) لە گوند پـەروەردە دەبێت، چونکە رۆسۆ پێیوایە ژینگەی گوند پاکتر و تەندروستر و گونجاوتر و سروشتی ترە لە شار.ئەمیل لە گوند لەلایەن فێرکارێکەوە بەناو کۆمەڵێک ئەزموونی فێرکاریدا ئاڕاستە دەکرێت.

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو تێڕوانینەی رۆسۆ بە شێوازی (دەرئەنجامی سروشتی) ناسراوە.هەروەک سایکۆلۆژیای نوێ رۆسۆ پێیوایە منداڵان فێری ( راست و هەڵە- چاکە و خراپە) دەبن لەڕێگای ئەزموونکردنی دەرئەنجامی ئەوکارانەی ئەنجامیدەدەن ، نەوەک لە ڕێگای ئازاردانی جەستەییەوە.

جـان جـاک رۆسـۆ بەیەکێک لـەو پێشەنگانە دادەنـرێـت کە داوای پەروەردەیەکی گونجاو دەکەن بۆ منداڵ.رۆسۆ گەشەی منداڵ دەکات بەچەند قۆناغێکەوە: قۆناغی یەکەم تا تەمەنی 12 ساڵی کە منداڵ لەلایەن هەست و سۆزەکانیەوە ئاڕاستە دەکرێت.قۆناغی دووەم لەدوای 12 ساڵی - 16 ساڵی کەبیرکردنەوە دەست بەگەشەکردن دەکات.قۆناغی سێهەم لەدوای 16 ساڵیەوە کەمنداڵ گەشەی زیاتر دەکات و دەبێت بە هەرزەکار.

لە قۆناغی هەرزەکاریدا رۆسۆ پێشنیار دەکات هەرزەکار فێری پیشەیەک بێت ( بۆنمونە دارتاشی ) کەپێویستی بەداهێنان و بیرکردنەوە هەیە.ئەمە دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی هەرزە کار لە کێشە و گرفت و هاوکات سەرچاوەیەکی باشە بۆ ژیان، هەروەها لەو تەمەنەدا (16 ساڵی) منداڵ دەتوانێت هاوڕێیەتی

رەگەزی بەرامبەر بکاتْ.

هەرچەندە ئەو بۆچوونانەی رۆسۆ لەزۆر لاوە پێشکەوتوخوازانە دیارن ، بەڵام لەزۆرلاوە پێچەوانەکەی راستە: لەو کارەیدا رۆسۆ بڕوای بە خێزانی باوکسالاری هەیە لەسەر شێوازی رۆمانی.سۆفیا ، ئەو ئافرەتەی قەدەریەتی شوو بە ئەمیل بکاتْ لەلایەن مێردەکەیەوە– ئەمیل– سەرپەرشتی دەکرێتْ، بەڵام ئەمیل خۆی سەرپەرشی خۆی دەکاتْ.ئەم جیاوازیە لە فەلسەفەی رۆسۆ بەڕێکەوتْ نیە، بەڵکو ئەمە بناغەیە بۆ جیاوازی تێڕوانینی رۆسۆ لە نێوان پەیوەندییە کەسی و تایبەتمەندیەکان، لەگەڵ پەیوەندییە گشتی و پەیوەندییەکانی دنیای سیاسەتْ. پەیوەندیە تایبەتیەکان وەک رۆسۆ باسیاندەکاتْ پشتْ دەبەستن بە پاشکۆیەتی ئافرەتْ، ئەم پاشکۆیەتیەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەردوو جۆرە پەیوەندیەکان ( تایبەتی و گشتی ) کار و وەزیفەی خۆیان لە کۆمەڵگادا ئەنجامبدەن.ئەم تێڕوانینانەی رۆسۆ بەتوندی لەلایەن فێمینیستەکانی سەدەی هەژدە و دواتریش بەتوندی رەخنەی لێگیراوە.

**جان جاک رۆسۆ:**

لەدایک بوون: 1712 /6/12.

کۆچی دوایی:1788/7/2 (تەمەنی 66 ساڵی).

سەردەم: فەلسەفەی سەدەی هەژدە ( فەلسەفەی مۆدێرن) .

قوتابخانە: تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی ، رۆمانتیسیزم.

بیرۆکەی سەرەکی: فەلسەفەی سیاسی ، پەروەردە ، ئیرادەی گشتی ، ئاینی مەدەنی،فێربوونی منداڵ.

کاریگەربووە بە : ئەرستۆ ، ماکیاڤیللی ،تۆماس هۆبز ،جۆن لوک .

کاریگەری هەبووە لەسەر: کانتْ ، شۆڕشی فەرەنسی ، نیچە ، دۆرکاهیم ، تۆلستۆی ، مارکس ، ئەنگلس،لیڤی شتراوس، کەمال ئەتا تورک ، درەیدا.

**سەرچاوە:**

.Wikipedia, the free encyclopedia

## چەمکی ئازادی لەدیدی ژان ژاک رۆسۆ
## ئازدی بەبێدادگەری بێواتایە

سەید حوسێنی ئیمامی
لەفارسییەوە:رێباز مستەفا

ژان ژاک رۆسۆ(1712–1778) یەکەمین فەیلەسووفێکە کە مرۆڤی لەڕوانگەی ئازادیەوە پێناسەو شیکردەوە. بەبڕوای ئەو ئازادی چارەنووسی تایبەتی مرۆڤە. دڵەڕاوکێی سەرەکیی رۆسۆ، تایبەت بوو بەئازادیو لەبەرانبەریشدا زیاترین ترسی ئەو خۆی لەوابەستەییەوە دەبینیەوە. ئەو هەوڵیدا ئەوە نیشانبدات کە ئازادی یەکێکە لەسەرمایە بنچینەییەکانی مرۆڤ، بەڵام فۆرمو رەوتی نوێی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون، بەئاراستەی نەبوونی ئازادیو جێگیرکردنی دیلێتی هەنگاو دەنێت. بەبڕوای ئەو دەستهەڵگرتنە لەئازادیی خۆت، بەواتای دەستهەڵگرتنە لەتایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی خۆتو دەستهەڵگرتنە لەمافە مرۆییەکانو تەنانەت دەستهەڵگرتنە لەئەرکەکانی خۆت. رۆسۆ بەشی یەکەمی کتێبیە بەناوبانگەکەی خۆی واتە کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بەمشێوەیە دەستپێدەکات: (مرۆڤ بەئازادی لەدایک دەبێت، بەڵام هەمیشە لەهەموو جێگایەکدا لەنێو کۆتو زنجیر دایە.)

رۆسۆ پێیوایە کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو شوێنەیە کە تێیدا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانو نایەکسانییەکان بۆیان هەیە هەڕەشە لەئازادی بکەنو تێکیبدەن. رۆسۆ لەو باوەڕەدایە ئەو کاتەی کە خاوەندارێتیو نایەکسانی بەهۆی یاساوە مۆڵەتیان وەرگرت، ئازادیی سروشتی بۆ هەمیشە لەنێو چوو. بەبڕوای ئەو دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لەخزمەتو بەرژەوەندیی بەهێزەکاندایە، بەڵام کۆمەڵگەی نایەکسانی سیاسی هەرچییەک بێت، مەبەستە سەرەکیەکەی بریتیە لەدەستەبەرکردنی ئازادیی ئەندامەکانی خۆیو پاراستنی ژیانو داراییەکانیان. خەڵکیش هەرچەندە نەزانو بێئاگا بن، دیسان هەمیشە رێبەرانێک بۆ داکۆکیکردنو پاراستنی ئازادیی خۆیان نەک وێرانکردنو ئازادیی خۆیان هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەو

ئامانجانە هەرگیز نەهاتنەدیو نایەکسانیو بێدادیی ئەوتۆ هاتنە کایە کە بوونە بەربەست لەبەردەم بەرجەستەبوونو بەدیهاتنی ئازادیی راستەقینە.

لەدیدگای رۆسـۆوە ئەو مرۆڤانەی کە بەشێوەیەکی سروشتی ئازادو یەکسانن، هیچ وابەستەییو پابەندبوونێکیان بەئەوانیدیکەوە نییە، مەگەر پابەندیو ئیلتیزامێک کە بەڕەزامەندیی خۆیان قبوڵی بکەن. بەواتایەکی دیکە، تاکە بنەمایەکی مەیسەر بۆ لەسەر مافبوونی دەسەڵاتی سیاسی، برێتیە لەڕێککەوتنو پەیماننامەیەک کە بەرەزامەندیی ئەو کەسانەی بەشداریان تێدا کردووە، دێتە ئاراوە. تێڕوانینی رۆسۆ لەبارەی حکومەت، تێڕوانینی پەماننامەیەکە کە شەرعیەتی سیاسیی خۆی لەسەر بنەمای رەزامەندیی هاووڵاتیانەوە دادەڕێژێت. بەواتایەکی دیکە، ئازادی لەشێوازی بەشداریی هاووڵاتیانو شەرعیەتدان بەو بەشداریەدا دەبینن. ئازادی لەڕوانگەی رۆسۆوە، بەواتای ملکەچبوون بۆ ئەو یاسایانە دێت کە خەڵکەکە خۆیان دایانناون، واتە بەقسەی رۆسۆ تەنها ئەو یاسایانە دروستو دادگەرانەن کە لەلایەن سەرجەم خەڵکەوە داڕێژراون. رۆسۆ بەتێزو تێڕوانینەکانی خۆی، رەخنە لەبنەما لیبرالییەکان دەگرێت. ئەو پرسێک دەخاتەڕوو کە پێدەچێت بەتێڕوانینە لیبرالیزمیەکانی جۆن لۆک چارەسەر کرابێتو کۆتایی پێهاتبێت. ئەوەی رۆسۆ لەئازادی تێیگەیشتووە، برێتیە لەسەربەخۆیی تاک. تەرحی سیاسیی رۆسۆ هێنانەکایەی دووبارەی هەلومەرجی سەربەخۆییانەیە لەسیستەمێکدا کە لەسەر بنەمای دەسـەڵاتو حوکمڕانێتیی خەڵک جێگیرە. سەربەخۆبوونی تـەواوو وابەستەنەبوون بەئیرادەی ئەوانیدی تەنها لەڕێگەی پابەندبوونی تەواو بەیاساکانەوە دەستەبەر دەبێت، یاساگەلێک کە هەر هاووڵاتییەک لەدانانو داڕشتنیدا بەشدارە. پێشنیاری سیاسیی رۆسۆ لەڕاستیدا بەکارهێنانی سەربەخۆی بەردەوامێتیی رەوشی سروشتیە بۆ هەلومەرجە سیاسیەکان. لەناوەڕۆکی پێشنیارەکەی رۆسۆدا، پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە بۆ هەر تاکێک هەمان ئەو ئازادیانە لەبەرچاو گیراون کە بەر لەفۆرمۆڵەبوونیان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیان تێدا هەیە. ئێستا ئەگەر بڕیار وابێت لەڕێگەی چوونە نێو سروشتەوە، ئـازادی دەستەبەر ببێت، ئازادیی دیموکراتیک برێتیە لەپەیڕەوکردنو رادەستبوون لەبەرانبەر بەڕێوەبەرێتیی باڵای ئیرادەی گشتی. ئەگەر کەسێک نەیەوێت هاوهەنگاو بێت لەگەڵ ئیرادەی گشتی

-حاڵەتی نوێی کۆمەڵایەتیو پابەندێتی لەپەیماننامەی کۆمەڵایەتی-، بەبڕوای رۆسۆ دەبێت لەلایەن سەرجەم کۆمەڵگەوە ناچار بەملکەچبوون بکرێت، بەواتایەکی دیکە، ئەو کەسە دەبێت بەزۆر ئازاد بکرێت، چونکە ئازادی بەبێ یاسا بوونی نیە، بەمپێیە هیچکەس باڵاتر نیە لەیاسا، تەنانەت لەسروشتیشدا، مرۆڤ تەنها لەسایەی یاسای سروشتیدا کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵو باڵادەستە، ئازادە. بەمپێیە بەبڕوای رۆسۆ ئەندیشەی بەکارهێنانی فشار بۆ جێگیرکردنی ئازادی بەواتای مەیلداری نییە بۆ جێگیرکردنی هەژموونگەریو دەسەڵاتخوازی، بەڵکو مەیلداریە بۆ فەلسەفەیەک. رۆسۆ لێمان دەخوازێت، لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کامڵ نییەو حەزیشی لە ئازادیو سەرەڕۆییەو کۆمەڵگەش لەسەر بنەمای پەیماننامە جێگیرەو ئازادی بەرزترینو پیرۆزترین پێداویستی مرۆڤە، بۆیە ئێمە دەبێ بەهەموو توانامانەوە لەبەرانبەر دوژمنانی ئازادی رابوەستین، یەکێک لەدوژمنانی ئازادی ئەو کەسەیە کە نەیەوێت لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا هاوهەنگاو بێت. ئەو لەکتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا دەنووسێت: «ئەو گریمانەیە نادروستە کە وابزاندرێت مرۆڤ بەدەر لەهەر کۆمەڵگەیەکو بۆ خۆی هاتوەتە دنیاو پرسێکی جیا لەخۆیو بنەماو رێسای پەیوەست بەخۆی نییەو بەشێوەیەکی رەها ئاغای خۆیەتیو ئازادە بەهەر شێوەیەک بیەوێت حوکمی خۆی بکات. مرۆڤ بەر لەهەر پەیماننامەیەکی ئازادانە کە دەبەسترێت، بەر لەدەربڕینی هەر رەزامەندییێکی راشکاو، یان ناراشکاو سەبارەت بەقبوڵکردنی حکومەت، وەک ئەندامی کۆمەڵگەیەک دێتە دنیا کە خێرو خۆشی ئەو کۆمەڵگەیە لەپێش خێرو خۆشی تاکەکەسیی خۆی دادەنێت، بەمپێیە نەئاغای خۆیەتیو نەبنەماو رێسای تایبەت بەخۆی هەیە.» رۆسۆ بۆ رەواییبەخشین بەپەیمانی کۆمەڵایەتی دەنووسێت: «کەسێک کە بەئەندازەی پێویست ئەو سروشتە خەمەنگیزەی هەڵسەنگاندبێت، دەزانێت کە مرۆڤ ئەگەر بەرەڵلا کراو لێیگەڕای بەکەیفی خۆی جووڵایەوە، شەڕەنگێزترە لەوەی بتوانێت ئازاد بێت.» لەئەندیشەی رۆسۆدا مەیلی باڵادەستبوون بەسەر ئەوانیدی خۆی لەخۆیدا نیشانەی دەسەڵاتخوازیو کۆیلایەتییە. وابەستەیی کەسێک بەکەسێکی دیکە، بەدیهێنەری هەموو پۆخڵکاریەکەو بەهۆی ئەو جۆرە وابەستەییەیە کە کۆیلەدارو کۆیلە (فەرمانڕەواو بەرفەرمان) دژایەتی یەکدی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

دەکەن. رۆسۆ دەڵێت: «ئازادی، پیادەکردنی ئیرادەی خۆتە بۆ نەکەوتنە ژێر هەژموونی ئیرادەی یەکێکی دی. بەواتایەکی دیکە ئازادی، واتە ئیرادەی کەسێکی دی نەخستنە ژێردەستی ئێمەیە. ئەو کەسە کە ئاغاو خاوەندار بێت ناتوانێت کەسێکی ئـازاد بێت. فەرمانڕەواییکردن بەسەر خەڵکدا، واتـە ملکەچیو سەردانەواندن». رۆسۆ لەو بڕوایە دایە ئەو هەستە ئازادیخوازیەی کە لەهەموو کەسەکاندا هەیە، زادەی سروشتی مرۆڤەو خێزان یەکەمین ئۆلگوی کۆمەڵگە سیاسیەکانە. فەرمانڕەوا وێنایەکی باوکو ئاکەکانی کۆمەڵە لەلایەن منداڵانی نێو خێزان، بەو هۆیەوە کە هەموو ئاکەکان ئازادو یەکسان هاتوونەتە دنیاو ئازادیی خۆیان تەنها لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی نەبێ لەدەست نـادەن. بەگوێرەی ئەندیشەی تۆماس هۆبز، لەکۆمەڵگەی مەدەنیی ژێر دەسەڵاتی پادشای ئاکرەوەدا هێمنیو ئارامی دەستەبەر دەبێتو پێیوایە ئەو هێمنیو ئارامیە لەئازادی بەهادارترە، بەڵام بەلای رۆسۆوە ئازادی شتێکی زۆر بەبەهاترە لەهێمنیو ئارامی. رۆسۆ پێیوایە ئەوەی کە زیاتر بەختەوەریی مرۆڤ دابینو دەستەبەر دەکات، ئازادیە نەک هێمنیو ئارامی. هەستیاربوونی رۆسۆ سەبارەت بەئازادی هیچ سنوورێک ناناسێت. ئەو لەکتێبی (سەرچاوەی نایەکسانی)دا دەنووسێت: «بۆ من زۆر گرنگە کە هیچکەس ئازادیی من پێشێلنەکات. تەنها لەکاتێکدا بەتاوانبار داناندرێم کە بتوانم بیسەلمێنم لەتاوانی لەدەستدانی ئازادی کە منیان ناچاریکردووە دەستم نەبووە». گەلی ئازاد ملکەچ دەکات، بەڵام کۆیلەتی ناکات، سەرۆکو رێبەری هەیە، بەڵام ئاغاو کۆیلەداری نییە، ملکەچی دەکات بەڵام تەنها ملکەچی یاساکانو ملکەچی بنەمای دەسەڵاتدارێتیی یاساکان دەکات. گەلێکی ئازاد، جۆری حکومەتەکەی هەر چۆنێک بێت، کاتێک ئازادە کە لەبوونی ئەو کەسەی حکومەت دەکات مرۆڤێک نا، بەڵکو کارگوزارێکی یاسا بەدیبکات. لەیەک وشەدا، ئازادی، هەمیشە پەیڕەو لەچارەنووسی یاساکان دەکات، لەگەڵ یاساکان حکومەت دەکات، یان لەگەڵ یاساکاندا دەمرێت. رۆسۆ پێویستبوونی هێنانەکایەی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئاوا رووندەکاتەوە: «دەسەڵاتو ئازادی، یەکەمین ئامرازی پاراستنی ژیانی مرۆڤن، بەڵام هیچکەس ناتوانێت بێئەوەی زیانێک لەخۆی بداتو بێئەوەی کە ئەرکی پاراستنی خۆی تەنها هەر بەخۆی، بەفەرامۆشی بسپێرێت، ئەو هێزی ئازادیە

بەئاراستەی یەکخستنی بخاتەکار، بەمپێیە دەبێ جۆرێک هاوپشکی بهێنە کایە بەنێکڕای هێزی هاوپشکو هاوبەشەوە داکۆکی لەهەر هاوبەشێکو بەرژەوەندیەکانی بکاتو کەسە هاوبەشەکە لەژێر چەتری ئەو هاوپشکیەدا پێکەوە لەگەڵ سەرجەم هاوپشکەکانی دیکەدا، تەنها ملکەچی ئیرادەی خۆی بێتو بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کە پێشتر ئازاد بووە، ئازاد بمێنێتەوەو یەکێک لەهەلومەرجە گرنگەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، دابینکردنی ئازادی تاکەکەسیە. پەیمانی کۆمەڵایەتی نەک هەر دەبێ پابەندبوونێکی ئازادانە بێت، بەڵکو دەبێ مەرجێکی تێدابێت کە هیچکەس دەستبەرداری ئازادیی خۆی نەبێت.» رۆسۆ لەوەڵامی ئەوانەی دەڵێن حکومەت وەک نوێنەری رزگاریی گشت، یان نوێنەری بەرژەوەندیی هاوبەشی هەمووان، بەشێک لەئازادیی هەر تاکێک بەمەبەستی پاراستنی بەشەکەی دیکەی ئازادی لەو تاکە دەستێنێت، دەڵێت: «ئەو بەشەی دیکە سەقامگیریەو هەرگیز ئازادی نییە، ئازادی دابەش ناکرێت. هەر کاتێک ویستت بەشێک لەئازادی جیابکەیتەوە ئەوا مانای وایە ئازادی دەکوژیت. ئەو بەشە بچوکەی کە ئێوە لەجەستەی ئازادی جیایدەکەنەوە، جەوهەری ئازادیی منە، سەرجەمی ئازادیە.» بەڵام ئەمە چۆن مەیسەر دەبێت کە هەمووان ملکەچ بن، هیچکەس فەرمان نەکات، هەمووان بێئەوەی خاوەنی ئیختیار بن خزمەت بکەن، بەئەندازەیەکی واقیعی ئازاد بن کە لەژێر چەترێکی رواڵەتیدا، هەرکەس ئازادیی خۆی تەنها بەرادەیەک لەدەست بدات کە دەکرێت زیان بەئازادیی یەکێکی دی نەگەیەنێت. ئەو بێنەوبەردەیە، کاری «یاسا»یە. تەنها لەبەرانبەری یاسایە کە مرۆڤەکان، دادگەریو ئازادی وەردەگرن. ئەو بنیاتە سوودمەندە ئیرادەی گشتیە کە مافی بەرانبەری سروشتی لەنێوان مرۆڤەکاندا بەرقەرار دەکات. رۆسۆ دەڵێ: «هەندێک هەن هەوڵدەدەن سەربەخۆییو ئازادی بەیەک شت دابنێن. ئەم دووانە بەئەندازەیەک لەیەک جیان کە تەنانەت یەک ئەوەکەیدی رەتدەکاتەوە. کاتێک کەسێک هەر کارێک کە مەیلی لێبوو ئەنجامبدات، زیاتر کارێک ئەنجام دەدات کە بەمەیلی ئەوانیدی نییە ئازادی، زیاتر بەواتای لەژێر هەژموونو دەسەڵاتی ئەوانی دی دانەبوون دێت، نەک پیادەکردنی ئیرادەی خۆت، بەواتایەکیدیکە ئازادی، واتە ئیرادەی کەسانی دی نەخەیتە ژێر هەژموونو دەسەڵاتی خۆتەوە. کەسێک کە

ئاغاو خاوەندار بێت ناتوانێت ئازاد بێت، فەرمانڕەوایىو حکومەتکردن، واتە ملکەچکردنو سەردانەواندن. لەپەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا هیچکەس مافی ئەنجامدانی کارێکی نییە کە ئازادیی کەسێکیدی کە رێی لێگرتووە، ئازادیی تەواو بەواتای راسەتەقینەی خۆی هەرگیز وێرانکەرو تێکدەرانە نییە، ئازادی بەبێدادگەری بێمانایە. ئازادی بەبێیاسا ناتوانێت بوونی هەبێتو هیچکەسیش ناتوانێت خۆی لەسەررووی یاساوە بزانێت، تەنانەت لەسروشتیشدا مرۆڤ بەپێی بنەمای یاسای سروشتی کە بەسەر هەموو کاروبارێکدا جێگیرە، ئازادە. گەلێکی ئازاد ملکەچ دەکات، بەڵام کۆیلایەتی ناکات، سەرۆکو رێبەرانێکی هەیە، بەڵام ئاغاو خاوەنداری نییە. ملکەچیی مرۆڤ ناکات، تەنها ملکەچی یاسا دەکەن.

**سەرچاوەکان:**

1- رامین جیهان بەگلو، حاکمیەتو ئازادی، نەشری نەی، چاپی یەکەم، 1993.

2- سلین سیکۆنۆر، دەسەڵاتو حاکمیەت لەئەندیشەی رۆژئاوادا، عەباسی باقری، نەشری نەی، چاپی یەکەم.

3-کۆمەڵێک نووسەر، پەیمانی کۆمەڵایەتی دەقو زەمینەی دەق، مورتەزا کەلانتەریان، نەشری ئاگاە، چاپی دووەم، 1991.

4- ج. برونوفسکیو ب. مازلیش، تradیسیۆنو رۆشنگەری لەرۆژئاوادا، لەیلا سازگار، نەشری ئاگاە، چاپی دووەم، 1991.

**سەرچاوە:** ئیعتیمادی میللی

# پەیمانی کۆمەڵایەتی لە دیدی ڕۆسۆدا
# دۆخی سروشتی وەک دۆخی بەر لەگەمە سیاسیەکان

عومەر محەمەد ئەمین رەزا

## پەیمانی کۆمەڵایەتی لەکتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا

شاکارە بەناوبانگەکەی رۆسۆ (پەیمانی کۆمەڵایەتی)، لە چوار کتێب پێکهاتووە. دەسپێکی (کتێبی یەکەم) بەم وتە بەناوبانگەی دەست پێدەکات: (مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت، کەچی دەبینین لە هەموو جێیەکدا زنجیر کراوە.. ئەم گۆڕانە چۆن ڕویدا) 1.

هەروەها دەڵێت: (ئیلتزامی کۆمەڵایەتیو ملکەچکردن بۆ دەسەڵات نابێت سەرچاوەکەیان هێز بێت، دامەزراندنی دەسەڵات لەسەر هەقی فەتحکردنو پەلاماردان بە مانای نکۆڵی کردنە لە ئایدیای هەق بەگشتی. ئەوە چ هەقێکە کە بە نەمانی هێز ئەویش نامێنێت؟ هاوکات ناکرێت ئیلتزامی کۆمەڵایەتی لەسەر ئایدیای دەسەڵاتی سروشتی باوک یا هەر سەرۆکێک کە دەسەڵاتی لە سروشتەوە سەرچاوە بگرێت دروست بکرێت) 2.

هەرچەندە خێزان کۆنترین یەکەی کۆمەڵایەتیە، بەڵام لەسەر ئیرادەو ڕێککەوتن دامەزراوە. لەبەر ئەوەی پەیوەندی نێوان باوکو فرزەندەکان کۆتایی دێت، هەر کاتێک فرزەندەکان پێویستییان بە چاودێری باوانیان نەما، بەڵام گەر هاتوو ئارەزوویەکی هاوبەش بۆ پێکەوە ژیانێکی هاوبەش لە هەردوو لاوە هەبوو، ئەوا پەیوەندی خێزانی بەردەوام دەبێت. لەم بارەیەوە رۆسۆ دەڵێت: (مادام خێزان یەکەم کایەی کۆمەڵایەتیە، لەسەر ڕێکەوتنێکی ئازاد دامەزراوە، ئەوا ناکرێت مەزەندەی گروپێکی سیاسە بکەین بەبێ بوونی ڕێکەوتنێک لەنێوان ئەندامەکانیدا لەسەر ژیانێکی هاوبەش لەناو یەک گروپدا. وەها ڕێککەوتنێک یاخود پەیمانێکی کۆمەڵایەتی لەو جۆرە، سەرکەوتوو نابێت تەنها بە خواستو ڕەزامەندی ئیرادەی ئازادی تەواوی ئەندامانی ئەو گروپە نەبێت، چونکە کۆبوونەوەی مەدەنی پرۆسەیەکە زیاتر پابەندی خواستی تاکەکان خۆیانەو کەس

ناتوانێت بە هیچ بیانوویەک بەبێخواستی خۆی کەسێکی تر ناچار بکات، لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤەش بە ئازادی لەدایک بووەو بڕیاری خۆی لەدەستی خۆیدایە، بەڵام لە دەرەوەی ئەم مسیاقە سەرەکیەدا ئەوا ڕێسای زۆرینە جێبەجێدەکرێت). 3

لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە ڕۆسۆ عەودالّی دۆزینەوەی فۆرمێکە (بۆ یەکگرتن، یاخود بۆ کۆبوونەوە)، بەجۆرێک کە سەروماڵی هەموو ئەندامانی تێدا پارێزراو بێت‌و هەر ئەندامێکی ئەو گروپە لەگەڵ باقی ئەندامەکانی تردا پەیوەندی بەستبێت، بەڵام بێ ئەوەی دەستبەرداری ئەو ئازادیە بووبێت کە پێشتر هەیبوە. ئەمەش ئەو کێشە حەقیقیە سەرەکیەیە کە پەیمانی کۆمەڵایەتی دەیەوێت چارەسەرێکی دروستی بۆ بدۆزرێتەوە. بەپێی پەیمانی کۆمەڵایەتی هەموو تاکێک کۆمەڵگە دەسبەرداری مافەکانی خۆی دەبێت ئەمەش مەرجێکە بەبێ جیاوازی بەسەر هەمووواندا جێبەجێ دەبێت. کاتێک تاکەکەس خۆی دەداتە دەست کۆمەڵگە واتە خۆی ناداتە دەست هیچ کەسێک، یان بەشێوەیەکی وردتر دەتوانین بڵێین: (هەر کەسەو بەبێ جیاوازی خۆی‌و تەواوی هێزو تواناکانی دەسپێرێت بە ئیرادەی گشتی، گردبوونەوەی هەموو ئەوانە دەبێنە یەک جەستە، واتە هەریەکێک دەبێنە بەشێکی دانەبڕاو لە گشت).4 بەم جۆرە جەستەیەکی مەعنەوی دەستەجەمعی دێتە ئاراوەو جێگای ئەو تاکە کەسانە دەگرێتەوە کە لەڕێگەی ڕێکەوتنی ناو خۆیانەوە دروستیان کردوە، ئیرادەی گشتی (دەسەڵاتێکی سەرتاسەریەو بەرەنجامی یەکگرتنی ئیرادەی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەیە). 5

هەرچەندە ڕۆسۆ پێیوابوو دۆخی سروشتی بەختەوەری بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات، بەڵام وەک دۆخێکی نمونەیی لێیناڕوانێت، بەڵکو پێیوایە کۆمەڵگەی سیاسی ڕێکخراو دەتوانێت بەختەوەرترین ژیان بۆ مرۆڤ مسۆگەر بکات‌و مرۆڤ‌و هێزە مەعنەوییەکانی بەرەو ئاستێکی باڵاتر بەرێت. هەر لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەشدا دادپـەروەری‌و ئاکار جێگای حەزو ئارەزوەکان دەگرنەوە، کەواتە پەیمانی کۆمەڵایەتی هێزو توانای خۆی بە تەنها لە ڕەزامەندی تاکە کەسەکانەوە وەرناگرێت، بەڵکو هاوکات لە سەلامەتی ئەو ڕێگایانەی دەیگرێتە بەرو ئەو ئامانجانەشی هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، سەرچاوە دەگرێت. لەبەر ئەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی تەنها بۆ ئەوە هاتوەتە ئارا تا ژیانێکی ئاسودەترو



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

چاکتر له دۆخی سروشتی که ئازادیو یەکسانی تێدا بەرقەرارە، بۆ ئەندامەکانی مسۆگەر بکاث. بۆیە پێویستە پەیمانی کۆمەڵایەتی گرنتی ئازادییەکانیان بکاث، ئەو ئازادیەی ناکرێث دەستبەرداری بن، تەنانەث گەر هاتوو کەسەکان خۆشیان ویستێکی واشیان هەبوو. رۆسۆ لەم بارەیەوە دەڵێث: (هیچ کەسێک خۆبەخۆو بێ بەرامبەر دەستبەرداری ئازادی خۆی نابێث. ئەو قسەیەشی کە دەڵێث خەڵکانێک هەن بێ بەرامبەر خۆیان دەدەنە دەستی کەسانێکی تر، قسەیەکی زۆر بێماناو ناماقوڵە). 6

لەپێناو دەستبەرداری مافەکان ئەوە ناگەیەنێث ئەوان ئازادیو مافەکانی خۆیان لەدەست دەدەن،بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوان ئەمە بە ماف‌و ئازادی مەدەنی دەگۆڕنەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بڕیاریلێدەداتو دەوڵەتیش بە ئەرکی پارێزگاریکردنی هەڵدەستێث. ئامانج لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دیسپلینکراویش ئەمەیە. (پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕێگاچارەیەکی یاسایی پێویستە بۆ ئەوەی شەرعیەث بداتە گۆڕینی مرۆڤ بە هاوڵاتی، هەروەها بۆ ئەوەی جێگای یەکسانیو ئازادی سروشتیش بگرێتەوە). 7

یەکسانی مەدەنی دەبێتە مایەی تەواوکردنی یەکسانی سروشتیو ڕەهەندێکی ئاکاریشی بە بەردا دەکاث، بۆیە کۆمەڵگە لەجێی ئەوەدا یەکسانیەکی ئاکاری ڕەوا دروستدەکاث. ئەو پیاوانەی لە هێزو توانا‌و ئەفراندندا وەک یەک نین، ئەوا هەموویان لە مافدا یەکسان دەبن.

سەبارەث بە ئازادیش، مادام هەرکەسەو خۆی دەداتە دەستی هەموان، نەک کەسێکی دیاریکراو، هەموو کەسێکیش گوێڕایەڵی ئیرادەی گشتی دەکاث، کە خۆی چون یەک لەگەڵ ئەوانی تردا بەشێکن لێی، ئەوا ئەو دەسەڵاتە چەندە تەعبیر لە ئیرادەی هەمووان دەکاث، ئەوەندەش تەعبیر لە ئیرادەی ئەو دەکاث پێچەوانەی ئازادی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی بەگژ ئیرادەیەکدا دەچێتەوە کە ئیرادەی خۆیەتی، وەک چۆن ئیرادەی هەر کەسێکی دیکەشە. (ئەوەی بە زەبری هێز ناچار دەکرێث گوێڕایەڵ بێث، مانای ئەوە ناگەیەنێث کە ئازادی پێشێل کراوە، بەڵکو زۆری لێدەکرێث بۆ ئەوەی ئازاد بێثو دۆخی ئازادی هەڵبژێرێث).8

لێرەوە رۆسۆ دەیەوێث ئەو ناکۆکیەی لەنێوان بۆچونەکانی سەبارەث

بە بەرگریکردنی لە ئاکە کەسو مافەکانیو دانپیانانی بە کۆمەڵو دەسەڵاتە بێ سنوورو ڕەهاکانیدا هەیە، نەهێڵێت. بەهۆی بوونی ئەم ناکۆکییە لە بۆچونەکانیداو دەستەوەستانیشی لە چارەسەرکردنیدا، خوێنەرانی بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان بڕوایانوابوو ئەو لایەنگری بیروڕای ئازادو مافەکانی ئاکە کەسە، هەندێکی دیکەش بە لایەنگری دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەتیان دەزانیو لەمەشدا پشتیان بە بیروبۆچوونەکانی خۆی بەستبوو سەبارەت بە ئیرادەی گشتیو سەرووەری 9.

لەم بەرهەمە پڕ بایەخەدا رۆسۆ گواستنەوەی مرۆڤایەتی لە حاڵەتی سروشتییەوە بۆ حاڵەتی شارستانی بە گۆڕانێکی گەورە لە قەڵەمدەدات، لەبەرئەوەی یاسا شوێنی غەریزە دەگرێتەوە لە دیاریکردنی ڕەفتارەکان و ئاکارەکانی مرۆڤدا، هەر بۆیە دەبێت خۆی لە بەشێک لەو خۆشیانە بێبەش بکات کە لە حاڵەتی ژیانی سەرەتاییدا هەیبووە، بۆ ئەوەی لە هەندێک ڕووی دیکەوە سوودی گەورەتری چنگکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە لە گیانلەبەرێکی گەمژەی وێڵەوە دەبێتە مرۆڤێکی ژیر و خاوەن خەون و بیر 10.

## فەلسەفەی سروشتی و ڕۆسۆ

هەر کاتێک باس لە فەلسەفەی سروشتی بکرێت ئەوا یەکسەر ناوی ڕۆسۆ دێتە ناوناوان و هەردوولا بەیەکتری دەبەسترێنەوە، لەبەرئەوەی یەکەم قسەی رۆسۆ ئەوەیە (بگەڕێینەوە بۆ سروشت)، چونکە سروشت سەرچاوەی هەموو ژیانە و هەرچییەک لە باوەشی سروشتدا گەورە ببێت، خێر و چاکە و ڕاستە، هەر ئەو بیرو باوەڕەیشی بوو وایلێکرد دژی ئەو فەلسەفە و بیروباوەڕانە بوەستێت، کە دەڵێن سروشتی مرۆڤ شەڕخوازە، رۆسۆ لەو باوەڕەدایە کە سروشتی مرۆڤ خێرخوازە و هەر لە کاتی لە دایکبوونەوە حەز بەچاکە و کردنی کاری خێرو باش دەکات، بەڵام کە دەبێت بە خراپ و شەڕخواز، ئەوە بەهۆی کۆمەڵا و دامودەزگا گەندەڵ و خراپەکانیەوەیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تۆوی شەڕو خراپەکاری لە ناخ و دڵا و دەروونی مرۆڤدا دەچێنن و لە ڕێچکەی سروشتی و ئاسایی خۆی لای دەدەن. 11

((مرۆڤ به ئازادی له دایک دەبێت، بەڵام له هەموو شوێنێکدا کۆت و زنجیرو بەند کراوە)). 12

بەم پێناسەیە ڕۆسۆ دەست بەبەشی یەکەمی کتێبەکەی دەکات، له کتێبی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) ولەم پێناسەیەدا ئاماژە به گۆڕان دەکات له بارێکەوە بۆ بارێکی تر، له باری ئازادییەوە بۆ باری کۆیلایەتی. ئەو کە ئاماژە دەکات بەمجۆرە گۆڕانکاریانە له ڕاستیدا گەڕان به دوای ئەو شتانەدا ئەخاتە ڕوو، کە ئەم جۆرە گۆڕانکارییە ئەکات، وەک گۆڕان کاری له باری ئازادییەوە بۆ باری کۆیلایەتی بەشەرعی. به وشەیەکی تر لێکۆڵینەوە دەکات له شەرعیەتی ونبوونی ئازادییە سروشتییەکەی مرۆڤ، لەم لێکۆڵینەوەیەدا رۆسۆ ئەبینێت به شێوەیەکی گشتی شەرعیەت بوونی دروستکردنی کۆمەڵگەی ڕامیاری. پێش دەستخستنە سەر وەڵامی ئەوەی که پێدەچێت وەڵام بدرێنەوە له تیۆری رۆسۆ وە بۆ ئەم جۆرە بینینە، پێویستە چەند وەڵامێک بخرێنە ڕوو کە جگە لە سەرنەگرتن هیچ ئاکامێکی لای رۆسۆ نییە.

1-پابەندبوونی خەڵکی بۆ یەکتری لەسەر بنچینەیەکی سروشتی دروست نابێت، ئەگەر خێزان یەکەم کۆمەڵگا بێت، کە کۆمەڵگەیەکی سروشتیە، ئەوا ئەم کۆمەڵگە سروشتیە به خێرایی ڕێگەی هەڵوەشاندنەوە ئەگرێتەبەر به تەنها پێویست نەبوونی منداڵ بۆ باوکان.

2-لەلایەکی تـرەوە نابێت له دەستدانی ئـازادی سروشتی مرۆڤ هەڵسەنگێنین به کاری دامەزراندنی کۆمەڵگەی ڕامیاری به پاڵپشت به بوونی کۆیلایەتی، پێدەچێت ئەمە مەبەستی «گرۆشیۆس» بوو بێت کە ئەو لەسەر زمانی رۆسۆ: «نکۆڵی له هەر دەسەڵاتێک دەکەن، کە هاتبێتە ئاراوە لە بەرژەوەندی محکومکراوەکان بێت. و کۆیلایەتی به نمونە باسدەکات». بەڵام رۆسۆ ڕەخنە له شێوازی «گرۆشیۆس» دەگرێت لە «تنسیب» کردندا و ئەڵێت: «شێوازە جێگیرەکەی له هۆکاردا ئەوەیە کە هەمیشەییە ڕاستی دادەنێت لەسەر ئەو (واقیعە) ی (ڕاستییەی) کە هەیە. ئەکرێت پرۆگرامی جێگیرتر دابنرێت، بەڵام له بەرژەوەندی ستەمکاراندا نەبێت». بوونی کۆیلایەتی ڕێگەمان پێنادات کە له دەستدانی ئازادی مرۆڤ بکەین به کاری دامەزراندنی کۆمەڵگەی ڕامیاری به پشت بەستن بەوەی

کە دژی مافی سروشتییە، لەبەرئەوەی بوونی کۆیلایەتی دژی سروشتە.

3-ئەکرێت ئاماژە بکرێت بە وتەی «ماف بۆئەوەی کە بەهێزترە» لە گۆڕان لە باری ئازادییەوە بۆ باری کۆیلایەتی، بەڵام رۆسۆ گومانی لە بوونی ئەم جۆرە مافەدا هەیە، چونکە لە بوونی وتەی «ماف بۆ ئەو کەسەیە کە بەهێزترە». وشەی «ماف» هیچ جۆرە مانایەک نابەخشێت، هەر بۆیە «ماف» لەناودەچێت بە بوونی «هێز».

4-ئەکرێت بوترێت لەمجۆرە حاڵەتانەدا باشتر وایە رێکەوتنێک هەبێت لە پێناو دامەزراندنی دەسەڵاتی شەرعی. کە بەهۆیەوە گۆڕانکاری بکرێت لە باری ئازادییەوە بۆ باری کۆیلایەتی، بەڵام رۆسۆ جارێکی تر رەخنەی لەمجۆرە دەستورە دەگرێت بەو وتەیەی کە دەڵێت «هیچ مرۆڤێک نییە کە دەستبەرداری رێگای ئازادییەکەی بێت بۆئەوەی بە کۆیلایەتی رازیبێت». هەر بۆیە بۆچوونی «کرۆشیۆس» لەم بارەیەدا لە روانگەی تیۆری رۆسۆ راست نییە.

5-جەنگ لە تیۆری رۆسۆدا هۆیەک دروست ناکات بۆ گۆڕان لە باری ئازادییەوە بۆ باری کۆیلایەتی لەگەڵا دامەزراندنی دەسەڵاتی رامیاریدا. هەرچەندە جەنگ دێت بەسەر کۆتایی هاتنی دەوڵەتدا، هیچ مافێک نـاداتت تەنها بە جەنگاوەرەکان نەبێت، هیچ مافێک ناداتت بەوانەی کە نەجەنگاون بۆ ئەوەی بیان گوێزنەوە لە باری ئازادییەوە بۆ باری کۆیلایەتی.13

گرنگی رۆسۆ لە رووی سۆسیۆلۆژیکیەوە ئەوەیە، کە تیۆرییەکی تازە بە مەبەستی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی سیاسی یاسایی پێشنیار دەکات و دەڵێت، حاکمەیەت بە تەواوەتی تایبەت بە خەڵکەو نە دەتوانیرێت بسپێرێتە کەسی تر و نە دەتوانرێت چاوپۆشی لێبکرێت. رۆسۆ لە (پەیمانی کۆمەڵایەتی) داهەموو ئەو مافانەی کە بۆ تاکەکان دەستنیشان دەکرێت، بە شتێکی رەها لە قەڵەمدەداو کەس بۆی نییە دەستان تێوەرداتت، هەروەها هیچ هێزو دەسەڵاتێک ناتوانێت لە سەروی تاک و ئازادییە سروشتییەکەیدا لەنگەر بگرێت. رۆسۆ بەشێوەیەکی تریش بیر لە چاکەکردنی سەرەتایی دەکاتەوەو بە بیروڕای ئەو، مرۆڤ لە بنەڕەتدا، لە کاتێکدا کە لە بارو دۆخی سەرەتایی خۆیدا ژیانی بەسەر ئەبرد، کە رۆسۆ و هاوچەرخەکانی رەنگە لە ژێر کاریگەرێتی ناڕاستەوخۆی دا بە ژیانی بەهەشتیان

دەشوبهاند - باشبووە، پاشان شارستانیەت، ئاکاری پاک و دڵە خاوێنەکەی ناپاککردووە و لە ناوی بردووە، هەڵبەت دەرەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەم تیۆریە، لە کانێدا دەمارگیرەکان بیریان لەوە کردەوە کە بە زەبری چەک و شمشێر، مرۆڤ بەرەو پاکیەکەی بگەڕێننەوە شتێکی ئاشکرا و چاوەڕوانکراوە هەمووانیش دەزانن (ڕۆبسپێر) و (سنت ژوست) لە قوتابیە هەرە چالاکەکانی رۆسۆ بوون.14

**دۆخی سروشتی و سەرچاوەی جیاوازی نێوان مرۆڤەکان**

رۆسۆ بە هەمان شێوەی «تۆماس هۆبز» و «جۆن لۆک» باسی لە چۆنیەتی گواستنەوەی مرۆڤ لە دۆخی سروشتییەوە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی کردووە. ئەو پێیوایە مرۆڤ بەرلەوەی داخڵ بە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو بێت لە حاڵەتێکی سروشتیدا ژیاوە، لەم دۆخەدا هەموو مرۆڤەکان یەکسان بوون و هەرکەسەو پێداویستی خۆی تێرکردووە و ئەوانیش بەو ژیانە ڕازیبوون لەم ڕووەوە «دانتج» دەڵێت «تایبەتمەندی دۆخی سروشتی یەکسانی تەواوی نێوان مرۆڤەکان بوو. لەم دۆخەدا هیچ جۆرە جیاوازیەک لە نێوان یەکێک و یەکێکی تردا نەبوو». 15

مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا، لە ژێر کۆمەڵێک هەست و سۆزی خۆرسک و بەرژەوەندی تایبەتیدا هەڵسوکەوت دەکات کە بەختەوەری و کامەرانی بۆ دەستەبەر دەکەن. لەم قۆناغەدا مرۆڤ لە جەنگەڵەکان و لە نێو ئاژەڵدا دەژیا بە غەریزە درکی بە هەموو ئەو شتانە دەکرد کە بۆ ژیانی پێویست بوون. ئەوەی تەنها ترسی لێی هەبوو ئازار و برسیەتی بوو. لە ژیانیشیدا تەنها خەیاڵی لای خواردن و نووستن و جووتبوون بوو، «تەنها خولیای ئەوەبوو بێوەی بێت و دەروونی ئارام و جەستەشی تەندروست بێت».16

مرۆڤی هاوشێوەی خۆی لێرەو لەوێ تاک و تەرا ژیانیان دەگوزەراند، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵدا نەدەکردن، چونکە نە پێویستیپێیان هەبوو، نە بیری لە ئازاردانیشیان دەکردەوە. لە نێوان ئەم و ئەواندا هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ئەخلاقی یاخود ئەرکی هاوبەش نەبوو. سروشت مرۆڤی سەرەتایی فێری هەموو شتێک کردبوو، هەروەها هەموو ئەو ئامرازانەی بۆ دەستەبەرکردبوو کە بەکاری دەهێنان و پێویستی پێیان بوو. مرۆڤی سەرەتایی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

پێویستی بە دەسنگیرۆیی کەسانی تر نەبوو، ئەو دڕندە خۆپەرستەش نەبوو کە شەڕ لە دژی هەمووان بکاث وەک «تۆماس هۆبز» پێیوابوو «جەنگ و ترس و خۆپەرستی تەنها لە دۆخی کۆمەڵایەتیدا دێنە ئارا، لە ژیانی سادە و خۆرسک و گۆشەگیریدا کە خەسڵەتی دۆخی سروشتین مرۆڤ بەم خەسڵەتانە نامۆ بووە». 17

لە بارەی شارستانیەث و ژیان لە کۆمەڵگادا پێیوایە، کە شارستانیەث ژیانی مرۆڤی لە حاڵەتی سادەو سروشتی (کە سەرەتا وابووە) بردوەتە دەرەوە. تاکەکەسان لە ژێر کاریگەری پەروەردەی هەڵەوە بەرەو ڕێگای هەڵە دەڕۆن، لە ئەنجامی ئەخلاقی مرۆڤ لە ناودەچێث و هەر لەبەر ئەمە مرۆڤ لە پلەو پایەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییەوە دێتە خوارەوە. رۆسۆ دان بەو خاڵەدا دەنێث، کە مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتیدا جیاوازییەکیان هەیە، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکاث کە ئەم جیاوازییە زۆر گرنگ نییە. لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤ خەیاڵی لای دوو شتە: دڵسۆزی سەبارەث بە ئەوانی تر و پاراستنی خۆی. لەبەرئەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا زۆرنین بە ئاسانی پێداویستیەکانی خۆی دابیندەکاث، کەواتە پاراستنی خۆ زۆر ئاسانە. لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی ڕەفتاری ئەو بەستراوەتەوە بە سروشتی سەرەتایی ئەوەوە، بۆیە مەیلی دەستدرێژیکردن و خراپەکاری لەگەڵ ئەوانی تردا لە ناخیدا جێگیر نەبووە. لەگەڵا سەرهەڵدانی شارستانیەتدا، تاکخوازی جێگەی هاوکاری دەگرێتەوە، کرێکار و خاوەنکار سەرهەڵدەدەن، مرۆڤ بە دوای بەرژەوەندییە تاکەکەسیەکانی خۆیدا دەگەڕێث، گونجان زۆر زەحمەث دەبێ، بازنەی جیاوازییەکان گەورە دەبێث، یاسا و بەرپرسانی دەوڵەث دەسث لە پەیوەندی نێوان خەڵک وەردەدەن و .سەرەنجام مرۆڤ وردە وردە لە سروشث دوور دەکەوێتەوە و زیاتر دەکەوێتە ناو گەندەڵکارییەوە. «ڤۆڵتێر» کە دژی ئەم بۆچوونانە بوو ڕەخنەیەکی توندی و تەنانەث گاڵتەجاڕانەشی لە رۆسۆ گرتووە.18

رۆسۆ وردە وردە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە گەڕانەوە بۆ دۆخی سەرەتایی بە کردەوە نەشیاوە و لەو ڕووەوە هەوڵی دەدا بتوانێث ڕیگەگەلێک بۆ تێکەڵکردنی هەردوو دۆخی سەرەتایی و شارستانیەث بدۆزێتەوە بۆئەوەی ئازادی سەرەتایی بێتە کایەوە و لە هەمانکاتدا مرۆڤ سود لە دەستکەوتەکانی شارستانیەتیش وەرگرێث.

تیۆرەکانی رۆسۆ لایەنی دەروونیان هەیە. ئەو چارەنووس و ڕەچەڵەکی مرۆڤ بە پاک و بێگەرد دادەنا کە بە هۆی شێوازی پەروەردەی هەڵەوە پاکی و سیفەتی سەرەتایی خۆی لە دەستداوە. ئەو لە کتێبی (ئەمیل) دا شێوازی پەروەردەی خۆی لەسەر بنەمای ئازادیی فیکر، ڕێزگرتن و گەورەیی پلەو پایەی مرۆڤ دارِشتووە. رۆسۆ دەیگوت دەبێ واز لە منداڵ بێنین بۆئەوەی سیفەتە ئیجابی و باڵاکانی تیادا دەربکەون، هەروەها هەوڵی دەدا مرۆڤ بگەڕێنەوە بۆ دۆخی سروشتییان سەرەتایی خۆی بۆئەوەی بتوانێت بە بەختەوەری ڕاستەقینەبگات. بۆ ئەم مەبەستە دوو ڕێگەی دۆزیوەتەوە: ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگا لە ڕێی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە، و پەروەردە و فێرکردن.19

بێرنیە لەساڵی1789 دەڵێت /لە کۆتاییدا «ڕۆسۆ تەنها دیموکراسی قبوڵکرد» لاوازی هەرە بنەڕەتی «پەیمانی کۆمەڵایەتی» ئەوەیە کە حکومڕانی دەئاخنێتە نێو جەوهەری ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە جۆرێکە تەنانەت ئەگەر حکومەتی پادشایەتی فەرمانڕەوابێت دیسانەوە کۆمەڵگا فەرمانڕەوای ڕەهایە، لە ئەنجامدا پادشا تەنها ئەرکی جێبەجێکردنی ئیرادەی گەلە، ئەمەش بۆخۆی ڕەتکردنەوەی سیستمی پادشایەک و ئەشراف و قبوڵکردن و بە ڕەسمی ناسینی سیستمی دیموکراسیە. بەم شێوەیە ڕۆسۆ سەرجەم ئەو پێناسانە ڕەتدەکاتەوە کە لە کتێبی پیرۆزی بەرهەمە فەلسەفیەکاندا، سەبارەت بە پایە بڵندی پادشاکان لە سیستمی پادشایەتی و پایەبڵندیی سەرکردە ئەشرافیەکان لە سیستمی ئەشرافیدا جەختی لەسەر دەکردەوە.20

رۆسۆ وایبۆدەچێ کە مروڤ نە بەخێرو نە بە شەڕانگیزی دێت و یەکسانی لەناو خەلک نەما بەدەرکەوتنی کشتوکال وپیشەسازی وخاوەن موڵکایەتی وياساکانیش دانراون بۆ جیگیرکردنی هێزی زاڵم بەسەرلاوازەکاندا و خەلکیش ئەتوانین هەندی شت بەدەست بهێنین لە ئـازادی شارستانی بە هاتنە ناو گرێبەستەکانی کۆمەڵایەتی بە تەواوی و بۆ کەس نییە لێیدابەزێت (بێتەخوارەوە) و وازبهێنێ .ڕۆسۆ باوەڕی وایەکە هۆبزهەڵەی کردوە لە وتەیەکدا باری سروشتی جیائەکرێتەوە بە تەماعکاری و گەورەیی ئەم دوو سۆزداریانە دروست نابن جگە لە باری کۆبونەوەدا . مرۆڤ یەکگرتو تەواوە و بەختیارە چونکە پێویستیەکانی

کەمن . 21

ئەم پرسیارانە دێن لە بارەی چۆنیەتی دەرچونی مرۆف لەم بارەدا ؟ مرۆڤ لێی هاتوەتە دەرەوە بە رێککەوتنێک بەوەی کە خراوەتە بەردەمی و هۆکانی سروشتی وەک راکێشان و بردن و سەرما و گرتن ناچاری کردوە بۆ یارمەتی دان لەگەڵ ئەوانی تردا لە ڕۆڵەکانی جۆری خۆی . یارمەتیدانی. کاتی نیازەکەش ڕاوکردنی ئاژەڵەکان بووە دوای ئەوە لافاوەکان و بومەلەرزەکان ناچاریکردون بۆ کۆبونەوە بە شێوەی بەردەوام داهێناوەو وەداهێنانی زمان و ڕەوشت بوو .

## ئەقڵ وەک دەزگایەکی بکوژی دۆخی سروشتی

بیرو بۆچونە ئەقڵانییەکانی رۆسۆ نەبوایە زۆر زەحمەت بوو پەیمانی کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ بیر لە دۆخی سروشتی بکاتەوە

بەم شێوەیە رۆسۆ شۆڕشێکی گەورەی لە گۆڕەپانی سیاسەت و کۆمەڵ و پەروەردەو ئەدەب و هونەردا هەڵگیرساند، کەتاوەکو ئەمڕۆش گڕوتینی هەرماوە، رۆسۆ یەکەم کەس بوو کە دەنگی کپکراوی هەژارو ڕەش و ڕووتی گەیاندە باڵەخانەو کۆشکی فەرمانڕەوایان و بە توندی لە دەرگایانی دا و ناڕەزایی گەل و نەتەوەی پێیڕاگەیاندن. «رۆسۆ» یەکەم کەس بوو کە داوای مافی سیاسی مرۆڤی ئاسایی سەر شەقام و کۆڵانەکانی کرد. دەنگی رۆسۆ نووسراوەکانی بوو کە بوونە داینەمۆی شۆڕشی فەرەنسی بەتایبەتی و شۆڕشی گەلانی زوڵملێکراو بەگشتی، هەر لەبەر ئەو گرنگیەش بوو کە ناپلیۆن گوتبووی: (ئەگەر ڕۆسۆ نەبوایە شۆڕشی فەڕەنسی هەڵنەدەگیرسا) .22

مرۆڤ و فراوان بوونی پێویستیەکانی وایلێکرد بەرەو شارستانیەت بڕوات و بە یاساکان خاوەن موڵکایەتی جێگیر بکات و جیاوازی لە ناو خەڵک دا پەیدا ببێت بەم جۆرە مرۆڤ چاک لە بگۆرێ بۆمرۆڤی بوو بە شەڕانگێزانە بە کۆبونەوە خۆبەختکردنی پێویستی دا و بە ناڕەحەت و نەتوانرا و قورس و گەڕانەوە بۆ باری سروشتی .

هەموو ئـەوەی بتوانین دروستیبکەین ئەوەیە کە بە چاککردنەوەی

خراپکردنەکە بە دانانی حکومەتی گونجاو دەست بگری بەسەر پەروەردەکردنی هاووڵاتیاندا، لە ڕووی یەکەمەوە باسەکە ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی لێدانی یەکبوون کە بەهێزی کۆمەڵگا دەپارێزرێ، تاکێک هەموو ئەندامێک و مافەکانی و ڕێگا بدرێ بە هەموی ئەوەیە یەکبوون بە تەواوی بەو جۆرەی ژێر دەستی خۆی زیاتر هی هیچ کەس نەبێ و ئازادی بۆ بمێنێتەوە کە خۆی لە پێشەوە هەیبووە، خاوەن داریەتی زەوی مسۆگەر نەبووە، بەوەی کە بەس و تەواوبێ چار نییەو هەر ئەبێت هۆکاری نوێ ببێ بۆ پاراستنی . دەوڵەمەندەکان چوونە پاڵ ئەوەی کە زیان و فێڵ لە هەژارەکان بکەن، هەروەک ڕۆسۆ ئەڵێ داهێنەریان داهێنا، زیرەکترى پلان کاتی بە هەژارەکانیان ئەوت یەک گرن بۆ ئەوەی هەژارەکان بپارێزرێن لە زوڵم و ئەشکەنجە و یاسای دادوەری و ئاشتی دابنێین لە باتی ئەوەی هێزەکانمان نەمێنی لە کوشتارخۆمان یەکخەین لە دەسەڵاتی باڵا بە گوێرەی یاسادانانی عاقلانە . بەم جۆرە سەرکردەی دامەزراندنی خاوەن موڵکیەتی زەوی مرۆڤ دامەزراو بوو بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی .23

**سیاسەت کەرەستەی بونیادنانی کۆمەڵگەی عەقڵانی**

لەبەرئەوەیە کە رۆسۆ سیاسەت بە ئامرازێک بە ئەژماردەهێنێت بۆ چارەسەر کردنی ئاریشەی مرۆڤ و سیاسەت ڕێگا چارەی گرفتی مرۆڤە. گرفتی سەرەکی کۆمەڵگا نایەکسانی کۆمەڵایەتییە. دەبێت لە ڕێگای سیاسەتەوە ئاڵوگۆڕ بەسەر کۆمەڵگادا بهێنرێت، هەتا ئەرکی مۆراڵی سەرکەوتنی خێر (چاکە) بەسەر شەڕ (بەدکاری) بە ئەنجامبگات.

رۆسۆ نەک تەنیا بەو شێوەیە جەخت لەسەر یەکبوونی مۆڕاڵ و سیاسەت دەکات، بەڵکو سیاسەت لە پێشەوەی مۆراڵ دادەنێت و دەیەوێت سیاسەت لەسەر بنەمای مۆراڵ بونیاد بنێت، بەو شێوەیە رۆسۆ لەو بارەیەوە نەک تەنیا بەلایەنێکی دیکە جەخت لەسەر بۆچوونی «لۆک» دەکاتەوە، بەڵکو بە هەمان شێوە ئەو بۆچوونە ڕاستدەکاتەوە .24

بەو شێوەیە رۆسۆ مـۆڕاڵ وەک شتێکی خۆی لە خۆیدا و لەپێش سیاسەت و سەربەخۆ لە ئەو لە چوارچێوەی ژیانی دەروونی ئەو ڕەتدەکاتەوەو لە

کۆمەڵگەی مەدەنی و شاردا بە دوای پێوەر و ڕادەی ژیانی مۆڕاڵیدا دەگەڕێت. رۆسۆ جارێکی دیکەش بۆ سەر چەمکی هاووڵاتی و دەوڵەت بەو شێوەیەی کە ئایدیای فەیلەسوفە کلاسیکیەکانی یۆنان بوو.

پاشان بوو بە نمونەیەک بۆ تیۆری «هیگڵ» گەڕایەوە. لە پێشەوە بوونی فەزیلەتی سیاسی بەسەر فەزیلەتە مۆراڵیەکاندا کە «ماکیاڤیلی» خستبووە ڕوو، دوای تێپەڕ کردنی قۆناغگەلێک لە تیۆری رۆسۆدا، بنەمایەکی لۆژیکی تۆکمەی پەیداکرد. بەسەرنجدان بەوەی کە چەندەها سەدە مەسیحیەت ئیدعای بەرزترین مەعنەویاتی لە کاتی خۆیدا دەکرد، ئەو لە پێشەوە بوونەی کە رۆسۆ بۆ سیاسەت قایل بوو، دەرخەری ئاڵوگۆرییەکی قووڵە لە گشت تێڕوانینەکانی ژیاندا. ئەو بیرۆکەیە نەک تەنیا تێگەیشتنی مەسیحی لە کەوتن و یەکەمین گوناح و تاوان بێبایەخیکرد.بەڵکو بونیادی مەسیحیەتی نەریتی (عرف) قوتابخانەی حقوقی سروشتی داڕماند. 25

بە بۆچوونی رۆسۆ هەڵەی «هۆبز» ئەوە بوو کە وایدەزانی مرۆڤ لە پێش کۆمەڵایەتی بوونی و لە پێش کۆمەڵگای ئیستا دا، عەقڵانییە و دەتوانێت پەیمان دابنێت و پەیمان ببەستێت. مرۆڤ لە پڕۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵگادایە کە بە گەشەکردنی هزری و زهنی دەگات. زهنی مرۆڤ بە پێی گونجاو لەگەڵ شێوازەکانی دابینکردنی، پێویستە بنەڕەتییەکانی گەشە دەکات. پێشکەوتنی زهنی کردەوەیەکی زەروورییە بەرئەوەی کە هەلومەرجی دابینکردنی پێویستیەکانی مرۆڤ ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و دەگۆڕێت. 26

مرۆڤ ناچارە بە داهێنان، ڕووداوەکانی ژیان ئەو ناچار بە تێگەیشتن و ناسیندەکات. ئەو گۆڕانکاری یانەیە کە ئەو لە بارودۆخی سروشتی بۆلای بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەبات. پێشکەوتنی مەدەنییەت سات بە سات خەسڵەت و خووخدە بان مرۆڤایەتییەکانی مرۆڤی سروشتی لەو دەتەکێنێت و جیا دەکاتەوە. ئەوانە ئەنجامی زەرووری وەرگرتنی ئەزمونە. لە کۆمەڵگادا عەقڵی ناکامڵ (گەشەنەکردوو) بەرەو کامڵبوون دەڕوات و لەسەر ئەو بنەمایەیە، کە دواجار مرۆڤ دەتوانێت حقوقی گشتی لەسەر بناغەیەک پنەو دەکات.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## عەقل و کۆمەڵگە

ئەگەر چی ئارەزووی پارێزگاریکردن لە خوود لە ستوونەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بوونی هەیە بەڵام لەوەی کە پاشان کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت بۆلای ئەو بچێت، عەقڵ شوێنێکی گرنگی هەیە. ئەو عەقڵەی بە پێچەوانەی عەقڵ لە ڕێچکەی قوتابخانەی سودگەرایی و تیۆری «هۆبز» دا عەقڵی ئامێری نییە. هەروەک کە گوترا رۆسۆ سەرەڕای ئارەزووی پاریزگاریکردن لە خود، هەستی هاودەردیش لە نێوان وارسکەی مرۆڤدا بەخاوەنی ڕۆڵا و شوێنگەی تایبەتی بە ئەژمار دەهێنێت. لەهەر شوێنێک کە لە نێوان هەستی هاودەردی و ئارەزووی پارێزگاریکردن لە خود ناکۆکییەک هەبێت، دەبێت هەستێکی دیکە وەک ناوبژێوکار هەبێت. ئەو ناوبژێوکارە هەمان ویژدانە، بەڵام ویژدان تەنیا هەستێکی کوێرە و پێویستی بە ڕێنوێنیکار هەیە. ئەو ڕێنوێنیکارەش عەقڵە. عەقل ڕێگا بە مرۆڤ نیشاندەدات و پاڵنەری ویژدانی ئەوە. عەقل نەک تەنیا وارسکەی مرۆڤ هاوئاهەنگ دەکات، بەڵکو گەشە بەوان دەکات، بەڵام بۆ وەها کردەیەک پێویستی بە کۆمەڵگاو فەرمانگەیەک هەیە. لە کۆمەڵگادایە کە سەربەخۆیی لە بارودۆخی سروشتیدا (بەو جۆرەی کە ڕوونکرایەوە) دەبێت بە ئازادی واقعی، مرۆڤ لە کۆمەڵگادا شتەگەلێک بەدەستدەهێنێت کە سەربەخۆیی لە بارودۆخی سروشتیدا ناتوانێت ئەوشتانە بەو بدات. گرنگترین لە هەموویان ئەوەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا ماف گەلێک بەدەستدەهێنێت کە بەهێزێکی گەورەتر لە هێزی خۆی، واتە هێزی کۆی دەستە جەمعی پارێزگاری لێدەکرێت.

رۆسۆ گریمانە دەکات کە مرۆڤ بە بیرکردنەوە و بەکەڵک وەرگرتن لە هزر، دەتوانێت دەوڵەتێک کە لەگەڵ عەقڵی خۆی گونجاو بێت دروستبکات، ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەیە کە جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێستا هەیە، کۆمەڵگایەکە کە لەودا نایەکسانی مرۆڤەکان فاسید ناکات بۆ پێکهێنانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ یەکسانبوون لەوێدا لە هیچ هەوڵێک چاوپۆشی ناکرێت. دەبێت بە ئاگایی و بەرنامەوە کۆمەڵگای عادیلانە دروست بکرێت. بە فێرکردن و پەروەردە دەتوانرێت یارمەتی گەشەکردنی فەزیلەت لە مرۆڤدا بدرێت.27

دەتوانرێت مرۆڤ بکرێتە مرۆڤێکی مۆراڵی و خودئاینی. لە کتێبی (ئێمیل) دا باس لە جۆرێک پەروەردە کراوە کە دەتونرێت بە یارمەتی وەرگرتن لەو، بۆ منداڵ ژینگەیەکی گونجاو پێکبهێنرێت هەتا لە فەسادێکی کە کۆمەڵگا بەسەر ئەودا دەیسەپێنێت پارێزراوبێت و لەلایەنی عەقل و پابەند بوون بە پرنسیپە مۆڕاڵییەکان وەها بە هێزبێت کە بتوانێت لە بەرامبەر فەساددا خۆڕاگربێت. بەو شێوەیە دەتوانرێت کۆمەڵگایەکی عەقڵانی بە پشت بەستن بە ئاگایی دروست بکرێت. بەو حاڵەش پشت بەستن بە عەقڵ بەشێوەیەک کە لە بیرۆکەی پێش مۆدێرندا خرابوویە ڕوو و ئەفلاتوون دەریبڕیبوو، جیاوازە. ئەفلاتوون دەیگوت مەعریفە فەزیلەتە، هەروەها عەقڵ دەتوانێت، نەک تەنیا ڕاست و چەوت لە یەکتری جیابکاتەوە، هەروەها دەتوانێت کۆنترۆڵی نەفسیش بکات، بەڵام رۆسۆ هەروەک «هۆبز»، لەسەر ئەو باوەڕەبوو کە عەقڵ بە تەنیایی ناتوانێت مرۆڤ ڕێنوێنی بکات. عەقڵ دەتوانێت ویست و داخوازییەکان لەگەڵ یەکتری بەراورد بکات و ئەوان هەڵسەنگێنێت. عەقڵ دەتوانێت لە ئەوە تێبگات، کە کام لە حەزەکان تێر نابن، یان لەگەڵ هەوەسەکانی دیکە ناکۆکە. عەقڵ دەتوانێت عەدالەت دیارییکات، بەڵام ناتوانێت بە تەنیایی داواییکات.

رۆسۆ لەگەڵ لایەنگرانی سودگەرایی لەو لایەنەوە جیاوازی هەبوو کە داواکاری و حەزەکانی بوونەوەری ژیر، بەهۆی ژێربوونەکەی خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە. مرۆڤ بەهۆی بوونی عەقڵەوە بوونەوەرێکی خود ئاگایە، هەربۆیە بەختەوەرییەکەی تەنیا پشت بەوە نابەستێت کە زنجیرەی حەزەکانی یەک بەدوای یەکدا تێر بکات، بەڵکو هەروەها پشت بە هەستەکانی دەبەستێت لەبارەی خۆی و ئەوانی دیکەدا. مرۆڤ پێویستی بە ئەوە هەیە، کە هەست بکات لە جیهانێکدا دەژیت کە خۆی ڕێکی خستووە. لێرەدا ئەو لە (هیووم) دووردەکەوێتەوە، لە حاڵێکدا کە مەودای خۆی لەگەڵ «ئەفلاتوون» کە خوازاری کۆمەڵگایەک بوو کە لەودا خاوەن عەقڵەکان بەسەر خەڵکانی دیکە دا حکوم بکەن، چونکە بە پێچەوانەی ئەفلاتوون زۆر باوەڕی بە یەکسانی و ئازادی هەبوو. ئەو حکومەتەی کە لە بیرۆکەی ئەودا هەبوو (وەک دەوڵەتی ئەفلاتوون) ئەگەرچی ڕاهێنەرێک بوو , بەڵام ئەو ڕاهێنەرە وەک ڕاهێنەری (ئیمیل) بوو کە سەرەنجی بە پلەی

یەکەم پێویست بوو بە خود گەشەکردنی قوتابی.28

رۆسۆ گریمانە دەکات کە مرۆڤ بە بیرکردنەوەو بە کەڵک وەرگرتن لە عەقڵ دەتوانێت، دەوڵەتێکی عەقڵانی دروست بکات، دەوڵەتێک لەسەر بنەمای عەقڵ و ئازادی. دەوڵەتێک کە لەودا، مرۆڤ هەروەک بارودۆخی سروشتی خاوەنی سەربەخۆیی و خودئاینی خۆیەت، بەڵام گرفتی تیۆری رۆسۆ ئەوەیە کە عەقڵانیەت لە تیۆری ئەودا هێشتا لە نێوان عەقڵانیەتی تاکی و عەقڵانیەتی نێوان زیهنەکانی هەڵپەسێردراوە، هەر بەو شێوەیەی کە تیۆری دەوڵەتی ئەو لە نێوان بارودۆخی ئامرازی «پەیمانی کۆمەڵایەتی» و ئۆرگانیکیدا (ئیرادەی گشتی) وێڵە.

بەو پێیە گەشەکردنی تیۆری دەوڵەتی ئۆرگانیک، دەسەڵاتدارێتی ئیرادەی گشتی، عەقڵانیەتی نێوان زهنی و دەوڵەتی و عەقڵانی کەوتە ئەستۆی قوتابیانی و گرنگتر لە هەموویان «هیگڵ». رۆسۆ بە بردنی ڕەگەزی مێژوو لە تەنیشت لێکدانەوەی عەقڵانی، ڕێگای بۆ «هیگڵ» خۆشکرد.29

## بیری پەیمانی کۆمەڵایەتی لە کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا

ڕۆسۆ لە نووسینی «کۆنترا سۆسیال» (پەیمانی کۆمەڵایەتی)دا دەیەوێ چارەسەری کێشەی نایەکسانی لەنێوان مرۆڤدا بکات، بەڵام لێرەدا «لەسەر ڕێگەی ئەبستراکسیۆنو گشتیدان دەڕوات و هەوڵدەدات بە پرنسیپەکانی هەر لەشێکی سیاسی بگات»، واتا دەیەوێ بەو هەڵوێستە بگات، کە بەڕێیەوە «گەلێک ناوی گەل وەردەگرێ«

ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەی ڕۆسۆ پێشنیاریدەکات، دەبێ کۆتایی بە پەیمانە ساختەکەی دەوڵەمەندەکان بهێنێ. ئەمان بە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی خەڵکانیان فریوداو لێرەشەوە ئازادییەکان لێزەوتکردن. ئەمەیە کێشە سەرەکییەکەی ڕۆسۆ: ئازادی کە ئەو وەک جەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤ دەبینێ، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتیی دەوڵەمەندەکان لەتەک جەوهەری مرۆڤدا، کە ئازادییە، ناگونجێ، ئەوا بناغەی ئەو پەیمانە «ماف» نییە، بەڵگەی ئەمەیش ئەوەیە، کە هیچ کەسێک ناتوانێ بەپێی ماف هەتا سەر دەسەڵاتدار بێ.

ئەو دەسەڵاتدارەی دەیەوێ ئەم ئامانجەی بەدیبهێنێ، دەبێ دەسەڵاتەکەی

بۆ ماف وەربـگـۆڕێو هۆشرایەڵی وەک فرمانی گەل بسەپێنێ، کەواتە لە ڕێکخراوێکی ئەم چەشنەدا هیچی دی جگە لە «مافی بەهێزتر» خۆی نانوێنێ، دەسەڵاتدار دەسەڵاتەکەی لە پلەیەکی نزمەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر سەردەخات. ڕۆسۆ لێرەدا مەبەستێکی دوولایەنی هەیە: دەیەوێ لەلایەک «بێمافی»ی کۆمەڵگای سەردەم نیشانبدات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەیەوێ ڕوونیبکاتەوە، کە مرۆڤ لە سروشتەوە ناویستییەکی بۆ دەسەڵاتنواندن بەسەر هاوجۆرەکەیدا هەیە، بۆیە لەڕوانگەی ڕۆسۆوە تەنها پەیمان وەک بناغەی هەموو دەسەڵاتدارییەکی لێگیتم دەمێنێتەوە.

ڕۆسۆ لە سەرەتای پەیمانی کۆمەڵایەتیدا مەبەستەکەی ڕووندەکاتەوە: «دەمەوێ لەوە بکۆڵمەوە، کە ئاخۆ دەستورێکی لێگیتیمو گونجاو بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەبێ«، بێگومان گەر لێرەدا» مرۆڤ لەنێو بوونی خۆیدا وەربگرین»، هەروەها گەر یاساکانیش بە جەشنێک وەربگیرێن، «وەک چۆن ئەوان گەرەکە ئاوها بن».

کەواتە مەبەستی ڕۆسۆ هیچاندنی دەسەڵاتی ئامادەو جێگرتنەوەی بە دەسەڵاتدارییەکی نوێ نییە، وەک چۆن بۆ نموونە مارکسیزم لە مێژوویەکی درەنگتردا هەوڵی بۆ دەدات. کاتێک ڕۆسۆ دەڵێ، «مرۆڤ بە ئـازادی دێتە جیهانەوە، بەڵام لە هەموو جێیەک لە کۆتو زنجیردایە»، ئەوا لێرەدا دروشمێکی شۆڕشگێڕی ڕاناگەیەنێ. ئەم ڕستە بەناوبانگەی ئەو تەنها «برینییە لە گەڕان بەدووی سنراکتۆرێکی سیاسیدا»، ئەمەش بە مەبەستێکەوە: «دەسەڵاتداری بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، هەروەها بۆ مەبەستێک ڕێکبخات»،دووبەشبوونی مرۆڤ بەسەر بوونو ڕواڵەتدا مرۆڤ وەک سەرجەم دەگرێتەوە، واتا هاوکات سەروەرو کۆیلە بەبێ جیاوازی، چونکە گەر مرۆڤ تەنانەت خاوەنی دەسەڵاتو هێزیش بێ بەسەر مرۆڤە بە کۆیلەکردووەکانیدا، هێشتا هەر لە ئەوان کۆیلەتر دەبێ، کەواتە کۆیلەتی هەمووان دەگرێتەوەو تەنها بە هەڵگێڕانەوەیەکی شۆڕشگێڕی لەناو نابرێ.

بەڵام مرۆڤ لەم هەنگاوەیدا بۆ دەسەڵاتدارییەکی لێگیتیم گۆڕان بەهێزی نوێ نادات، بەڵکو تەنها هێزەکانی ئامادە یەک دەخاتو بەرەو پێشیاندەبات. کۆی ئەو هێزانە واتای پێکەوە چالاکبوونی کەسانێکی زۆر دەبەخشێ، کە ئامانجیان

هێشتنەوەی هێزەکانو ئازادیی هەر ئیندیڤیدێکی هاوچالاکە، کەواتە نابێ ئەم یەکخستنەی هێزەکانی ئامادە زیان بە ئازادیی تاک بگەیەنێ.

ئیدی ڕۆسۆ بەم شێوەیە ڕون دەکاتەوە: «دەبێ فۆڕمێکی کۆمەڵایەتی بدۆزرێتەوە، کە بە سەرجەم هێزی کۆیی ئەندامەکانی بەرگری لە کەسو موڵکی هەر ئەندامێک بکاتو بپارێزێ، کە لە نێویدا هەر تاکێک، کاتێک لە تەک هەمووان‌دا یەکیگرتووە، تەنها هۆشرایەڵی خۆی بێو هەر ئاوا ئازاد وەک پێشووی بمێنێتەوە» بەڵام ئەم کێشەیە جارێ پێویستی بە چارەسەر هەیە. مەرجی گەیشتن بەم پەیمانە بریتییە لە «یەکگرتنەوەی تۆتالی خۆی» هەر ئەندامێک لەتەک کۆمەڵگادا، ئەمەیش سەرجەم ئەندامانی یەکگرتوو بەبێ جیاوازی دەگرێتەوە. هیچ ئەندامێک بۆی نییە بیانوو بگرێ. گەر کەمترین گۆڕان لەم مەرجەدا بۆ خاتری هەر ئەندامێکی بیانووگرتوو بکرێ، ئەوا پەیمانی کۆمەڵایەتی هەڵوەشێتەوە، چونکە گەر ئەو ئەندامە هێشتا خاوەنی کەمێک لە مافە خۆییە سەرەتاییەکانی بوو، ئەوا لە زۆر حاڵەتدا دەبێ بە دادگەری خۆیو لێرەشەوە دۆخی سروشت درێژە دەکێشێ، بەڵام ئەگەر هەر یەکێک خۆی بە هەمووان ببەخشێ، ئەوسا خۆی بە هیچ کەس نابەخشێ.

ڕۆسۆ ئیدیی دەوڵەت لەم فۆرمەڵەدا کۆدەکاتەوە: «هەر یەکە لە ئێمە کەسی خۆیو سەرجەم هێزی بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتییانە دەخاتە ژێر ڕکێفی بەرزترین پایەگای ڤۆلۆنتێ ژێنێراڵەوە، ئەوسا ئێمە هەر ئەندامێک وەک کەرتێکی جیانەکراوەی سەرجەم وەردەگرین». سەرەنجامی ئەم هەڵوێستە بریتییە لە دروستبوونی لەشێکی سیاسی، واتا «کەسە دەوڵەت»، کە ڕۆسۆ وەک لەشێکی زیندو و ئۆرگانی دەیبینێو بە لەشی مرۆڤ دەیچوێنێ. دەسەڵاتی «سۆڤەرین» سەری ئەو لەشە پێکدەهێنێ، ئەندامەکانیشی ئەندامی لەشن. پرنسیپی هەردووکیان، چ هینی کەسەدەوڵەتو چ هینی لەشی مرۆڤ منێکە، کە سەرجەم دەگرێتەوەو بریتییە لە هەستداریو پەیوەندیی نێوخۆی کەرتەکان. ئاشکرایی هەر شێوەیەکی گۆڕان لەو پرنسیپەدا بکرێ، هەردووکیان دەگرێتەوە: گەر پەیوەندییەکە تەنها پاڵیەکییەکی شوێنی بێ، ئەوسا مرۆڤەکە دەمرێو دەوڵەتیش هەڵدەوەشێتەوە.

ڕۆسۆ ناوی جیاوازی بۆ ئەم لەشە سیاسییە هەیە: «سەردەمی زوو



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ناوی پۆلیس بوو، ئەمڕۆ ناوی کۆمار یان کەسە دەوڵەتە. گەر پاسیڤ بوو، ئەوا ئەندامەکانی ناوی دەنێن دەوڵەت، گەر ئەکتیڤ بوو، ناوی دەنێن سۆڤەرێن، ئەو لە پەیوەندیی بە هاوجۆرەکەیەوە ناوی دەسەڵاتە، ئەندامەکانیشی لەنێو کۆمەڵدا ناویان گەلە. ئەگەر لە سۆڤەرێنێیی دەوڵەتدا بەشداریانکرد، ئەوسا ناو دەنرێن سیتۆیا، بەڵام گەر لەژێر ڕکێفی یاساکاندا بوون، ناویان ژێردەستەیە». ئێمە سەرەڕای ئێگەیشتانە هەمیشە یەک ئێگەیشتمان لەبەردەمدایە.30

ڕۆژێ لە ڕۆژان وادادەنێین کە خەڵکان گەیشتونەتە قۆناغی سروشتی بۆ حاڵەتێکی نوێ تەگەرەکان تیایدا بەرەو گۆڕان دەچن، بەبێ ئەوەی بتوانرێ لە حاڵەتی سروشتیدا بمێنێنەوە، لەبەرئەوەی کە خەڵکان ناتوانن هێزێکی نوێ دروستکەن، بەڵکو ئەو ئاراستە هێزەی کە هەشیانە خستیانە سەری بۆئەوەی بەسەر بەربەستەکاندا زاڵ بن، کە دەبنە تەگەرە بۆ بژێویان، بەناچاری کۆبوونەوە و یەکیان گرت، بەڵام چۆن مرۆڤ واز لە توانا و ئازادی خۆی دەهێنێ. کە ئەو دوو چەکە کەرەستەی مانەوەیان، بێ ئەوەی بایەخدان بەخۆی وەلابنێ؟ من ئەم کێشەیە بەم شێوەیە دادەنێم، دۆزینەوەی شێوەیەکی هاوبەشی هەموو هێزە هاوبەشەکان دەپارێزێ؟ ولە خۆگری هەر ئەندامێکە، هەر ئەندامێک بۆی هەیە بچێتە ناو ئەو هاوبەشییەوە و لە هەمانکاتدا دەچێتە نێو ئەندامەکانەوە تا ئەو کاتەی هەموو دەبنە یەک، هەر بۆیە ئەو تەنها ملکەچی ئیرادەی خۆی دەبێت و وەک پێشوتریش بە ئازادی دەمێنێتەوە، ئەمەیە ئەو کێشە سەرەکییەی کە پەیمانی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات چارەسەری بکات، مەرجەکانی ئەم پەیمانە کە سروشتی (چەک - الصک) دیاریدەکات بەشێوەیەک کە کەمترین گۆڕین کە بەسەریدا دێ پوچەڵیدەکاتەوەو کاریپێناکرێ، کەواتە ئەم مەرجانە کۆی هەمووە لە هەموو شوێنێکدا و لە هەمووەوە وەرگیراوە، هەتا ئەگەری ئەوەی نەبێت کە گرێبەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە ئەوکاتە هەموو تاکێک ماف و ئازادی سروشتی خۆی دەگەڕێنێتەوە، ئەم مەرجانە خۆیان لەمەدا دەبیننەوە، بەپێی ئەم مەرجە ئەویش: هەموو کەسێک واز لە هەموو مافەکانی خۆی بهێنێت، بۆ هەموو دەستە کۆمەڵایەتیەکان، بەم شێوەیەش هەموو ڕەوشەکان یەکسان دەبن لە نێوان تاکەکانی ئەم دەستەیە پەیمانی کۆمەڵایەتی خۆی لەمەدا دەبینێتەوە (هەموو

ئاکێک لە ئاکەکانی کۆمەڵگایەک هەموو هێز و توانای خۆی وخۆشەویستی خۆی دەخاتە ژێر هەڵسوکەوتی ئیرادە گشتی باڵا بەمەش بەشێک دەبێ کە لە کۆمەڵێکی یەکگرتوو جیانابێتەوە) بەو شێوەیە ئاکەکانی ئەو دەستەیە لە ڕووی مەعنەوی و کۆمەڵایەتیەوە دەنگیان یەکسانە، ئەم دەستەیە یەکێتی ژنان و ئیرادە و ناوی خۆی لە بڕیاردانی ئاکەکانیدا وەردەگرێ گەر ئەو ناوە مەملەکەتی بێت، یان کۆماری جمهوری یەکگرتوو، یان شتێکی تر لەو بابەتانە بێت. 31

## پەیمانی کۆمەڵایتی لە کتێبی ئەمیلدا

ڕۆسۆ لە کتێبی ئەمیلدا دەیەوێت پیشانی بدات کە چۆن دەتوانرێت لە کۆمەڵگایەکی گەندەڵدا، مرۆڤی تەندروست پـەروەردە بکرێت، بەڵام لە کتێبی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا باس لە کۆمەڵگای عەقڵانی دەکـاتو دەڵێت پێویستە بونیادبنرێت تاوەکو مرۆڤ تیایدا بەخود ڕێساییو ئازادی بگات. ئەو خودڕێساییەی کە لەبارەی سروشتیدا هەیبووەو باری شارستانیو کۆمەڵایەتی ئەوی لێبێبەشکردووە. گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەسفی کۆمەڵگایەک دەکات، کە دەبێت پێیبگەین، بەواتایەکی تر کۆمەڵگایەکی ئایدیالییە کە لە ئایندەدا دروستدەبێت.

ڕۆسۆ ڕوونیدەکاتەوە کە پێویستە ئەم کۆمەڵگایە چۆن بێت، بەڵام ڕوونی ناکاتەوە کە پێویستە چۆن دەست پێبکرێت بۆ هەنگاونان بەرەو ئەو کۆمەڵگایە. لە (وتاری پەیدابوونی زانستو هونەرەکان)و لە (وتاری نایەکسانی) خۆی دەخاتە ڕوو و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بنەمای هەموو ئەم زیانانە بریتییە لە نایەکسانی کە دروستکەری ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مرۆییەو لەوانە مۆڵکداری تایبەتی، هەروەها لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا ڕوونیدەکاتەوە کە کۆمەڵگای دروست (کە لەم زیانانە بەدوورە) چۆن کۆمەڵگایەکە. بەڵام ڕوونیناکاتەوە کە پێویستە چۆن لەم کۆمەڵگایەوە بەرەو ئەو کۆمەڵگایە بڕۆین. (تێپەڕبوون لەو کۆمەڵگا گەندەڵەی کە هەیە بەرەو کۆمەڵگای ئایدیاڵی ڕۆسۆ بۆ خۆی شۆڕشێکی گەورەیە کە ڕۆسۆ باسی لێوە ناکات). هەندێ جار گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینی ڕۆسۆدا گرێبەستێک نییە کە مرۆڤەکان لەگەڵ دەسەڵاتداراندا دەیبەستنو کەس یاخود چەند کەسێکی پێدیاریدەکەن بۆ دەسەڵاتداری خۆیان. وەها گرێبەستێک

به گشتی جیاوازه لەگەڵ تێڕوانینەکەی رۆسۆدا. چونکه به بۆچوونی رۆسۆ وەها گرێبەستێک بەو واتایه که مرۆڤەکان پلەو پایەیەک دەدەنه دەسەڵاتداران که نابێت بدرێو کارێک دەکەن که نابێت بیکەن، چونکه ئەم کاره بەو واتایەیه که خۆیان بکەنه کوێلەی کەسانێکی تر، وەها گرێبەستێک پێچەوانەی ئەو مەبەستەیه که مرۆڤەکان له پێناویدا کۆبوونەتەوەو کۆمەڵگایەکیان دروستکردووه. مرۆڤەکانی بۆ کرانەوەو گەشانەوەی سروشتی خۆیان کۆبوونەتەوه وەها گرێبەستێک (هاوشێوەی ئەو گرێبەستەی که هۆبز و لۆک باسی دەکەن) بەرەو کۆیلایەتیان دەباتو مەبەستەکەیان لەناو دەبات. مرۆڤ پێویستی به کۆمەڵگایەکه که تیایدا گەشه بکاتو ببوژێنەوەو بەبێ ئازادی وەها شتێک نایەتەدی.

کۆمەڵگایەک دەتوانێت جێ مەبەستی کۆبوونەوەی مرۆڤەکان بێت که تیایدا هەر کەسەو سەرەڕای ئەوەی که لەگەڵ هەمووواندا یەکیگرتووه لەلایەن هیچ خواستێکی تری جگه له خواستی خۆی فەرمانی بەسەردا نەدرێتو وەکو بەر له پەیوەندیکردن به کۆمەڵگاوه ئازاد بێت .32

بایەخی ئەم بەرهەمەی رۆسۆ لەوەدا دەردەکەوێت، که شۆڕشگێڕانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسی 1789، نووسەرەکەی به مامۆستای فیکری خۆیان و کتێبەکەشی که (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) یە، بەسەرچاوەی ئیلهامبەخشی دید و هزره شۆڕشگێڕەییەکانیان دەزانی، دیاره مەسەلەیەکی بەوچەشنەش له خۆڕا نەبوو، بەڵکو لەو ڕاستیەوه سەرچاوەی گرتووه، که «جان جاک ڕۆسۆ» وەک فەیلەسوف و نووسەرێکی مەزنی سەردەمەکەی، توانا و لێوەشاوەی کەم وێنەی خۆی وەستایانه بۆ داڕشتنەوەی سەرجەم بۆچوونه ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکانی له (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دا بەکارهێناوه و ئەزمونی دەوڵەمەندو ڕادەی بەرزی هەستیارییەکەی ئاسۆی بیرێکی ئاوەڵایان پێبەخشیوه، بەجۆرێک شیکارییەکی سەرکەوتووانەی لەلایەنه جیاوازەکانی کۆمەڵگا لەو بەرهەمەیدا نیشانی خوێنەر دەدات، ئەوەش وایکردووه که هیچ کام له فەیلەسوف و بیرمەنده بەناوبانگەکانی سەدەی هەژدەهەم هێندەی رۆسۆ کاریگەری مەزنیان لەسەر بۆچوون و هزری سەردەمی خۆیان و نەوەکانی داهاتوو نه بووبێت.33

بێگومان ژیانی سەخت و پڕ نەهامەتی و ئاڵۆزی رۆسۆ، له نێوان

کۆمەڵگای فەرەنسی لێوانلیۆ لە ململانێی فیکری بێدادی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سایەی سیستەمێکی ئەرستۆکراسی زۆرداری بنەماڵەی (بۆریۆن) و هەژمونی هەمەلایەنە کلێسای کاسۆلیکی، هەوێنی بیرێکی یاخی و کینەتۆزی لای رۆسۆ بە دژی سەرجەم ڕژێمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری سەردەمەکەی خۆی پێکهێنابوو، بە چەشنێک لەگەڵ هەمووان دا لە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی سەختدا بوو، هەتا ڕادەیەک ڕاوەدوونا و دەرکردن و دوورخستنەوە بەردەوام بوو.

شایەنی باسە، رۆسۆ بەچەشنێک لە واقیعە گشتییە ناهەموارەکەی کۆمەڵگا بێزار بوو، کە لە دید و بۆچوونەکانیدا هەڵوێستی زێدە مەنفی سەبارەت بە دیاردە مرۆڤایەتییەکان وەک شارستانی ، زانست، هونەر، موڵکایەتی تایبەت و، دەوڵەت نیشاندا، ئەوانەی بەسەرچاوەی تێکڕای بێنەوایی و ئێش و ئازارەکانی، تاکو چاندنی تۆ و شەڕەنگێزی لە مرۆڤدا و بێبەشکردنی لە سەربستی و ئازادی و تا ڕادەیەک کۆیلە کردن لە قەڵەمدەدا. ئەم بۆچوونەش هاندەری سەرەکی بوو تاپێچەوانەی ڕەوتی بیرمەندانی سەردەمەکەی کە بە (فەرهەنگییەکان) ناسرابوون و (ڤۆڵتێر) ناودارترین هەڵوێست وەرگرتن و بانگەشە بۆ بۆچوونە سەیرو بە ناوبانگەکەی بکات کە بە ناوی (مرۆڤی کێوی نەرم و نیان، یاخود دڕندەی پیاوچاک) ناسراوە بە پێی ئەم بۆچوونە، رۆسۆ پێیوایە (کە مرۆڤ بە ساکاری بناغەدا چاکەخواز و خێرخوازە، ئەوە ناهەمووارییەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە کە دەیگۆڕێت بۆ کەسایەتیەکی بەد خو و شەڕەنگێز و ئازار بەخش) 34.

هەر بۆیە رۆسۆ لە نووسین و بەرهەمە بەراییەکانیدا، بە توندی هێرش دەکاتە سەر دیاردەکانی کۆمەڵگا وەک دەوڵەت و زانست و موڵکایەتی تایبەت و شارستانی وئەوانە بەسەرچاوەی سەرەکی تێکڕای نەخۆشی و نەهامەتییەکانی مرۆڤی هاوچەرخ و لە گەورەترین کۆسپ لەبەردەم ئازادییەکانی تاک لە کۆمەڵگادا لە قەڵەم دەدات. رۆسۆ پەڕینەوەی گروپە مرۆڤایەتیەکانی لە ژیانی کۆیلەیی سەرەتاییەوە بۆ نیشتەجێبوون و ژیانی شارستانی بە خاڵێکی وەرچەرخانی سلبی و دەسپێکی کۆیلایەتی و نەهامەتی مرۆڤ دادەنا ، ئەو پێیوابوو شارستانی نەخۆشی و نەفرەتی ڕاستەقینەیە بۆ مرۆڤ، بە بڕوای ئەو موڵکایەتی تایبەت لەو دەمەوە دەستی پێکردوە کە خەڵکانی ساکار باوەڕیان بەو کەسە خۆسەپێنە

کردوە کە پەرژینێکی بە دەوری پارچە زەوییەکدا گێڕاوەو گوتوویە (ئەمە موڵکی منە)، ئەوەش سەرەتای کۆمەڵگای شارستانی پێکدەهێنا کەتێکڕای بێدادیە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئەخلاقیەکان لەوێوە دەستپێدەکەن.35، چونکە بە هێنانە کایەی موڵکایەتی تایبەت مرۆڤ دەوڵەت و دامودەزگا سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەرەکانی دامەزراند تاسامان و جیاوگەکانی بۆ بپارێزێت و بە دژی زۆرینەی هەژاران تارادەی کۆیلەکردنیان بەکاریان بهێنێ. لە ڕاستیدا ئەم دییددانە رۆسۆ ی هاندا داوا لە مرۆڤ بکات، ماڵئاوایی لە ژیان شارو شارستانی و چێژگەرایی بکات و بۆ باوەشی گەرمی ژیانی لادێ و پەیوەندی بەتینی خێزانی سەرەتایی بگەڕێتەوەو بەسادەیی ژیانێکی ئاسودەیی بێگرێو گۆڵ بەرێتەسەر،بانگەشەیەکی وا کە لە لایەن «ڤۆلتێر»ەوە ڕەخنەی لێگیرا بەوەی لە نامەیەکیدا بۆ رۆسۆ نووسیویە «کاتێک پیاو بۆچوونەکانم دەخوێنێتەوە، هەرزوو خولیای ئەوە دایدەگرێت کە بۆ ڕشتن دابەزێتە سەر چوارپەل» شایانی وتنە ئەم بۆچوونانەی رۆسۆ لە نێوەندی فیکریی و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆیدا دەنگ و هەرایەکی گەورەی لێکەوتەوە و بەشێک لە بیرمەندانی فەرەنسای پێش شۆڕشی لێڕاست کردەوە، ئەوەش هاندەرێکی باش بوو تا رۆسۆ سەرلەنوێ بە بۆچوونەکانیدا بچێتەوە و لە قاڵبێکی دیکەدا بەشێوازێکی جیاواز، بەڵام نوێ لە پێشوو دایانڕێژێنەوە، ئەوەش سەرەتای ئەنجامدانی کارێکی مەزن و بەرهەمێکی تازە و پڕ بایەخی لێکەوتەوە کە کتێبی «گرێبەستی کۆمەڵایەتی بوو».

لەم کتێبەدا رۆسۆ سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ بۆ کۆمەڵگا نێو ڕیزە دەکات کەسیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتییە ئەو سیستەمەی تێدا سەرلەنوێ ئازادی و سەربەستییەکان بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دەگێڕێتەوە، ئەویشی لە ڕێگای گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە کە تاکەکان ئارەزوومەندانە ڕێکبخەن، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی یاسایەک بین کە هەڵقوڵاوی خواست و بەرژەوەندیەکانی گشتی و تێکڕای کۆمەڵگا بخات.

### ئاین وپەیمانی کۆمەڵایەتی

رۆسۆ لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا ئازادی بە کۆمەڵگاوە گرێدەدات و تێکڕا بە گوێ ڕایەڵی بۆ یاسایەک دەمێنەوە کە هەڵقوڵاوی بەرژەوەندی کۆمەڵگا بێت،



تایبەتترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

جگە لەوەی رۆسۆ هەوڵی بەخشینی پێناسەیەکی نوێمان بۆ دەوڵەت دەداتێ کە تێیدا لە تێکڕایی گەل و دەسەڵات پێکدێت، دەسەڵاتێک کە جێبەجێکەری خواستی گشتییەو سەرچاوەکەی گەلە، باشترین حکومەت لای رۆسۆ ئەو حکومەتەیە کە کەسانی لێهاتو و ڕەوشت بەرز تێیدا کاربەدەست بن، کەسانێک هەڵبژێردراوی گەل بن و جێبەجێکەری یاسایەک بن، کە بەرجەستە ی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا بکەن.

لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا رۆسۆ وەک واقیعێک دان بە موڵکایەتی تایبەتیدا دەنێت، بەمەرجێک لە ژێر سایەی چاودێری گشتیدا بێت و فراوانکردن و بەکاهێنانی زیان بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا نەگەیەنێت، نەبێتە هۆی قوڵ کردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. لەم ڕووەشەوە رۆسۆ پێیوایە نابێت جیاوازی تاکەکان لە ڕووی توانی فیزیکی و لێهاتوویەوە، ڕێگر بێت لە ڕێگای هێنانەدی یەکسانی مافە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بۆ تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە.

رۆسۆ لە سۆنگەی پەروەردەی ئاینی پرۆتستانییەتەوە هەلێکی بۆ دژایەتی ئاین و دەرپەڕاندنی بۆ دەرەوەی کۆمەڵگا نەداوە، بەڵکو ئەو پێیوایە کە دەکرێت ئاین سوودی لێوەربگیرێت بۆ هێنانە دی چاکەخوازی کە لای رۆسۆ بە پایەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت، بەڵام رۆسۆ بانگەشە بۆ پابەندبوون بە ئاینێکی سادە و دەکات کە خێری کۆمەڵگای تێدا بێت و تۆوی چاکەخوازی و چاوپۆشی نەک ڕق و تۆڵە و کینە لە کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە و گەل لەلایەن دەزگای ئاینیەوە بکرێتە مێگەل .36

رۆسۆ لە پاڵ بایەخدانێکی بەرچاو بە ئازادی مەدەنی، مەسەلەی ئازادی تاکەکەس دەکاتە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەی قسە لەسەر کردن. لەم ڕووەشەوەیە کە هەندێک دەڵێن پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕێخۆشکەر بوو بۆ شۆڕشی فەڕەنسی و بوو بەو زەمینە ئایدۆلۆژییەی شۆڕشەکە تێیدا جۆشی سەند.

گەرچی بەشداریکردنی رۆسۆ لە سەرهەڵدانی ئەو جوڵانەوانەی داوای ئازادی تاکەکەسی دەکەن، دژایەتی دەسەڵاتی ڕەهای کەنیسە و دەوڵەت دەکەن، یەکجار بەرچاوەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەریان هەبووە، بەڵام بۆچوونی ئەو لەمەڕ دەوڵەت وەکو بەرجەستە بوونێکی ڕەهای ئیرادەی گەل هەروەها

مشتومڕکردنی و سووربوونی لەسەر چەسپاندنی هاوشێوەیی و لێکچوونێکی سیاسییانە و ئایینیانە، لای هەندێک لە مێژوونووسان و بیریاران بەسەرچاوەیەک بۆ ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاریزم دانراوە.

## پەیمانی کۆمەڵایەتی وحکومەت

بە بۆچوونی رۆسۆ پێویستە هەموو دامودەزگا سیاسییەکان لەناو ئەو دەزگایەدا کۆبکرێنەوە کە پێی دەوترێت حکومەت، حکومەتیش بەپێی پەیمانێک کە لەگەڵا هاوڵاتیاندا بەستوویەتی، لە بری ئەوان بڕیار دەدات، نابێت لە دەرەوەی حکومەت هیچ دەزگایەکی سیاسی دیکە هەبێت، بۆ ئەوەی کێبڕکێی حکومەت نەکات و داوای لایەنگیری و دڵسۆزی لە هاوڵاتییەکان نەکات و دڵسۆزیان بەرامبەری دەوڵەت لەق نەکات.37

کەواتە ڕۆسۆ لە کتێبی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا نەخشەی دامەزراندنی دەوڵەتێک دەکێشێت کە یاسا و مەدەنیەتی تیادا سەروەر بێت و بەڕەزامەندی هەموو لایـەک دەستەیەک بۆ فەرمانڕەوایی هەڵبژێرن هەر کاتێکیش ئەو دەستەیە لە مەرجەکانی گرێبەستەکە لایاندا دەبێت، ئەو پەیوەندی و گرێبەستە هەڵبوەشێنەوەو دووبارە لە ناو خۆیاندا بە ڕەزامەندی هەموو لایەک دەستەیەکی تر بۆ فەرمانڕەوایی هەڵبژێرنەوە، واتە نابێت مرۆڤ واز لە سەربەستی و ئازادی سروشتی خۆی بەبێ دەستکەوت بهێنێت، چونکە وازهێنان لە سەربەستی مانای وازهێنانە لە هەموو مۆرک و سیمایەکی مرۆڤایەتی، لەم حاڵەتەشدا هیچ شتێک نییە قەرەبووی ئەو وازهێنانەی بۆ بکاتەوە، بێگومان ئەم جۆرە وازهێنانەش دژی سروشتی مرۆڤایەتییە، چونکە سەربەستی زەوتکردن مانای زەوتکردنی ئەخلاقیەتی کارەکانە، ڕێکەوتنێکیش کە لایەک هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبێت و لایەکەی تریش ملکەچی و گوێڕایەڵی بێسنووری هەبێت، ئەوا ئەو ڕێکەوتنە ناهەق و بێ بنەمایە و هیچ شەرعیەتێکی نییە و دژ بەیەکە و کاری پێناکرێت و لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتی ناگونجێت، چونکە هیچ کات گرێبەست بەو شێوەیە نابێت کە هەموو شت لە دژی ئەو و بۆ قازانجی من بێت، چ کاتێک ویستم و لە بەرژەوەندی من بوو جێبەجێی بکەم و لەسەر ئەویشە کە ملکەچم بێت، ئەوە بەهیچ شێوەیەک ڕێکەوتن و گرێبەستن نییە، بەڵکو ئەمە دیکتاتۆریەت و کەڵەگاییەو قبوڵکردنی

زۆر زەحمەتە. 38

له لایەکی ترەوە رۆسۆ ڕەخنە لە جەماوەر دەگرێ و هەوڵدەدات کە هۆشیاریان بکاتەوە، بۆئەوەی بە ڕوڵی سروشتی خۆیان هەڵبستن، بۆ ئەم مەبەستەش دەڵێت بەردەوام گەل هەر لە خۆیەوە و بەبێ فێربوون خێرو خۆشی دەوێت، بەڵام هەر لە خۆیەوە یەکسەر خێر ناناسێتەوە، ئیرادەی گشتی بەردەوام ڕاستە، بەڵام ئەو دەسەڵات و فەرمانڕەوایەی کە ئاراستەو ڕابەری دەکات بەردەوام ڕۆشنبیر و ڕاست نییە، گەل بەردەوام خێری دەوێت، بەڵام نایبینێت، هەموو کەس وەک یەک پێویستیان بە ڕێنیشاندەر هەیە و دەبێت گەل فێربکرێت کە بزانێت چی دەوێت.39

## مێژووی گرێبەستی کۆمەڵایەتی

تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبووە بە داهێنانێک کە یەکێ لە ڕووناکبیرەکان تایبەتمەندێتی تێدا بکات، ئەگەڕێیتەوە بۆ بنەڕەتەکانی یەکەمی هەرچۆن پێشتر ئاماژەمان دا بە «ئەفلاتون» و «لۆکرس». هەرچەندە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا رونبوو، بەڵام لەگەڵا ئەوەشدا دیاریدەکانی لە کۆتایی ئەم سەردەمانەدا سەریهەڵدا تا لە سەدەی شانزەهەم گەشەیکرد دوای ئەوەی ئەو بەرگە ئاینیەی کە هەیبوو لەسەری لابرا لە کۆتایی چاخەکانی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە بە تەواوی گەشەکردنەکەی بەرچاو دەکەوێت لەسەر دەستی «کرۆشیوس» و «بۆنفندروف» و «هۆبز»، هەرچۆن کە لە پێشوودا بینیمان.

به ئەندازەی ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە ڕووناکبیر «جان جاک ڕۆسۆ» سەبارەت بەم تیۆرە پێدەچێت «هۆبز» زۆرترین کاریگەری هەبووە لە پێک هێنانی تایبەتی خۆیدا.40

بێگومان «هۆبز» بەرگریکرد لە پادشایەتی تـەواو لە گرێبەستی، کۆمەڵایەتی بەڵام ئەوەی شایەت حاڵە تیۆری «هۆبز» لە فەرەنسا لەسەر ئاستی ڕەسمی (دەوڵەتی) پێشوازی لێکرا ، لە کاتێکدا پادشایەتی تەواو تیایدا شێوەی تەواوەتی وەرگرت.

تیۆری «هۆبز» لەلایەن پادشایەتی پابەندەکانەوە، و ئەم باس و لێکۆڵینەوانە جێی باس و لێکۆڵینەوە بووە بەرەو ئەوەی بردن کە دەست بخەنە

سەر ناوەڕۆکەکەی لە داماڵینێکی (مادی) کە ڕێڕەوێکی پێچەوانەی هەیە بۆ ڕوانگەی ئەو مافەی خواندیەی کە پادشایەتی لە فەرەنسادا پشتی پێبەستبوو، بەڵام «لۆک» کە بە چاوێکی پابەندانەوە سەیری پادشایەتی دەکرد، بەباپیرە گەورەکە و بە (لیبرالی بۆجوازی) ناودەبرێت، لیبراڵی بۆرجوازی کاریگەری ئەوتۆی نەبوو لەسەر رۆسۆ. و رۆسۆ پەنای نەئەبرد بۆ «لۆک» کە خاوەن ڕێڕەوێکی نایاب بووە بۆ گرێبەستی کۆمەڵاتی، تەنها لەو بارانەدا کە لەم کۆتاییانەدا چەند بەڵگەیەکی تیادا ڕەچاو دەکرێت، کە دەبێت بە پاڵپشت کردن لە هەڵوێستە بەرەنگارییەکەی سەبارەت بە دەسەڵاتدارێتی تەواو .41

دێڕەکانی یەکەم لە کتێبی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) دا باس لە بابەتە بنچینەییەکەی دەکات، ئەویش ئاماژە پێکردنی ئەو بنچینانەیە، کە ڕێگە دەدات بە دروستکردنی سیستمێکی ڕامیاری شەرعی، مانای هاوشێوە بێت لەگەڵ داواکاریەکانی عەقڵ و ڕەوشت و دادپەروەری تەواو لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەو شتانەی کە سروشتی مرۆڤایەتی ڕێگەی پێئەدات و ڕەچاو کردنی توانا ڕاستیەکان (یاساکان بەو شێوەیەی کە دەتوانێت دروستی بکەیت) .42

(من) گریمانەی ئەوە دەکەم، کە خەڵکی گەیشتونەتە ئەو قۆناغەی کە تیایدا، بەرخۆدان بەرگریکردن ی کۆسپەکان، مانەوەیان لە حاڵەتی سروشتیدا، دژوار دەکاتو، تەواوی هێزو تواناکانی هەر تاکێک بەتەنها، بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو کۆسپانەدا بەس نابێتو، لەوێدا ئەو حاڵەتە سروشتییە، ئیتر لەتوانایدا نابێت کە بەردەوام بێتو، نەژادی مرۆڤیش، ئەگەر شێوازی بوونی خۆی نەگۆڕێت، ئەوا لەناو دەچێتن.

لەکاتێکدا کە مرۆڤان توانای ئەوەیان نییە هێزی نوێ دروست بکەن، بەڵکو تەنها دەتوانن هێزە بەردەستەکانیان یەکبخەنەوەو ئاڕاستە بکەن، کەواتە بۆ مانەوەی خۆیان، هیچ ئامرازێکی تریان لەدەسنامێنێت، تەنها پێکهێنانی هێزگەلێک نەبێت لەڕێگەی ئاوێتەکردنەوە، کە بتوانێت بەسەر بەرخۆدانی کۆسپەکاندا سەربکەوێتو، هێزەکانڕا بەتاکە هاندەرێک، بۆ کارکردن کۆبکاتەوەو، وایانلێبکات بجوڵێنەو هەڵسوکەوتبکەن.

ئەم هێزگەلانە بە ڕێگەی یەکگرتن نەبێت لە توانایاندا نییە بێنە بوونو

دامەزراندنەوە: هەروەک چۆن ئەوەی کە هێزو ئازادی، سەرەکیترین هۆکارو ئامرازی مانەوەی ژیانی مرۆڤانە، کەواتە بەبێ زیانگەیاندن بەخۆیو بێئەوەی کاری پاراستنی خۆی فەرامۆش بکاٹ، چۆن دەتوانێٹ ئەو هێزو ئازادیە ڕا بەکاربهێنێٹ؟ ئەم دژوارییە کاتێک دێتە سنووری بابەتی لێتوێژراوەی منەوە، ئەوا دەکرێٹ بەمشێوەیەی خوارەوە دەربڕینیان لێبکرێٹ:

((دەستەبەرکردنی شێوەیەک لە یەکێتی، کە پارێزگاری لە هەموو هێزە بەشداربوەکە بکاٹو بیپارێزێٹ، هەروەها بەشداربوو، لەژێر سایەی ئەو یەکێتییەدا، لەگەڵ هەموو بەشداربوەکانی تردا، تەنها گوێڕایەڵی خۆی دەبێٹو، بە هەمان ئەندازەی ئەو ئازادییەی کە پێشتر هەیبووە، ئازاد دەمێنێتەوە))، ئا ئەمەیە ئەو گرفتە سەرەکیەی کە گرێبەستی کۆمەڵایەتی ڕێگاچارەی وی دەخاتە بەردەم.

مەرجەکانی ئەم گرێبەستە بەڕادەیەک دیاریکراون، کە بچوکترین دەستکاریکردنیان، مایە پووچو بێ شوێنەواری دەکاٹ، لەبەرئەوەش بەشێوەی فەرمی ڕانەگەیەندراوە، هەر بۆیە کە لە هەموو جێگایەکدا یەکسانەو لە هەموو جێگایەکیشدا وەرگیراو و دانپیانراو و بڕیار لەسەر دراوە، هەتا ئەو کاتەش کە تاک، دوای ئەوەی پەرژینی پەیماننامە کۆمەڵایەتیەکە ژێرپێدەنێٹ،

دەگەڕێتەوە بۆ مافە سەرەتاییەکانی ئازادییە سروشتییەکەی کە لەپێناوی بەدەستهێنانی ئازادیی گرێبەستدا وازلێهێنابو، دووبارە بەدەستدێنێتەوە.※

ئەم مەرجانە دەکرێٹ هەموویان لە یەک مەرجدا چڕ بکرێنەوە، ئەویش بریتییە لەوەی هەر بەشداربوویەک، لە تەواوی مافەکانی بۆ هەموو کۆمەڵ، دەستبەردار دەبێٹ، لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا هەموو کەسێک بەتەواوی چووەتە ژێرباری بەڵێنەکەیەوەو، حاڵەتەکەش سەبارەٹ بە هەمووان یەکسانە، کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی یەکسانبوونی حاڵەتەکە بەلای هەموانەوە.. لە بەرژەوەندی هیچ کەسێک نییە کە ئەم حاڵەتەڕا بۆ ئەوانی تر دژوار بکان.

بە وەستان لەسەر ئەوانە، هەروەک چۆن کە پێدانی تەواوی مافەکانی بەبێ مەرجو هیچ کەندو کۆسپێک، هاتوەتە پێکهاتن، یەکێتیەکەش، دەکرێٹ تەواوترین شتێک بێٹ کە بتوانرێٹ بکرێٹو، هیچ کەسێک داوای لەسەر ئەوانی دی نامێنێٹ، چونکە ئەگەر هەندێک ماف بۆ هەندێک کەس بمێنێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە هیچ



نایسەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

سەرخانێکی هاوبەش بۆ دادوەریکردن بوونی نییە، هەر بۆیە هەریەکێ لە هەر پنێکدا خێرا پاگەندەی ئەوە دەکاٹ، کە خۆی لە هەموو مەسەلەکاندا دادوەری تایبەتی خۆیەتیو، وردە وردەش پاگەندەی ئەوە دەکاٹ کە دادوەری هەمووانە، ئەوکاتەش حاڵەتی سروشتی، دووبارە پیادەو جێگیر دەبێتەوەو، بەپێویستیش دامەزراوە بەرهەمهاتووەکان، بەرەو دیکتاتۆری خوازمەندو مەیلدار دەبن. دواجار کاتێک هەموو یەکێک خۆی دەبەخشێتە هەموان، لە هەمانکاتیشداو لەسەر ئەوەوە، بەتایبەتی خۆی نابەخشێتە هیچ کەسێک، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەر بەشداربویەک، هەمان ئەو شتەی کە دەیداتە یەکێکی دی، بە هەمانشێوەش لێیوەردەگرێتەوە، واتە ئەو مافەی وێ نەدراوەتێ کە هەمان مافڕا لە یەکێکی دی وەربگرێتەوە، کەواتە مرۆڤ لەبەرامبەر ئەوەی کە لەدەستیداوە، هێزێکی زیاتری دەستدەکەوێٹ بۆ پارێزگاری ئەوەی کە هەیەتی. ئەگەر ئەوە دەربکەین کە لە نێوەڕۆکی پەیماننامەی کۆمەڵایەتی نیە، ئەوا ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەم دەربڕدراوانەی خوارەوەدا کورتدەبێتەوە:

((هەریەکێک لە ئێمە، خودی خۆیو تەواوی مافەکانی خۆی، لەژێر ئاڕاستەگەریی باڵای ئیرادەی گشتیدا، بەشدار دەکاٹو، هەر ئەندامێکیش وەک بەشێکی جیانەبووەوەی دەزگای کۆمەڵایەتی وەردەگیرێٹ)).

هەروەکو چۆن کردەی بەشدارییکردن لە پێکهاتووەکەدا، بەواتای ئەوەی کە بەستنی گرێبەستێک بەدیهاتووە، ئاوەهاش بەجێگەی کەسانی لایەنی گرێبەستەکە، دەزگای سیاسیو کۆمەڵێکی پێکهاتووە، بڕیاردەداٹ، ژمارەی ئەندامەکانی بەئەندازەی ژمارەی دەنگدەرانی گشٹ کۆمەڵگەبێٹ: ئەم دەستەیەش، لە خودی ئەم کردارەدا، یەکێتیو کەسێتی هاوبەشو ژیانو ئیرادەی خۆی، لێدەنرێٹو، کاتێکیش ئەوە دەوڵەٹ بێٹ فەرماندەرن بەکاٹ و ناوی دەزگای دەستەڵاتدارو، لە بەراوردکردنیشیدا بە دەزگا هاوشێوەکانی خۆی بە دەستەڵاتی سیاسی ناودەردەکەن. لێ، لەلای ئەندامانی پێکهێنەریەوە، بەشێوەیەکی گشتی، ناوی گەل بەکاردەهێندرێٹو، بەلای تاک تاکی ئەندامانیشەوە، هەریەکێک لەوانە بە هاووڵاتی بانگدەکرێن، وەک بەشداربووانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواییو، بەوانەش کە لە دەستەڵاتی فەرمانڕەواییدا بەشدارنینەو ملکەچی یاساکانی دەوڵەتن بە

سەرپەرشتیکراو و گزیدە ناودەبرێن ، ئەم بێژراوانە بۆ زۆر جار واتاکانیان تێکەڵ بەیەکدەبێت، بەجۆرێک یەکێکیان لەجیاتی ئەوی دییان بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشداو بۆ لابردنی هەر گومانێک، ئەوەندە بەسەر کاتی دەکارهێنانیاندا، لە واتای وردی هەریەکێکیان ئاگاداربین.43

## لە پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئیرادەی گشتی

بەو حاڵەش تێپەڕینی رۆسۆ لە نەریتی پەیمان بۆ تیۆری ئۆرگانیتی لەگەڵا ئاڵۆزی و لێڵییەکی زۆر (کە هیچ چەشنە تێپەڕینێک لەودا، لە ئەماندا نییە) هاودەمە. رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا هێشتا پەیوەندگەلێکی لەگەڵ سونەتی تیۆری پەیمان پاراستووە، هەر بۆیە لەمەڕ عەقڵانیەتی دەوڵەت جیاوازی گەلێک لە نێوان پەیمانی کۆمەڵایەتی و ئیرادەی گشتی دەبینرێت.

لە بارەی ئەوەی کە دەوڵـەت چییە و بۆچی دەبێت گوێڕایەڵی لێ بکرێت، وەڵامی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە دەوڵەت میکانیزمێکە کە مرۆڤ بۆ ئامانجی خۆی دروستیدەکات. ئەو ڕوانگەیە، کە رۆسۆ هەندێک جار لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا بۆلای ئەو دەکێشرێت هاوجووتە لەگەڵ سونەتی تیۆری پەیمان کە بۆ ماوەی دوو سەدە هەیمەنەی بەسەر بیرۆکەی سیاسی مۆدێرندا هەبووە، بەڵام رۆسۆ لە ئیرادەی گشتیدا پاشماوەکانی بیرۆکەی پێشووی پەیمان بە تەواوەتی وازلێدەهێنێت و دەچێتە ناو قەڵەمڕەوی بیرۆکەی ئۆرگانیستی. هەر لەبەر ئەوەشە رۆسۆ لە ئیرادەی گشتیدا دەوڵەت وەک کەسایەتییەکی دەستە جەمعی وەسـف دەکـات، کە مـرۆڤ لە ڕێگای ئـەو بـۆلای ئـازادی هەنگاو دەنێت. 44

مەسەلەکە ئەوەیە کە ناتوانرێت پەیمانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چەمکی ئیرادەی گشتی بگونجێنرێت، لەبەرئەوەی (ئەگەر ئیرادەی گشتی دەسەڵاتی بەرزو باشتر بێت، ئیدی پەیمانی کۆمەڵایەتی شتێکی ناپێویست و بێمانایە)، بەڵام ئەگەر پەیمانی کۆمەڵایەتی پێویست و گرنگ بێت، لەو حاڵەدا ئیرادەی گشتی ناتوانێت دەسەڵاتێکی بەرز و باشتر بێت. هەندێک لە لێڵی و ناتەباییەکانی تیۆری رۆسۆ لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. رۆسۆ لە حاڵێکدا کە پێویستیەکانی دەوڵەتی ئۆرگانێک

قەبووڵدەکات، ئامادەنییە بە تەواوەتی تیۆری پەیمان کۆمەڵایەتی بەلاوە بنێت. بەو حاڵەش زۆربەی ڕاڤەکاران لەسەر ئەو بـاوەڕەن، کە لە دواجـاردا رۆسۆ بە تیۆری ئۆرگانیکی گەیشتووە. دەتوانرێت ئەوە لە وەسفەکەی لە دەوڵەت وەک جەستەیەکی کۆمەڵایەتی دەستەجەمعی و مۆراڵی ببینرێت، هەروەها لەو تیۆرییەدا کە ئیرادەی بە جێبەجێکراو، یان کردەیەکی ئەکچیلی تاک بەپێی پێویست باشترین ئیرادەی ئەو نییە و دەتوانرێت تاک، بەبێ بوونی خۆی بۆلای ئیرادەی جێبەجێکراو پاڵپێوەنرێت بێئەوەی ئازادییەکەی پێشێل بکرێت.45

پرسی سەرەکی رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، سروشتی واقیعی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە. رۆسۆ دەیویست بزانێت چ شتێک مرۆڤەکان بە یەکدی پەیوەستدەکات، ئەو هەروەک کە گوتمان تیۆری سروشتی بوونی کۆمەڵگای قبووڵکرد، هەروەها وەک «هۆبز» کۆمەڵگای بە بەرهەمی هاتنەدەر لە بارودۆخی شەڕی هەمووان بە دژی یەکتری ناساند. ئەو سەرەڕای ئەوەی کە جوڵێنەری سەرەکی مرۆڤ لە بارودۆخی سروشتیدا، هەستی پارێزگاریکردن لە خود (زات) دەزانی، هەروەها شوێنگەیەکیش بۆ هەستی هاودەردیکردن قاییل بوو. ئەگەر هەستی پارێزگاریکردن لە ناو خەڵکانی دیکەش پەرەپێبدەن، دەبیینن کە هەستی هاودەردی بەدەست دێت.

لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا رۆسۆ هەوڵیداوە لە نێوان ئازادی مرۆڤ لە بارودۆخی سروشتی و دیسپلینی کۆمەڵایەتی خوازراو لە کۆمەڵگادا پەیوەندی دروستبکات. ئەگەر پەیمانی کۆمەڵایەتی بە گەلاڵەی کۆمەڵگای ئایدیالی لە داهاتوودا لەبەرچاو بگرێت، لەو حاڵەدا دەتوانرێت بگوترێت مرۆڤ کە بە سروشتی خۆی بۆ باش بوون ئامادەگی هەیە لە ماوەی ڕەوتێکی پەرەسەندن و بە پشت بەستن بە سیاسەت، دەتوانێت بە ڕەوشنە مۆراڵیە بەرزەکان بگات.

رۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، لە هەمان بنەماکانی «هۆبز»ەوە دەست پێدەکات، بەڵام بارودۆخی سروشتی بە شێوەیەکی جیاواز لەو شیدەکاتەوە، بە بۆچوونی رۆسۆ لە بارودۆخی سروشتیدا مرۆڤەکان تەنیا دوور لەیەکن و غروور و حەسودی کە «هۆبز» باسی لێدەکات لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا دروست بووە، نەک ئەوەی کە لە بارودۆخی سروشتیدا بوونی هەبێت. مرۆڤەکان لە بارودۆخی

سروشتیدا لەسەروی چاکەو خەراپەن و چاکە و خەراپە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا پەیدا بووە. مرۆڤە تەنیایەکان لە بارودۆخی سروشتیدا بە شێوەیەکی ڕێکەوتە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتری دەکەن و بەهۆی ئەو ڕووداوەوە لە سودمەندی هاوکاری تێدەگەن. بە دەستپێکردنی هاوکاری، پسپۆڕی و دابەشکردنی کار پەیدا دەبێت و لەگەڵا ئەویشدا خاوەنداریەتی تایبەتی پەیدا دەبێت. بە فراوانکردنی بونیادی خاوەنداریەتی تایبەتی هەمەنەی هەندێک بەسەر هەندێک کەسی دیکە دەست پێدەکات. دەوڵەت بەرهەمی ئەو پرۆسەیەیە. بەو شێوەیە، مرۆڤەکە ئازاد ئەفرێندراوە بەسەر و ملەوە بەرەو کۆت و زنجیر دەچێنە پێش. مرۆڤی ئازاد و سەربەخۆ، بەو شێوەیە دەبێتە مرۆڤێکی کۆیلەو پەیوەست بوو، بەڵام مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییە لە دەست چووەکەی، نابێت و ناتوانرێت بۆ بارودۆخی سروشتی بگەڕێتەوە، بەڵکو دەبێت کۆمەڵگایەک دروست بکات کە لەودا مرۆڤ جارێکی دیکە سەربەخۆیی و ئازادی خۆی لە بارودۆخێکی باشتردا بە دەستبهێنێت. ئێستا کە مرۆڤ لە بارودۆخی سروشتی دوور کەوتوەتەوە، لە ئەستۆی سیاسەتەکە کۆمەڵگایەکی عەقڵانی دروست بکات. دەوڵەتی عەقڵانی بەو شێوەیە بە دەستدێت.46

ئەم مەسەلانەی کە ڕۆسۆ چارەسەریان ئەکات لە کتێبەکەی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) ئەچێت بۆ ئەو بۆچونەی (ئازادیەکان و مافەکان) لەوانەیە جێبەجێ بکرێن کاتێ زۆرینەی پروبڵاوەکان دەرکەوتوەکان کۆببنەوە بۆ ئەوەی گەلێک پێکەوە بنێن و یاسا جێگەی بەڕێوەبەرایەتی تاکە کەسی بگرێتەوە هەندێ دابەزێ (وازبهێنێ) لە خۆی و مافەکانی بۆ کۆمەڵگا، بە تەواوی ئەمەش ئەو بەندە تاکەیە بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی ئەم هەمویان یەکسان ئەبن لە ژێر سێبەری یاسادا، یاساش ویستی هەموانە بۆ هەموانە واتە سودی گشتیە و گەلیش هیچی ناوێ تەنها سودی گشتی نەبێ، کەواتە ویستی هەموان راستە هەموو کات و ئەگەر یەکێک لابدات کۆمەڵگا بە تەواوی ئەیهێنێتەوە ژێر رازی بوون.

## ئیرادەی گشتی لە دیدی ژان ژاک ڕۆسۆدا

ڕۆسۆ لەسەر ئەوە پێدادەگرێت کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا ئازادییەکی ڕەهای هەبووە و پابەندی هیچ یاسایەک نەبووە، بەڵام پاش نیشتەجێبوون و پەڕینەوە بۆ قۆناغی شارستانی، دەوڵەتە جیاوازەکانی هەوڵی لەناوبردنی سەربەستی و ئازدی تاکەکانی کۆمەڵگایانداوە، هەر بۆیە هێنانە کایەی سیستمێکی نوێ پێویستە کە لەلایەن ئازادییەکانی تاک و بەرژەوەندییەکانی مسۆگەر دەکات و لەلایەکی دییەوە درێژە بە بەردەوامبوونی کۆمەڵگە بدات، کە بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆ بەشێوەیەکی ئەریب لە ڕێگای یاسایەکەوە بپارێزێت. کە فۆرمێکی نوێ بە دەوڵەت و حکومەت و دام و دەزگا جۆر بە جۆرەکانی بدات، لێرەشدا (ئیرادەی گشتی، یاخود بەرژەوەندی و گیانی کۆمەڵایەتی) بەردی بناغەی ئەو فۆرمە نوێیە بێت.47

ڕۆسۆ دەنگێکی فرە زوڵاڵی ڕەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانەی سەردەمەکەیەتی، ئەو پێیوابوو جگە لە شۆڕش ئەستەمە ڕێگایەکی دیکە سەرکەوتوو بێت لە چارەسەرکردنی باری نالەباری ئابووری و بێدادی کۆمەڵایەتی و دیکتاتۆری ڕامیاری لە کۆمەڵگایەکدا، هەر بۆیە ڕووی دەمی خۆی تەنیا ئاراستەی جەماوەر دەکرد دەیگوت: «مافی گەلە حکومەتێک بڕوخێنێت کە لەسەر دژایەتی خواست و بەرژەوەندی گشتی بەردەوام بێت»، ئەو مافەی کە گەلی فەرەنسا یازدەساڵ پاش مردنی رۆسۆ، بە خۆی ڕەوا بینی و پراکتیزەی کرد.

## ئیرادەی گشتی قابیلی تێکشکاندن نییە

مادامەکی کۆمەڵێک خەڵک بە یەکەوە خۆیان بە دەزگایەک لە قەڵەمدەدەن، ئەوا یەک ئیرادەی تاقانەشیان هەیە کە بایەخدەدات بە پاراستنی هاوبەشیان و خۆشگوزەرانی گشتیان. لەو حاڵەتەدا هەموو چاوگەکانی سادە و بەتین و ڕێساکانیشی ڕوون و ڕووناکن، هیچ بەرژەوەندییەکی لێڵ و ناکۆکی نییە، چاکەی گشتی لە هەموو شوێنێک بەڕوونی دیارە، هەستێکی دروست بەسە بۆ ئەوەی درکی پێبکات. ئاشتی، یەکێتی، یەکسانی دوژمنی هەستیاری سیاسین. ئەو پیاوانەی سەر ڕاست و سادەن، لەبەر سادەییەکەیان کە بە نارەحەتی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

فریو دەدرێن، بەرتیل و بەڵگەی بریقەدار ناتوانن تەفرەیان بدەن، ئەوان هێندە ساویلکە نین تا لە خشتەببرێن، کاتێک لە نێوان کامەرانترین گەلی سەر زەویدا، کۆمەڵێ وەرزێران دەبینن لە ژێر دار بەڕوویەکدا کاروباری دەوڵەت ڕێکدەخەن و هەردەمیش زرنگانە ڕەفتار دەکەن، ئایا دەتوانین بێزمان لە مینۆدی کارامەی نەتەوەکانی تر نەیەتەوە، ئەوانەی بەیەک دنیا شارەزایی و تەژمییەوە خۆیان نێو دارو نەهامەتبار دەکەن؟48

دەوڵەتێک بەو شێوەیە بەڕێوەببرێت، پێویستی بە چەند یاسایەکی زۆر کەم هەیە، هەرکاتێک پێویستی کرد هی نوێ دابڕێژرێت، هەمووان ئەو پێویستیانە دەبینن. یەکەمین پیاو کە پێشنیاریان دەکات، هەر ئەوە دەڵێت کە هەموویان هەستیان پێکردووە، هیچ پرسیارێک لەلایەنی گروپەکانەوە لە ئارادا نییە و هیچ فرت و فێڵێک یان ڕەوانبێژییەکیش لە گۆڕێ نییە، تا ئەوە بکات بە یاسا کە هەریەکێکیان بڕیاری داوە بیکات، دوای ئەوەی دڵنیا بوو لەوەی ئەوانی تریش وەک ئەو دەکەن.49

تیۆریستەکان تووشی هەڵە دەبن، چونکە دەوڵەتێک دەبینن کە لە بنەڕەتەوە بە هەڵە بیناکراوە، ڕووبەڕووی مەحاڵێتی پیادەکردنی ئەو سیاسەتە دەبنەوە بەسەر ئەواندا. ئەوانە ڕادەبوێرن کاتێک ئەندێشەی ئەو کەرێتی و قسە قۆڕانە دەکەن کە قسەکەرێکی زرنگی زۆرزانی زمان لوس، دەتوانێت خەڵکی پاریس، یان لەندەنیان پێ قایل بکات. ئەوانە نازانن کە ئەگەر گەلی بێرن، کرۆمۆیلیان دەستگیر ببوایە، زەنگیان دەکردە ملی، هەروەها گەلی جنێڤیش (دۆک دی بۆڤواریان) بە تەختەی ئاشدا هەڵدەواسی.50

ڕۆسۆ لە ساڵی 1765 لە سەر ئیرادەی گشتی دەڵێت، لە من دەپرسن ئایا مرۆڤ بەکێڵانی زەوی، توانستی پێویست لە مەڕ حکومەت کردن بەدەست دەهێنێت؟ لە وەڵامدا دەڵێم: ئەگەر حکومەتەکە وەکو ئەم حکومەتەی ئێمە ساکار و ڕاستگۆبێت، بەڵێ بڕی توانستەکانی مرۆڤ لەمەڕ بزواندنی هەستی نیشتمان پەرستی پێویستیە، هەروەها بوونی ئەو جۆرە توانستانە، لەلای گەلێک کە نیشتمانەکەی خۆی خۆشناوێت و ڕێز لە ڕابەرەکانی ناگرێت، گرنگ و پێویست نییە، بەڵام ئەو دەمەی گەلێک گرنگی بە کاروبارە گشتیەکان دەدات و لە

چاکەکاری دەگەڕێت، توانستە پڕاو پڕەکان پێشکەشی ئەو خەڵکانە دەکات، کە پێویستیان پێیەتی، لەبەرئەوەی ئەو توانستانە زیاتر زیان بەو گەلە دەگەیەنێت، کە نیشتمانەکەی خۆی خۆشدەوێت تاسودی پێبگەیەنێت. باشترین پاڵنەری حکومەت، عەشقە بۆ نیشتمان، ئەم عەشقە بە کشتوکاڵ و کارکردن لە مەزراکاندا، پەروەردەدەبێت. بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێک کە لەسەر بنەمای تەندروست دامەزرابێت، ئەقڵێکی تەندروست پێویستە و پێگەی ئەقڵی سەلیم ئەوەندەی لە نێو سەردایە، هەر ئەوەندەش لە دڵا دایە، ئەو مرۆڤانەی کە هەوای نەفسانی کوێری نەکردوون، هەمیشە چاکەکارن.51

ڕۆبسپێر لەساڵی1794 دەڵێت: ئەهلی قەڵەم، لەم شۆڕشەدا ئابڕوی خۆیان برد، و گەل میانەی شەرمەزاریی خاوەن بیرەکاندا، هەر خۆی بە تەنهایی هەموو کارەکانی جێبەجێکرد. ئەی مرۆڤە سوکەکان، ئەی ئەوانەی وڕێنە دەکەن، ئەی ئاغای قەڵەم! لە شەرمدا سوور هەڵگەڕێن، گەر دەتوانن. ئەو مرۆڤە شەریف و پیاوچاکانەی کە ئەم سەردەمەی مێژووی مرۆڤایەتیان نەمر کرد، بە بێ ئێوە توانیان ئەو کارە بکەن، ئەقڵی تەندروست و بێ درۆ و گەشە سەندنی دانایی خەڵک توانی فەڕەنسا بگەیەنێتە ئاستێک لە شکۆمەندی کە ڕیسوایی ئێوە دەترسێنێ و بێ بایەخیتان ورد دەکات. فڵان پیشەوەر لەمەڕ ناسینی مافەکانی مرۆڤ خۆی لە فڵان نووسەر بە شارەزاتر دەزانێ کە لە ساڵەکانی 1788 دا کۆماری خوازو دواتریش بە گێلانە لە 1793 دا دەبوە لایەنگری پادشا. ئەو کاتەی کە وردە واڵە فرۆشێکی گەڕۆک ڕوناکی فەلسەفەی بەنێو گوندەکاندا پەخشدەکرد، کۆندێریسێ ئەندامی خانەی کەلتور کە لە ڕابردوودا، بەقسەی ئەدیبەکان گەورەترین ئەندازەناس و بەوتەی ئەندازە ناسەکانیش گەورەترین ئەدیب بوو، گۆڕابوو بۆ کەسێکی ترسنۆکی ڕیسوا و هاوکاری ئەو گرپە یاخیانەی کە بەردەوام لە ڕێگەی قسەی پڕوپوچی خائینانە و تورەهاتی زۆردارانەوە، دەیەوێت وڵات دوچاری بارگرژی بێت،بەڵام کاتێک پێوەستی کۆمەڵایەتی شلدەبێتەوە و دەوڵەتیش بەرەو لاوازی دەڕوات، کاتێک بەرژەوەندییە تایبەتیەکان بەرەبەرە هەستیان پێدەکرێت، هەروەها گروپە بچووکەکان کاریگەری لەسەر گەورەکان دەنوێنن، بەرژەوەندی گشتی دەگۆڕێت و دژی بۆ پەیدا دەبێت، چیتر بە یەکڕایی نامێنێت، ئیرادەی گشتی ناتوانێت

ئیرادەی هەمووان بێت. تێڕوانین و مشتومڕی ناکۆک و ناتەبا سەر هەڵدەدەن، ئینر باشترین ئامۆژگاری بە بێ مشتومڕ و بێنەو بەرە پەسەند ناکرێت. دواجار کاتێک دەوڵەت لە ئێوارەی هەرەس هێنانیدا، بوونێکی ڕووکەشیانەی وەهمی و فریودەری لێدەمێنێتەوە، کاتێک لە هەموو دڵێکدا پێوەستیی کۆمەڵایەتی دەشکێت و بێبەهاترین بەرژەوەندی ناوی پیرۆزی «چاکەی گشتی» هەڵدەگرێت، ئینر ئیرادەی گشتی لاڵ دەبێت، چینر مرۆڤەکان لە ژێر کاریگەری پاڵنەرە شاراوەکاندا، وەکو هاونیشتمانی تێڕوانینی خۆیان دەرنابڕن، وەک ئەوەی دەوڵەتەکە هەر نەشبووبێت، ئینر لە ژێر ناوی یاساکاندا فەرمانێکی ستەمکارانە لە خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتیدا دەردەچێت. ئایا ئەمە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئیرادەی گشتی نەمێنێت یان گەندەڵ ببێت؟ هەرگیز: ئەو هەمیشە سەقامگیر، نەگۆڕو پوختەیە، بەڵام لە ژێر ڕکێفی ئیرادەکانی تردایە کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ناوچەکەی. هەموو پیاوێک لە جوێکردنەوەی بەرژەوەندی خۆیدا لە بەرژەوەندی گشتی، بەڕوونی دەبینێت کە ناتوانێت بە تەواوی لێکیان جیا بکاتەوە، بەڵام بەلایەوە پشکی ئەو لە زیانی گشتیدا شتێکی ئەو تۆ نییە، لەچاو ئەو قازانجە تایبەتییەدا کە دەیەوێت دەستی بکەوێت. جیا لەم بەرژەوەندیە تایبەتییە، بەهەمان گوڕ و تینی هەموو کەسێکی ترەوە، بەرژەوەندی گشتی بۆ قازانجی تایبەتی خۆی دەوێت. تەنانەت لە فرۆشتنی دەنگی خۆشیدا بە پارە، ئیرادەی گشتی لە ناوخۆیدا ناکوژێنێتەوە، بەڵکو فریوی دەدات. ئەو هەڵەیەی دەیکات، بریتیە لە گۆڕینی داڕشتەی پرسیارەکە و وەڵام دانەوەی شتێکی جیاواز لەوەی لێی پرسراوە. لە جیاتی ئەوەی بە دەنگەکەی بڵێت «ئەمە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتە: دەڵێت:» ئەمە بۆ بەرژەوەندی ئەم یان ئەو پیاوەیە، یاخود ئەم یان ئەو پارتە، یاخود ئەم یان ئەو بۆچوونەیە». بەمەش یاسای سیستمی گشتی لە کۆبوونەوەکاندا، ناتوانێت ئیرادەی گشتیان تێدا بپارێزێت بەو شێوەیەی کە هەردەم پرسیارەکە بۆ ئەو بێت و هەمیشە ئەو وەڵام بداتەوە.52

ڕۆسۆ پەیمانی کۆمەڵایەتی بەشی 3 کتێبی 2دا دەڵێت (ا: ئیرادەی گشتی، ئیرادەی هەمووان نییە) زۆربەی کاتەکان جیاوازی دەکەوێتە نێوان ئیرادەی گشتی و ئیرادەی هەمووانەوە، ئیرادەی گشتی بەتەنها بەرژەوەندی هاوبەشی گشتی

لەبەرچاو دەگرێت، لە بەرامبەر ئەمەشدا، ئیرادەی هەمووان لە دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەتی دەگەڕێت و جگە لە دەرئەنجامی کۆکردنەوەی ئیرادە تایبەتەکان، هیچی تر نییە.

هیگڵ لە1821 وتویەتی: ئیرادەی گشتی، ئیرادەنییە، بەڵکو داناییە گەر دەوڵەت و کۆمەڵی مەدەنی بە یەک شتی هاوبەش لە قەڵەم بدەین وئەگەر ئامانجی دەوڵەت پاراستنی خاوەندارێتی و ئازادی تاکەکەسی و بەرپاکردنی هێمنی و ئاسایش بێت، بەرژەوەندی ئەو تاکانەی لەژێر ئەم ناوەدا کۆدەبنەوە، مەبەستی تاکەکانەو وەکو ئامانجێک لە بەرچاو دەگیرێت کە بۆ گەیشتن بەو مەبەست و ئامانجە ئەو تاکانە کۆمەڵگا و دەستەو گروپ پێکدەهێنن، لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بوون بە هاووڵاتی کۆمەڵگایەک، بەحەزو ویستی خودی ئەندامەکەیە، بەڵام پەیوەندی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەندامەکانی جۆرێکی ترە، بەو مانایەی گەر کۆمەڵگا بوونێکی بینراوی هەستپێکراوە، تاک پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی کۆمەڵگا، دەبێتە بوونێکی بینراوی واقیعی و دەبێتە هەڵگری مانا، کۆمەڵگا یاخود دەستەو گروپ تەنها لە ژێر ئەم پێناسەیەدا، هەم دەبێتە ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەو هەم دەبێتە ئامانج، مەبەستی تاکە کۆمەڵایەتیەکانیشی بەسەر بردنی ژیانە، لەگەڵ ئەمەشدا، دڵنیایی تاکەکان و چالاکیەکانیان و شێوەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان، کاری بنچینەیی و بە کۆمەڵایەتی زیندەگیکردن هەم وەکو خاڵی دەستپێک، هەم وەکو دەرئەنجام و ئامانج تەماشا دەکرێت. لە بواری لێکدانەوەی ئەم چەمکەدا، ڕۆسۆ شایستەی ئەوە بوو کە پێکهاتەی دەوڵەت نەوەکو لە فۆرمی دەوڵەتدا (بۆ نمونە، هەرەمەکی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی ئاسمانی)، بەڵکو لە ناوەرۆکی دەوڵەتدا لە سەر بنەمایەک دابمەزرێنێت کە لە ئەندێشەوە سەرچاوە دەگرێت و دەکرێت بڵێین هەر بۆخۆی ئەندێشەیە، لەبەرئەوەی ئیرادەیە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئیرادە تەنها لە فۆرمی دیاریکراوی ئیرادەی تاکەکەسی (وەکو فیختەو پاش ئەو) و ئیرادەی گشتی، نەک وەکو دۆخێکی ئاقڵانە بە شێوەیەکی زاتی و لە زاتی خۆیدا.53

بەڵکو بە هاوتای ئەو ئیرادە هاوبەشەی کە لە ئیرادە تاکەکەسیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕۆسۆ بەشداریکردنی تاکەکەسەکان لە کۆمەڵگادا بە پەیمانێک

دەزانێت کە بنەمای ئەو پەیمانە ئیرادەی خواستراو و دڵخوازی تاکەکان و دیدگای تاکەکان و پەیوەستبوونی ئازادانەو ئاشکرای ئەو تاکانەیە کە بەهۆی ئەوانە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەتەواوەتی ئەنجامێکی وێناکراو و وێرانکەری بوونی خوداوەندیە لە خودی خۆی و لە زاتی خۆیدا. لە بەرامبەر بنەمای ئیرادەی تاکەکەسیدا، دەبێ ئەم بنەما بنچینەییانە لە یاد نەکەین، ئیرادەی بینراو (عینی) لە خۆیدا مەعقول و لە ناوەڕۆکیشدا بە هەمان شێوەیە، ئەمەش جگە لەوەی کە لە لایەن تاکەوە ناسرابێت و بە ئازادی یان قبوڵ کرابێت یاخود ڕەتکرابێتەوە.

## ئیرادەی گشتی ئیرادەی هەموان نییە

لە تەواوی کارەکەیدا لەوە نزیکدەبێتەوە کە شەرعییەت بداتە چەمکی ئیرادەی گشتی، کە جیاوازە لەو ئیرادەیەی پێیدەوترێت ئیرادەی هەمووان. بەلای رۆسۆ وە ئیرادەی گشتی بریتیە لە ئیرادەی گروپگەلێک کە هەموویان لە بەرژەوەندییەکی هاوبەشدا کۆدەبنەوە و بەرەو ئامانجێکی هاوبەش دەڕۆن، بەڵام ئیرادەی هەمووان بریتیە لە سەرجەمی کۆمەڵێک ئیرادەی تاکانەی خۆپەرستانەی تایبەتی. مەبەستیش لەم جیاکردنەوەیە ئەوەیە کە دەوڵەت وەکو کەسێک بناسێنێت، کەسێک کە خاوەنی ئیرادەیەکی تایبەت و دیاریکراوی خۆیەتی وجیاوازە لە ئیرادەی هاووڵاتییە تاکەکانی. ئەم تێڕوانینانە سەرەتاکانی هەستی نیشتمانپەروەرێتی مۆدێرنەو لەوێوە بەختکردنی ئیرادەی تایبەتی لە پێناوی ئیرادەی گشتیدا سەریهەڵداوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە حاڵەتی سروشتییەوە گواستویەتییەوە بۆ حاڵەتی مەدەنی، لە سەرەنجێکی زرنگانەدا لەمبارەیەوە دەڵێت: «پەڕینەوە لە حاڵەتی سروشتییەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی چەند گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە مرۆڤدا دەخولقێنێت، دادپەروەری وەک ڕێسایەکی گشتی و سەروەر جێگەی رەمەک دەگرێتەوە، لەمەشەوە کردەوەکانی مرۆڤ تایبەتمەندییەکی ئاکاری وەردەگرن کە پێشتر نەیان بووە»، بەڵام نابێت ئەوەشمان بیربچێت کە رۆسۆ بەشێوەیەکی زۆر کردەییانە دەڕوانێتە پێکهاتەی دەزگای سیاسی، هەمیشە ئەوەی لە بەرچاوە کە ئەو دەزگایە لەوپەڕی گەشاوەیی و سەرکەوتووی خۆیدا ناوکی لەناوبردنی خۆی لە هەناویدا هەڵگرتووە. دەزگای



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

سیاسی دەشوبهێنێت بە جەستەی مرۆڤ کە چۆن بۆ ئەوە لەدایک دەبێت کە بمرێت، بۆ ئەوە گەشە دەکات کە لەبەریەک هەڵبوەشێت و شیببێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە سەرەتاییەی لێوەی دەستی پێکردووە.54

**ئیرادەی گشتی دەبێتە بنەمای سەرەکی فەرمانڕەوایی**

لەبەر ئەوەی هەندێ لە خەڵکان خۆیان بەیەک دەستە دانا، ئەمەش یەک مەبەستی هاوبەش دەردەخات ئەویش یەک ئیرادەییە، ئەم مەبەستەش دەربارەی مانەوەی هاوبەش و خۆشەویستی گشتییە، ئەو کاتە بڕبڕاگەی دەوڵەت بەهێز دەبێت، پلانەکانی ڕوون دەبێت و دوور دەبێت لە هەموو لێڵی و دژ بە دژیەکانەوە، ئاشتی و ئاسایش و یەکێتی و یەکسانە هەموویان دژ یەکە لەگەڵ بێ مانا سیاسیەکەی خەڵکە ڕێک و پێک و سادەکان، بۆ فێڵزان قورسە هەڵیان خەڵەتێنێ، لەبەر سادەیی مەبەست و ڕوونیان، کاتێک دەبینین کە بەختەوەرترین گەل لە جیهاندا هەندێ لە گوندییەکان کاروباری دەوڵەت دەبەن بەڕێوە لە ژێر پشتێنەی بە حیکمەت و ڕەزای خۆیان ئەو کاتە دەتوانێت بێزار نەبێت لەو گەلانەی تر کە بە ناوبانگن و لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەن بۆ هونەر و نهێنییەکانی خۆیان؟ ئەو گەلە بەختەوەرە و هیچی پێویست نییە تەنها کەمێک لە یاساکان کە ڕوون دەبێ لایان لە کاتی پێویست بوونیاندا. 55

ڕۆسۆ،لە پەیمانی کۆمەڵایەتی کتێبی 2، وەرزی 6، کتێبی 3، وەرزی 1 دەڵێت: سێ جۆر (ئیرادە) هەیە:

1. ویستی تایبەتی.

2. ویستی ئەو دەزگایەی کە ئەو (حاکمانە) (دادوەرانە) لە خۆدەگرێت کە شازادەیان لێ پێکهاتووە.

3. ویستی گشتی.

ڕۆسۆ دەڵێت: «دەتوانیت لە کەسایەتی دادوەر (حاکم) سێ ویستی جیاواز دەست نیشان بکەین بە جیاوازیەکی ناوەڕۆکی:

یەکەم: ویستی تایبەت بە خۆی وەک تاکەکەس کە تەنها بەلای بەرژەوەندی خۆی دابێت.

دووەم: ویستی هاوبەش لە نێوان ئەو حاکمانەی کە تەنها بەرژەوەندی

شازادە (فەرماندە) بەیەکەوە دەیان بەستێتەوە، کە دەکرێت بە ویستی دەزگا ناوببرێت.

سەبارەت بە حکومەت گشتی دادەنرێت و سەبارەت بە دەوڵەتیش بە تایبەتی دادەنرێت کە حکومەت بەشێکی لێپێکدێنێت. و لە پلەی سێەمدا ویستی گەل یان ویستی ڕامیاری. کە ئەویش ویستی گشتییە بە هەمان شێوە بەو حکومەتە باوەڕپێکراوە کە بەشێکە لە هەمووان.56

تیۆری ئیرادەی گشتی کە لە کتێبی گوتار لە ئابووری سیاسیدا خراوەتە ڕوو، فەلسەفەی سیاسی بۆ پانتاییەکی نوێ ڕاکێشاوە، لەو کتێبەدا رۆسۆ دوای ئەوەی کە جیاوازی نێوان دەوڵەت و بنەماڵە ڕوون دەکاتەوە، بەو شێوەیە درێژە بە قسە دەدات، کە دەوڵەت بوونێکی مۆراڵی خاوەن ئیرادەیە ئەو ئیرادەگشتییە بە ردەوام سەرەنجدەداتە پاراستنی کۆ و دانەدانەی تاکەکان. ئەوەی کە رۆسۆ لە بارەی ئیرادەی گشتی گوتویەتی شتێکی گشتیەو نەچووەتە ناو وردەکارییەکانیەوە، هەر لەبەر ئەوەش لە ڕاڤەکردنی بۆچوونی ئەودا لەمەڕ ئەوەی کە ئیرادەی گشتی بەچ مانایەکە، لێکۆڵینەوەگەری زۆرکراوە، بۆ ئەوەی کە بزانین ئیرادەی گشتی لە ڕوانگەی رۆسۆ چییە، بە پلەی یەکەم دەبێت سەرەنج بەو خاڵە بدەین، کە مەبەستی رۆسۆ لە ئیرادەی گشتی چ شتێک نییە. رۆسۆ دەڵێت لەوانەیە هەندێک لە بڕیارەکانی لیژنەی یاسادانەر نەتوانێت دەرخەری ئیرادەی گشتی بێت. بەهەمان شێوە ئیرادەی گشتی، لایەنی هاوبەشی ئیرادە پاژەکانی دیکەش نییە. شێوەیەک کە رۆسۆ بۆ بەدیارخستنی ئیرادەی گشتی دەیخاتە ڕوو لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەدا گونجاو و هاوئاهەنگ نییە. لەو حکومەتەی کە رۆسۆ مەبەستیەتی، هەر هاووڵاتییەک دەتونێت بە جیا لە خەڵکانی دیکە بیرو بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، پاشان هەموو ئەو شتانەی کە لەو بیروباوەڕ و بۆچوونانەدا هاوبەش بوون وەک ئیرادەی گشتی ڕادەگەیەنرێت. 57

ئیرادەی گشتی کاتێک بە دەستدێت کە هاووڵاتیان هەرکامیان بە جیا لە (دەرەوەی کۆمەڵا و حیزبەکان) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە تاک بیرو بۆچوونی خۆیان دەربڕن، هەتا لە کۆی ئەوان ئیرادەی گشتی پێکبێت. رۆسۆ، حیزب و تاقم و باڵا و ئەو ئەنجومەنانەی کە ڕۆڵی واسیتە (پەیوەندیدەر) دەبینین، بە بەربەستی

دەرکەوتنی ئیرادەی گشتی واقعی دەژمێرێت. رۆسۆ لایەنگری لە دیموکراسی ڕاستەوخۆ دەکرد و دیموکراسی نوێنەرایەتی لەگەڵ تیۆری خۆی نەگونجاو دەبینی. ئەو هەر بەوجۆرەی کە هێمای بۆ کرا، ئەو دەسەڵاتداریەتەی کە بە ئیرادەی گشتی پەیوەست بوو، قابیلی گواستنەوە بە نوێنەرەکانی دانەدەنا. دەسەڵاتدارێتی ئیرادەی گشتی لە خۆوە دەگرێت و ناتوانێت ئیرادەی گشتی بۆ نوێنەرەکانی بگوازێتەوە و پێیانبسپێرێت. ئیرادەی گشتی ئیرادەی زۆرینەش نییە، هەرچەندە کە رۆسۆ هەندێک جار واباس لە ئیرادەی گشتی دەکات، کە دەتوانرێت بە چەمکی ئیرادەی زۆرینە لێیتێبگەیشترێت .58

بۆچوونی رۆسۆ هەتا ئەو جێگایەی کە هێما بە ڕۆڵی ڕۆشنگەرەکان لە ڕێگا نیشاندان و ڕێنوێنیکردنی خەڵکی ئاسایی (نەک حکومەت کردن بەسەر خەڵکدا) دا دەکات، پەیوەندی لەگەڵ بیرۆکەی سیاسی نوێ بەتایبەت بۆچوونی «هابرماس» لەبارەی (پانتایی گشتی) وەک شوێنی گفتوگۆ و ڕەخنەی پرسە سیاسیەکان و ڕێنوێنیکردنی سیاسەت دانانی گشتیدا هەیە، زیاتر لە هەموو شتێک ئەو بۆچوونەی رۆسۆ خاڵێکی دەسپێکە بۆ تیۆری «هیگڵ» لەبارەی بەشداریکردنی سیاسی .59

### ئیرادەی گشتی وفەلسەفەی سیاسی مۆدێرن

میحوەری تیۆری سیاسی رۆسۆ، چەمکی «ئیرادەی گشتی»یە، چەمکی ئیرادەی گشتی لە بیرۆکەی رۆسۆدا بوەتە بابەتی گفتوگۆ و ڕاڤەگەلی زۆر. وا دیارە ئیرادەی گشتی، ئیرادەی کۆیەکی خەڵکی خاوەن خاوەندارەکە سەرنجی بۆلای خێر و بەرژەوەندی گشتییە نەک بەرژەوەندی گەلی تاکی. لە لایەنێکەوە دەتوانرێت ئیرادەی گشتی بە (عەقڵی کۆیەکان) یان عەقڵی تاقمی هاووڵاتی گەلێک دابنرێت کە باشترین بەرژەوەندی گەلی دەوڵەت بخوازن. بە هەرحاڵ خاوەنداریەتی لە دەوڵەتدا بە ئیرادەی گشتییە. لە تیۆری رۆسۆ دا ناتواندرێت دەسەڵاتدارێتی بە نوێنەرەکان بسپێرێت. بەو پێیە کۆمیتەی دەسەڵاتدار تەنیا کۆمیتەیەکی جێبەجێکارە و دەسەڵاتدارێتی لە ئیرادەی گشتی قابیلی جیاکردنەوە نییە .60

رۆسۆ بە تیۆری ئیرادەی گشتی توانی گرفتێکی گەورە لە فەلسەفەی

سیاسی مۆدێرندا چارەسەر بکات. ئەو گرفتە بەو شێوەیە بوو کە چۆن دەتوانرێت پرسی ئازادی و سەربەخۆیی تاک، لەگەڵ کۆنی گوێڕایەڵی کردن لە دەوڵەت کۆ بکرێتەوە. لە تیۆری ئیرادەی گشتیدا، هەر تاکێک بە گوێڕایەڵیکردن لە ئیرادەی گشتی لە واقیعدا گوێڕایەڵی لە ئیرادەی خۆی دەکات، نەک لە ئیرادەی هێزێکی دەرەکی. لە دوو ڕەگەز لە بیرۆکەی سیاسیدا، واتە ئەو سیستمانەی کە لەسەر بنەمای مافە و ئەو سیستمانەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، لەبەرئەوەی کە دەوڵـەت دەوڵەتێکی دەرەکـی بوو و بە ماشێنێکی جیا لە خەڵک بە ئەژمار دەهات چارەسەرکردنی ئەو گرفتە دەستەبەر نەبوو، لە ئەنجامدا لەو سیستمانەدا ئازادی تاک لەگەڵ دیسپلینێکی کۆمەڵایەتی دەکەوتە بەرامبەر یەکتری، بەڵام لەگەڵ تیۆری ئیرادەی گشتی و دیسپلینی کۆمەڵایەتی و ئازادی لەگەڵ یەکتری هاوجوونن. لەو تیورییەدا لە نێوان ئیرادەی ئازاد و ئەو ئیرادانەی کە پەیڕەوی لە یاساگەلی جیاواز دەکەن و هاوجوونیەک نییە. بەو تیۆرییە گرفتی تیۆری «لۆک» لە بارەی پەیڕەوکردنی کەمینە لە زۆرینە چارەسەر دەبێت. بەو شێوەیە پێویست ناکات کە پەیمانی گشتی ببێتە پەیمانی تەسلیم و ئیرادەی هەمووان ببێتە ئیرادەی دەسەڵاتدار. بەو شێوەیە رۆسۆ لەگەڵ ئەوەی کە جارێکی دیکە پەیمانی کۆمەڵایەتی وەک «هۆبز» کردە پەیمانێکی یەکگرتوو، هەروەها لایەنی بەرامبەری پەیمانی نەک دەسەڵاتدارێکی لە دەرەوە پەیمان، بەڵکو خەڵکی دانا.

یاساکان لە دەست پێکردنیان بە قسەی ڕۆسۆ لە بارەی هەندێ رێک و پێکەوە کەم و کوڕی ئیابوو، و پێوانە وبنەماکان بەسترابوون بەئەندامانی کۆمەڵگاو هەمووی رێزیان مسۆگەر ئەکات و پێوەیانەوە ئەبەستێنەوە، بەڵام بە خێرایی شێوەی حوکمرانی بەلاواز بڵاوکرایەوە، ئەم چەمکە (دانانی جێگر لە ئەندامان لەسەر سپاردە ترسەکانی دەسەڵاتی گشتی 61.

بەم جـۆرە والیە هەڵبژێراوەکان دەرکەوتن هەرچەند گەل ویستی خۆی یەکخست هەموی لە یەک ڕێڕەودا بەوەی کە بەسرابوو بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان . هەرکەسێک بابەتێکی لە ڕێرەودا دانابێ بە خێرایی ئەبو بە یاسایەکی بنەڕەتی بۆ هەمو ئەندامانی دەوڵەتی ئەگرتەوە بەبێ جیاکردنەوەی هیچ کەس، بەم جۆرە ئەبینین لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی ناخورێت. لە ڕوانینی

ڕۆسۆ له دروستبوونی کۆمەڵگا وەک ڕێکخراوێکی سیاسی دائەنا، بەڵکو پەیوەندیه بەرامبەریەکان (گۆڕاوەکان) له نێوان گەلدا و ئەوانەی هەڵیان بژاردون هەروەک حوکمرانیان بن سنوردار کرد .گرێبەستی کۆمەڵایەتی پەیمانێکی ویستی(ئیرادی) بوو، کەسەکان وازیان هێنا له ئازادی سروشتی خۆیان هەر کەسێک بۆ ئەوی تر ،و ویستی کەسایەتیەکەی خۆی ئەتوانەوە بۆ ویستی گشتی هاوبەش وە رێک ئەکەوتن لەسەر قایل بونی حوکمرانان ،ئەمەبو (ویستی گشتی) وەک حوکمکردنەکانی کۆتایی بڕاوەیەو وە ئەم ویستی گشتیە ئەو دەسەڵاتەیە خاوەنی سالارییە وە ئەگەر ئەم دەسەڵاتە تێگەیشتن کە راست گۆیە کەواتە دەسەڵاتی (رەها) و (پیرۆزە) و ناتوانرێ تیایا بێنە دەرەوە . بەڵام حکومەت کارێکی لاوەکیە (دووەمە) خراوەتە بەردەم مەلیک و فەرمانبەران یاخود نوێنەرە هەڵبژێراوەکان نوێنەری ئەو گەلەن کە خاوەنی دەسەڵات سەروەری هەیە .62

گرێبەستێ کۆمەڵایەتی لای رۆسۆ گرێبەستێک نیە لە نێوان کەسەکاندا (هەروەک لای هۆبز) و گرێبەستێک نییە لە نێوان کەسەکاندا (هەروەک لای لوک) بە گوێرەی ئەم گرێبەستانە هەروەک رۆسۆ ئەیبنێ، کە وە لەهەر کەسێک یەکئەگرن لەگەڵ هەموان، گرێبەست ئەوەیە لە نێوان کۆمەڵێک بە جۆرێک هەرتاکێک بخاتە بەرچاو شەخسیەتی و تواناى هەیە لە هاوبەشیدا لە ژێر دەسەڵاتی ویستی گشتیەوە، هەر تاکێک لەسەریەتی لەگەڵ هەموان یەکبگرێ، ولەهەمانکاتدا لەگەڵ هیچ کەسێک بە شێوەی تایبەت یەکناگرێ. گرێبەستی کۆمەڵایەتی مەرجێکی پێویستە و بەستنەوەیە بۆ هەر دەسەڵاتێکی شەرعی و بۆ ئەوان ئەم ئەم گرێبەستەدەبەستن لە کاتی خۆیدا .وێنەی تێڕوانینی ڕۆسۆیە قۆناغێکی دیاریکراوە لە پێشکەوتنی مێژوودا دەستنیشانی گواستنەوە ئەکات لە باری سروشتیەوە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوەی مرۆڤ زیان بەخشئەکات لە بوونی ئەم گرێبەستە ئازادی سروشتیەتی و مافی بێسنور لە هەموو لەوانەی نزیکی ئەکاتەوە و هەموو ئەوانەی کە ئەتوانێ بیگاتێ و درێژەی پێبدات و ئەوەی کە سودی لێوەرئەگرێ کە ئازادی مەدەنییە کە خاوەندار ئەبێ لەوەی کە خاوەنداریەتی بە دەستەوەیە .لە عەقلی ڕۆسۆ ئەو پەیماننامەیە ، کۆمەڵاتییە وا لە دەوڵەت ئەکات خاوەن موڵکایەتی لێپرساوەکانی رەهایان بێت، هەموویان



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بێجگە لەو دەوڵەتەی ڕازییە بە موڵکایەتی ژێردەستەکانی، لێپرسراوەکانی، لەلای ڕۆسۆ گرێبەستێک ببێت باشترە لە نێوان هەردوولا دا وبەگوێرەی ئەوە فەرمان دەرکات و دووەمیش گوێڕایەڵی بکات ، تاکەگرێبەست ئەوەیە کە بەدەستهێنانی سیاسی لێیەوە لەدایک ببێت.63

ئیرادەی گشتی ئیرادەی زۆرینەیە، بەپێی یاساکانی گشتی گوزارشتی دەکرێ. بە یاسایەک کە خاوەن مافی گشتی نەبێ، هەروەها گشتییەو لواوە بۆ پراکتیەکردنی لەسەر هەمووان نەک لە بڕیارێک کە دەربارەی ڕووداوێکی تایبەت بێت، یان دەربارەی جەنگێک، یان پەیمانێک بێت، پێویستە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارش لەخۆی بکات، هەر کارێک کە نابێ گەل مافی ئەوە بدات بە نوێنەرەکانی بۆ داڕشتنی یاساکان لەجێگایدا، بەڵام لەبەرامبەری ئەوەی پەیمان دەدرێ بۆ جێ بەجێکردنی یاساکان بۆ حکومەت لەبەر ئەوەی کە گەل ناتوانێ یاساکانی خۆی بەسەر خۆیدا پراکتیکیەوە بکات، کەواتە ئەو حکومەتە لە خزمەتی ئیرادەی گشتی دایە، بۆیە دەتوانرێ لە هەر ساتێکدا بێت گۆشەگیر بکرێ. پێویستە ئیرادەی گشتی پڕ چەک بکرێ بە بەرژەوەندییە گشتییەکان. لەبەر ئەوەی هەر یاسایەک خزمەتی بەرژەوەندی تایبەت بکات بە یاسایەکی ستەم دادەنرێ. بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان نەمێنن، ڕۆسۆ بەم شێوەیە ڕێنماییمان دەکات بە قەناعەتکردن بە سامانی سنوور دراو بە فێرۆدان، هەروەها بانگەشەی یەکسانی کۆمەڵایەتیش دەکات. کەوابێ ئیرادەی گشتی کە لە سنێرکەکەی دابینکردنی بەرژەوەندی گشتییە پێویستە کە دادپەروەردەیو بەهێزی تیادا بێت، بەڵام زۆر جار لەوانەیە بڕیارەکانی هەڵە بن، لەبەر ئەوەی کە هەندێ جار زۆرینە هەڵە دەکات، ڕۆسۆ لەپێناو گەیشتن بەو سیستمە هەوڵیدا کە پەیوەندی بە حزبێکەوە بکات لە دوورگەی کورسیکا بوو بۆ پراکتیکەکردنی سیستمو بنەماکانی، بەڵام ڕێگایەکی پڕ مەترسی لەبەردەمدا بوو، بەڵام داوای بەهێزکردنی دەروونو باشەو ئـازادیو لێبوردنو بایەخدان، بە دروست کردنو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی گشتیو بۆ بزاوتنی ئەو بیروباوەڕە پراکتیکەکردنی ڕێبازەکەی دەکرد. 64

## ئیرادەی گشی وئازادی

ویستی گشتی دراوێـک نییە وەک هەقیقەت، بەڵکو داواکارییە بۆ وازهێنان، هەرگیز دامەزراو نییە، بەڵکو هەمیشە ئاڕاستەیە، هیچ ناوەڕۆکێکی نییەو کاری چاک وەک ڕێنوما دانانێ، بەڵکو مەرجو مێتۆد. مەرجەکەی بریتییە لە دیاریکردنی فۆرمێک، کە دەبێ ویستی مرۆڤ هەیبێ، ئەویش تەنها بۆ ئەوەی خۆیو کارەکەی چاک بن. ئەو فۆرمە بریتییە لە گشتیبوون، واتا: بۆ ئەوەی مرۆڤ چاکو بەڕەوشتو ئازاد بێ، نابێ ویستی تایبەتی هەبێ، بەڵکو تەنها دەبێ ویستی گشتیی هەبێ.

ویست لە دوو ڕووەوە گشتییە. ویست لە پەیوەندیی یەکەمدا گشتی دەبێ، گەر لە ناخی هەر تاکێکو هاوکات لە ناخی هەمووواندا هەبێ، بە واتا ئەگەر ویستی سەرجەم بێ، بەڵام ویست لە پەیوەندیی دووەمدا گشتی دەبێ، گەر هەر تاکێک بەبێ جیاوازیو هاوکات هەمووان بگرێتەوە، واتا ئاڕاستەی سەرجەم کرابێ. ویست وەک ویستی سەرجەم، کە ئاڕاستەی سەرجەم، واتا ئاڕاستەی خۆی دەکرێ، برێتییە لە ئۆتۆنۆمیو ئازادی، چونکە ئێستا ویستێکی ، بە مرۆڤ نالێ «چی» ئەنجام بدات، بەڵکو فەرمان دەدات، کە مرۆڤ «چۆن» بڕیار بدات، ئەم بڕیارەش تەنها لە ویستەوە بۆ ویست دەدرێ. بە کورتی، مرۆڤ دەبێ لە خوای نێو ناخییەوە، واتا لە ویژدانییەوە، هەڵوێست بنوێنێ.مرۆڤ بە بڕوای ڕۆسۆ بەم بەستنەوەیە ئازادیی پێدەدرێ. ئێستا تاکو کۆمەڵ خۆیان لە پەیوەندییەکی نێو خۆییدا دەبیننەوە. ئەوەی تاک دەیەوێ، دەبێ بە زەرووره هەمان شت بێ کە کۆمەڵ دەیەوێ. ویستی خۆییو کۆمەڵایەتی دەبێ هەر لەنێو ئەم تاکە ویستەشدا یەکەیەک پێکدەهێنن. ناشێ دوو ویست لەنێو کۆمەڵدا هەبن. گەر تاک خۆی دەوڵەت بوو، ئەوسا هۆشرایەڵی خۆی دەبێ. یەکخستنی کۆمەڵێک تاکی ئازاد، کە بڕیار دەدەن، واتا ئۆتۆنۆمی، بەبڕوای ڕۆسۆ هیچی دی جگە لە ئۆتۆنۆمی ناگەیەنێ. ڕۆسۆ پرنسیپی یەکگرتن لەنێو ئازادی یان ئۆتۆنۆمیدا بەدیدەکات. ئێستا چیدی دەوڵەت گەرەنتیی ئازادی نادات، بەڵکو خۆی بەپێی جەوهەری ئازادییە. 65

## ئیرادەی گشتی ویاسا و مافی دەنگدان

رۆسۆ پێیوایە کاتێک مرۆڤەکان لەسەر دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو پێکهاتن، ئەوا بەم هەنگاوەیان دەست بەرداری مافی سەروەرێتی خۆیان بوون بۆ جڤات، واتە ئەمەیان بۆ ئەوە کرد تا ئیرادەی تاکە کەس لەگەڵ ئیرادەی ئەوانی دیدا، بەشداربێت لە دروستکردنی ئەوەی پێیدەڵێن ئیرادەی گشتی. بۆ بەستنی پەیمانی کۆمەڵایەتیش ڕەزامەندبوونی تەواوی کەسەکان لەسەر ئەوە هەنگاوە، بە کارێکی پێویست دەزانێت. دوای دروستبوونی دەوڵەت، ئیرادەی زۆرینەی نوێنەرایەتی ئیرادەی گشتی دەکاتو دەبێت کەمینەش ملکەچی ئیرادەی زۆرینە بێت، گەرواش نەکات ئەوا دوچاری هەڵە دەبێت کە سەرچاوەکەی نەزانینە، هەر کاتێکیش ئەو نەزانینە نەما ئەوا کەمینە هەست بەوە دەکات، کە ئیرادەی ئەویش جیاوازی لەگەڵ ئیرادەی زۆرینەدا نیە. لەبەر ئەوە رۆسۆ پێیوایە هەمیشە ئیرادەی زۆرینە تەعبیرە لە ئیرادەی گشتیو ناچارکردنی کەمینەیە بەوەی ڕێزی ئیرادەی زۆرینە بگرێت، دەبێتە مایەی ئەوەی کەمینە زۆر ئازادو سەرفرازترین لەوەی گەر تەنها شوێن ڕاوبۆچونی خۆیان بکەون.66

هاووڵاتی کاتێک گوێڕایەڵی یاساکان دەکات، ئەوا گوێڕایەڵی ئیرادەی گشتی دەکات کە لە یەک کاتدا ئیرادەی خۆیو ئیرادەی هەموانیشە. گەر لەو یاسایانەش یاخی بوو، پێویستە بە زەبری هێز ناچار بکرێت بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی یاسا بێت، لەبەر ئەوەی یاخی بوونی لە یاسا بە مانای یاخی بوونیەتی لە ئیرادەو ویستی خۆی. لەکاتێکدا کەمینە ناچار دەکرێت، گوێڕایەڵی ئەو یاسایانە بێت کە زۆرینە دەنگی لەسەر داوە، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت ئازادی پێشێل کراوە، بەڵکو مانای بەرکەماڵ بوونی ئازادی ئەو دەگەیەنێت. رۆسۆ دەڵێت: (مەبەست لە دەنگدان لەکاتی پێشنیارکردنی یاسایەکدا، پەسەندکردن یان نەکردنی ئەو پێشنیارە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بزانرێت لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا دەگونجێت یان نا، تەنها دوای دەنگدانیش ئەو ئیرادەیە دەزانرێت).، هەروەها دەڵێت: (کاتێک ڕایەکی پێچەوانەی ڕای من سەردەکەوێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە من هەڵەبووم).

بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی دەنگدانی گشتیدا (کاتێک کە دەگەنە تەمەنێکی دیاریکراو)، مەرجێکی سەرەکیە بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتی

گشتیو تەعبیرکردن لە ئیرادەی گشتی لەناو کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسیەکاندا.رۆسو لە بەرامبەر ئەو پرسیارەی کە دەڵێت چۆن دەکرێت کەسێک لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ خەڵکیدا یەکگرتووە لە کۆمەڵگایەکی سیاسیدا. لە هەمانکاتیشدا پەیڕەوی لە ویستی خۆی بکاتو وەکو قۆناغی بەر لە پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵگا ئازاد بێت، دەڵێت کە ئەمە لەکاتێکدا دەکرێت کە یاسا دەسەڵاتدار بێت. کاتێک کە تاک پەیڕەوی یاسا دەکات، وەکو رەنگدانەوەی ویستی گشتی، لە راستیدا پەیڕەوی خواستی خۆی دەکاتو ئازادە. رۆسۆ ئەم کێشە سەختە فەلسەفییە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو و وەڵامیدەداتەوە: ئەو دەپرسێت: (چۆن دەکرێت کە مرۆڤ بێئەوەی کەسێکی هەبێت لە سەرووی خۆیەوە تاوەکو فەرمانی پێبدات فەرمان جێبەجێ بکات. بێئەوەی گەورەیەکی هەبێت خزمەت بکاتو کاتێک کە بەشێوەیەکی رواڵەتی لەژێر فەرماندا کار دەکات لە هەموو کاتێکی تر ئازادتر بێتو تەنها دەتوانێت ئازاری کەسانی تری پێبدات؟)و وەڵام دەداتەوە کە: (ئەمە سەیری کاری یاسایە. تەنها لە سایەی یاسادایە کە مرۆڤ دەگاتە دادپەروەریو ئازادی.. ئەمە هەر ئەو دەنگە ئاسمانیەیە کە وانەی فەرمانڕەوایی عەقڵی گرووپی بە هەموو هاووڵاتیەک دەڵێتەوەو فێریدەکات کە بە پرەنسیپی بەڵگە نەویستی دادوەریکردنی خۆی کار بکاتو نەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ خۆیدا.)67

کۆمەڵگا مرۆییەکان هەمیشە بۆ خۆیان یاساگەلێکیان هەبووە. ئایا هەر یاسایەک وەها پەرجوویەکی تیادایە ؟ ئایا لە راستیدا ئێمە بە پەیڕەویکردنی هەموو یاسایەک پەیڕەویمان لە خۆمان کردووەو سەربەخۆییو ئازادی خۆمان پاراستووە؟ بێگومان وەڵامی رۆسۆ نەخێرە. رۆسۆ باس لە یاسایەک دەکات کە هەڵقوڵاوی ویستی گشتی یان لە راستیدا خودی ویستی گشتییە. تاکەکانی ناو کۆمەڵگا کاتێک ملکەچی یاسا دەبن کە یاسا دەربڕی ویستی گشتییەو ویستی گشتیش کردوە، واتە ویستی راستەقینەی خۆی. لێرەدا ئەمو مژێکی دیکە دروستدەبێت: چۆن کاتێک کە من پەیڕەوی ویستی گشتی دەکەم، پەیڕەوی ویستی راستەقینەی خۆمم کردووە؟ ئایا لێرەدا شوێن ویستی تر نەکەوتووم؟ وا هەست پێدەکرێت کە ئەگەر من پەیڕەوی ئەم یاسایە بکەم، ئازادی خۆم لەدەستداوە (چونکە شوێن، ویستی تر کەوتووم) بەڵام رۆسۆ دەڵێت⁄ من ئازادی خۆمم لەدەستنەداوە بەڵکو (ناچار کراوم بە ئازادی).68

رۆسۆ وتوویەتی ئازادیبریتییە لە پەیڕەوکردنی ئەو یاسایەی کە ئێمە بۆ خۆمانمان داناوە. پرسیارەکە ئەوە بوو کە چۆن ویستی گشتی بۆ نموونە یاسایەک دەخاتە ڕوو کە من بۆ خۆمم داناوە؟ ئەگەر من دەنگی پێچەوانەم بەم یاسایە دابێت، لە ڕواڵەتدا بەو واتایەیە کە نەمویستووە ئەو یاسایە کرداری من ڕێک بخات. وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەگەر من ئازادانە بەشداریی دەنگدانم کردبێت، ئەگەر ئەو ئۆرگانانەی کە لە ویسنە لاوەکییەکانەوە جیا دەبنەوە بۆچوونی خۆیان بەسەرمدا نەسەپاند بێت، ئەگەر من مافی ئەوەم هەبێت کە جارێکی تر بە جۆرێکی گونجاو ئەو پرسە بخەمەڕوو کە لە یاسادا ڕەنگیداوەتەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەم حاڵەتەدا من ویستوومە کە یاسا ڕەنگی داوەتەوەو گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەم حاڵەتەدا من ویستوومە کە یاسا جێبەجێبکرێت تەنانەت ئەگەر لە بەرامبەریدا دەنگی پێچەوانەیشم هەبووبێت. من خوازیاری وەها یاسایەکم، نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە ئاسایشی من دابیندەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە من ویستوومە دادپـەروەری جێبەجێبکرێت. من لە سایەی عەقڵی گشتیو دادپەروەری کۆمەڵگادا ئارامیو ئاسوودەیی زیاتر بەدەستدێنم، تاوەکو لە عەقڵی تاکو دادپەروەری تاکدا، کەواتە کاتێک کە من بۆچوونی خۆم جیاواز دەبینم لە بۆچوونی گشتی، ئەگەری ئەوە هەیە کە من هەڵەبم. نەک لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگا بەهێزترە لە من بەڵکو لە بەر ئەوەی کە کۆمەڵگا شوێنگەیەکی یەکسانو ئازادی یاسادانانی بە منو بە هەمووان بەخشیووە. ڕەنگە هەندێ کات من ڕاڕابم لەوەی کە دژی یاسایەکی تایبەتی بم، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەکو ڕێسایەک ڕاستی لەبەرچاو دەگرم. ئەوانە یاساکانی خودی منن. 69

## دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و یاسا

ڕۆسۆ دەڵێت: ئەگەر لە من بپرسن شەڕەنگێزترین گەلی سەر زەوی کام گەلن، بەبێ وەستان لە وەڵامدا دەڵێم: ئەو گەلەی کە لە هەمووان زیاتر یاسامەندە .70

هەرچۆنێک بێت رۆسۆ لەو باوەڕەدایە کە هەتا سەروەری لە دەستی گەلدا نەبێت، حکومەت هیچ شەرعییەتێکی نییە، مەبەستی لەمەش ئەوەیە کە پێویستە هەموو یاسا و ڕێساکانی حکومەت بخرێنە بەردەستی جەماوەری گەل، بۆئەوەی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ڕاستەوخۆ دەنگی لەسەر بدەن، هەر یاسایەک بە دەنگدان پەسەند نەکرابێت، یاسایەکی ستەمکارانەی ناشەرعییانەیە، هەر بۆیەش ڕاشکاوانە دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی ڕەتدەکاتەوە، واتە ئەو سیستمەی تێیدا زۆرینە باڵا دەستە. هەوڵێکی زۆریش دەدات بۆ ئەوەی بۆمان ڕوونبکاتەوە کە بۆچی هەمیشە کەمینە ناچارە مل کەچ بکات و جڵەوی خۆی بداتە دەست زۆرینە، هەر لێرەشەوەیە کە نایەوێت هیچ سنوور کارییەک و پێوەندکردنێک لەلایەنی زۆرینەوە پەسەند بکات، چونکە دەزانێت ئەوانە دەبنە هۆی کۆت و پێوەند کردنی ئازادی تاکەکەس.

ڕۆسۆ بۆیدەرکەوتووە کە سیستمی دیموکراسیزمی نوێنەرایەتی بەکەڵکی دەوڵەتە گەورەو بەرینەکان نایەت، بەڵکو بەتەنها بۆ دەوڵەتە بچووکەکان بە کەڵکە. لەم بۆچوونەشیدا چاوی بڕیبووە سیستمی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتشارەکانی یۆنان. بۆ دەوڵەتەگەورەکان زیاتر سیستمی فیدراڵی بەلاوە پەسەند بوو.71

ڕۆسـۆ خۆشی ئاگاداری ئەو ناڕەزایی و گازەندانە بـوو، کە ئاراستەی سیستمی دیموکراسیزمی ڕاستەخۆ کراوە، لە زۆر شوێنیشدا هەوڵیداوە بیر لەو ناڕەزاییانە بکاتەوەو وەڵامیان بداتەوە، یاخود بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێت بۆ ئەو گرفتانەی دەیانخەنە ڕوو. یەکێک لە سەرەکیترین ئەو ڕەخنەو گازندانە کە تائیمڕۆش بەشێوەیەک لە شێوەکان درێژەی هەیە، گومانکردنە لەوەی سیستمی دیموکراسی بتوانێت بەردەوامی بدات بە پرسی یاسادانان و ڕێکخستنی یاسا و ڕێساکان و هێنانە دەرەوەی دەستوورێکی گشتگیری وەها کە خزمەتی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بکات. رۆسۆ پێیوابوو چارەسەری ئەم گرفتە بەوە دەکرێت کە ژمارەی یاساکان کەم و گشتی بن، مەبەستیشی لەوەیە کە ئێمە زۆرجار ناوی دەنێین یاسادانان، ئەمەش جێهێڵرێت بۆ ئەوەی حکومەت مامەڵەی پێوە بکات. رۆسۆ خۆشی لەو باوەڕەدا نەبوو کە شتێک هەبێت بتوانرێت پێی بوترێت دیموکراسی نمونەیی یان ئیدیاڵ، بە مانای ئەوەی هیچ خەوش و خارێکی تێدا نەبێت و بتوانێت تەواوی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی یەکسان لە سایەی خۆیدا کۆبکاتەوە. لە جێگایەکدا پێ لەوە دەنێت کە «بە مانا ڕاستەوخۆکەی وشەکە هەرگیز شتێک لە ئارادا نەبووە ناوی دیموکراسی ڕاستەقینە بێت، شتی وەها هەرگیز نایەتە ئاراوە. ئەمە پێچەوانەی سروشتە لەمەڕ ئەوەی کە پێویستە زۆرینە فەرمانڕەوا بن و کەمینەش فەرمانڕەوایی بکرێن».72

## یاساو بەرژەوەندی گشتی

ئەوەی کە باشە و وێک دەچێت بۆ ڕۆحی سیستەم، ئەمەش بەهۆی سروشتی شتەکان خۆیان دەبن، هەروەها بەسەربەخۆیی چاکسازی بەشەریەت دەبن، هەموو دادپەروەریەک لە خوداوە دێت، ئەو تەنها سەرچاوەیە بۆی، بەڵام گەر بمانزانیایە ئەو لەو پلە باڵایە قبوڵ بکەین وەک پێویست، ئەوا پێویستمان بە حکومەت و یاساکان نەدەبوو، بێ گومان بوونی دادپـەروەری گشتی تەنها لە عەقڵەوە سەرچاوە وەردەگرێ، بەڵام ئەم دادپەروەریە بۆ ئەوەی بگونجێن لەگەڵیدا پێویستە ئاڵا و گۆڕ بێت،دواجار ئێمە گەر سەیری شتەکان بکەین لە ڕوی مرۆییەوە دەبینین کە یاسا دادپەروەریە سروشتیەکان ڕۆدەچن و نامێنن، لە نێو مرۆڤدا لەبەر نەبوونی ئەو سزا سروشتیانەی کە ئەوە دەسەلمێنن، ئەمەش وادەکات کە شەڕخوازەکان ئەوانەی ڕێزی لێناگرن سوودی لێببینن و کۆششی بۆ دەکات بۆ ئەو هەڵبژاردنەی ڕێزی لێدەگرن، بۆیە پێویستە پشت بە پەیمان و یاساکان ببەستن لە نێو بەشەرەکاندا کە مافی سنووردارە بۆ ئەرکە سنوونرداکراوەکان، بۆئەوەی دادپەروەری بگاتە ئەنجامی خۆی، بەڵام یاسا چییە؟ یاسا نابێتە یاسایەکی حەقیقی تائەو کاتەی کە نەگاتە ئامانجی بەرژەوەندی گشتی، نەک بەرژەوەندی تاک، یان تاکەکان، چەندە ژمارەیان زۆربێت، ئەوکاتە هەموو گەل یاسایەک دەردەکەن بۆ هەموو گەل، بێ ڕەچاوکردن ئەو کاتە یاسا گشتی دەبێت وەک ئەو ئیرادەیەی دەری دەچێنێت تا ئەمە ناو دەنێم یاسا، ناوی کۆماری لەو دەوڵەتانە نرا کە یاساکانی تیا بڵاوە گەر شێوەی دەوڵەتەکە هەرچییەک بێت، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی گشتی خۆی بڕیار دەدات، تەنها خۆی ئەوکاتە، ئەو دەوڵەتە هەموو دەوڵەتێکی شەرعی ناوی کۆرمارییە، لەبەر ئەوە ئیرادەی گشتی حوکمی دەکات، ئیرادەی گشتی خۆی یاسای شەرعییە.73

یاسا تەعبیر کردنە لە ئیرادەی گشتیو بەلای رۆسۆوە تەنها ئامرازێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمکاری کەسی فەرمانڕەوا، هەروەها ئەوە یاسایەکە ئازادیو دادپەروەری بۆ هاووڵاتیان فەراهەمدەکاتو دەتوانێت لەسەر زەوی گوزارشت لە سیستمێکی ئیلاهی بکات. بەو پێیەی یاسادانان مافی خاوەن دەسەڵاتە (واتە مافی گەلە)، ئەوا ناشێت یاسا ناڕەوا ناهەق بێت، هەروەها بۆ هیچ فەرمانڕەوایەک

نییە خۆی بخاتە سەرو یاساوە، لەبەر ئەوەی هەموو فەرمانڕەوایەک لەلایەن میللەتەوە راسپێردراوە تا بەو ئەرکەی هەستێت. رۆسۆ لایەنگری ئەوەیە میللەت مافی یاسادانانی هەبێت، ئەنانەت گەر هاتوو کەسانێکی واشی تێدابن کە توانای ئەوەیان نەبێت. لەم بارەیەوە دەنووسێت: (میللەت کە پێویستە گوێڕایەڵی یاساکان بکات. دەبێت خۆی دانەری ئەو یاسایانە بێت. هیچ کەسێک جگە لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە بۆی نییە کارێکی وا بکات).74

بەم جۆرە دەبێت بابەتی یاسا گشتی بێتو دوور بێت لە خواستە تایبەتیەکان، چونکە شتە تایبەتیەکان هەرگیز جێ گرنگی پێدانی یاسا نینو بە هێند وەریان ناگرێت. ناکرێت یاسا ناهەقو ناڕەوا بێت، مادام خاوەنی سەروەری (واتە میللەت بەتەواوی ئەندامەکانییەوە) یاساکان دادەنێت، ئەوا هیچ کەسێک زوڵم لە خۆی ناکات. کەسی فەرمانڕەواش کە لە ڕاستیدا (تەنها نوێنەری میللەتە) نابێت لە سەرو یاساوە بێت، بەڵکو دەبێت ملکەچو گوێڕایەڵی بێت. گەل کە تەواوی ئەندامەکانی گوێڕایەڵی یاسان، دەبێت هەر ئەوانیش ئەو یاسایانە دابڕێژنو بڕیاری لەسەر بدەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە هەستێت بە دانانی یاسا، پێویستە پشت بە یاسادانەرێک ببەستێت. هەرچەندە یاسادانەر یاساکان دادەنێت، بەڵام ئەو خاوەنی سەروەری نییەو ناتوانێت حوکمی گەل بکات، هەروەها ناتوانێت بڕیاری کارپێکردنی ئەو یاسایانەش بدات کە دایان دەنێت. چونکە ناتوانین دڵنیابین لەوەی ئیرادەی یاسادانەر (کە ئیرادەیەکی تایبەتە)، دەگونجێت لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا یان نا. ئەمەش تەنها ئەو کاتە دەکرێت کە ئەو یاسایانە بخرێتە دەنگدانێکی ئاشکراو ئازادەوە گەل بەشداری تێدا بکات، لەبەر ئەوەی تەنها ئەو دەتوانێت هێزی جێبەجێکردن بداتە ئەو یاسایانەو بڕیار لەسەر کارپێکردنیان بدات. بەپێی پەیمانی کۆمەڵایەتی، جگە لە ئیرادەی گشتی کەسی تر بۆی نییە هیچ هاوڵاتییەک ناچار بکات بە کارێک کە خۆی ویستی لەسەر نەبێت.75

بۆ داهێنانی باشترین بنەمای کۆمەڵایەتی کە گونجاو دەبێ بۆ نەتەوەکان، پێویستە عەقڵێکی ژیر و بەرز هەبێ، کە هەموو ئارەزوو مەیلەکانی بەشەر ببینێت، بێئەوەی ئەو مەیل و ئارەزووانە هەبێ، بێئەوەی پەیوەندی بەسروشتمانەوە هەبێ، بەڵام قوڵاییەکانی دەرک پێبکات، بێئەوەی بەختیارییەکەی پێویستی بە

ئێمە هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخیان پێدەدات، پێویستە خودایەک هەبێت بۆئەوەی یاساکانی بەشەر دابنێ، ئەوەی دەیەوێ گەلێک دروستکات پێویستە لە توانایدا بێت، کە سروشتی بەشەری بگۆڕێت، هەروەها تاک بگۆڕێ لە حاڵەتی تەنیایی و گۆشەگیری بواری بەشێک لە هەموو هێزەکان کە تاک لە ژیان و قەوارەی کۆمەڵایەتی خۆی لەوەوە وەردەگرێ وا دەبێ کە لە توانایدا بێت بێکهانەی ڕەوشی تاکی سەرەتایی شینەڵبکاتەوە بۆئەوەی هێزی بۆ بگەڕێنێتەوە بەکورتی پێویستە لەسەری کە هێزی تاک بخرێتە سەر هێزی کۆمەڵ، بۆئەوەی ئەو هێزە ببێتە هێزێکی یەکگرتوو، بەهێزتر و تواناتر بێت بەقەد توانەوەی ئەو تاکە بڵاوانەی کە لە کۆمەڵێکدا دەتوێنەوە.76

**چۆن یاسا دادەنرێت ؟**

ا: گەر دەبێت یاسایەکی نوێ دابڕێژرێت، دەبێ چ کەسێک پێشنیاری ئەو یاسایە بکات؟

تەنها گەل بڕیار لەسەر یاسا دەدات، ناکرێت چیتر ئەو پرسیارە بکەین کە مافی بڕیاردان لەسەر یاساکان دەگەڕێتەوە بۆ کێ، لەبەرئەوەی یاسا لەئیرادەی گشتیەوە سەرچاوە دەگرێت. گەل لە ژێر سایەی یاسادا بڕیار لەسەر یاسا دەدات.. هێزی بڕیاردان لەسەر یاسا پەیوەندی بە گەلەوە هەیە، و تەنها دەکرێت پەیوەندی بە گەلەوە هەبێت.

ب: تەنها حکومەت پێشنیاری داڕشتنی یاسای نوێ دەکات

ئەگەر مافی ئەوەم هەبوایە شوێنی لە دایکبوونی خۆم هەڵبژێرم، وڵاتێکم هەڵدەبژارد کە لەوێ مافی بڕیاردان لەسەر یاساکان مافی هاوبەشی سەرجەم هاووڵاتیان بووایە، لەبەرئەوەی چ کەسێک لە هاووڵاتیان باشتر دەتوانێت لەوە تێبگات کە چ هەلومەرجێک گونجاوترە بۆ هاوبەشیکردن لە ژیانی کۆمەڵگەیەکدا؟ لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی ڕۆم لە گەڕانەوە بۆ بیروبۆچوونی هاووڵاتیانم قبوڵنەدەکرد، لەبەئەوەی لە ڕۆم، ئەو کەسانەی لە هەمووان زیاتر ڕۆڵیان هەبوو لە مانەوەی وڵاتدا لە بەشداریکردن لەو گفتوگۆ و دەنگدانەی کە زۆرجار ڕزگارکردنی وڵاتیان پێوە پەندبوو، بێبەشدەکران، یەعنی دەسەڵاتداران

بێبەشبوون لەو مافانەی کە هاووڵاتیە ئاساییەکان خاوەنی بوون.77

بە پێچەوانەوە، بۆ ڕێگیریکردن لە پراکتیزەکردنی ئەو تەرحانەی کە ئامانجیان بەرژەوەندی تایبەتی بوو، یان خراپ ڕێکخرابوون، هەروەها بۆ ڕێگیریکردن لە پراکتیزەکردنی ئەو پێشنیازە مەترسیدارانەی کە دواجار بووە هۆی نابوود بوونی ئەمینیەکان، حەزمەکرد هیچ تاکێک مافی ئەوەی نەبێ بە حەزو ئارەزوی خۆی چوارچێوەی یاسای نوێ پێشنیار بکات، و ئەم مافە تەنها مافی حکومەت بێت و حکومەتیش لەم زەمینەیەدا زۆر بە وردی بڕیار بدات، تا دواجار گەلیش بۆ ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی خۆی سەبارەت بە یاسا پێشنیارکراوەکان لایەنی ئاگاداری و وردی خۆی بپارێزێت، وبڕیاردان لەسەر یاساکان بە مەراسیمێکی تایبەتی جێبەجێ بکرێت، کە تا پێش ئەوەی پێکهاتی یاسا کۆنەکە لەبەریەک هەڵوەشێنەوە، بواری باش لەبەردەستدا بێت کە گەل خۆی قایل بکات، بەوەی کە بەتایبەتی کۆنی یاساکانە کە دەبێتە هۆی پیرۆزاندن و ڕێزی یاساکان و بە سوکی سەیری ئەو حاڵەتە نەکات، کە بۆچی یاساکان هەموو ڕۆژێک دەگۆڕێن و لەوە تێبگات و خوو بەوەوە نەگرێت کە ڕەتکردنەوەی شتە باوەکان بە بیانوی باشتر کردنیان، کارێکی باشە و درک بەوە بکات کە نابێ بۆ چاککردنی کەم و کوڕیە بچوکەکان، زیانی قورس هەڵبگرێت.

**ج: تا یاسا کەمتر بێت، باشترە**

لەو وڵاتانە کە حکومەت و یاسا هەریەکەیان پێگەی دیاریکراوی خۆیان هەیە، دەبێ تا دەکرێت خۆ لە دەستوەردان لە پێکهاتەی یاساکان بپارێزێت، بە تایبەتی لە وڵاتە کۆماریە بچوکەکاندا، کە بچوکترین گۆڕانکاری دەبێتە هۆی تێکدانی بارودۆخی گشت ئەو وڵاتە، کەواتە بێزاری دەربڕین لە نوێگەریی، بە گشتی لەسەر بنەڕەتێکی بەهێز ڕاوەستاوە، و حکومەت ناتوانێت ڕێگری زۆر بخاتە ڕێگەی ئەو نارەزاییانە، لەبەرئەوەی هەرچەندە یاسا تازەکان سود بەخش بن، سودیان کەمترە لە ئەگەری مەترسیەکانیان، کەواتە خودی یاسا بەشێوەیەکی دانایانە ئەوەی دەستنیشان کردووە، کە بڕیاردان لەسەر یاساکان و تەنانەت پێشنیار کردنی یاسای نوێ، بەبێ چاودێری شوراکان کارێکی مەحاڵە.78



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

**حکومەت و یاسا**

حکومەت لای رۆسۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، ئەویش بە بەهاترە لە دەسەڵاتی بە شەرعیەتکردن، بەڵام لەسە ئەو ئاستە نا کە بینیومانە لە لایەن «مۆنتسکیو». دەسەڵات بە شەرعیەتکردن ئەگەڕێتەوە بۆ گەل، لە کاتێکدا کە حوکم ئەگەڕێتەوە بۆ «شازادە» سەرۆک، ئەویش دەربڕینێکی بە کۆمەڵە ئاماژە دەدات بە کۆمەڵی ئەو دامەزراوانە کە پەیوەندییەکە لە نێوان خاوەن شکۆدا، یان ویستی گشتی لە لایەک و هاووڵاتیان لە لایەکی تر. ئەو سەرۆکانەی کە بە کۆمەڵێکیان (شازادە – فەرماندە) پێکدێنن، تەنها چەند فەرمانبەرێکن لای خاوەن شکۆ کە هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی یاساو زامنکردنی ئازادی یەکسانی لە شێوەی مەدەنی و سیاسیدا. و هەموو تێکەڵکردنێک لە نێوان دەسەڵاتی بە شەرعیەت کردن و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتیە. و گونجاندن پێویستە لە نێوان هێزی خاوەن شکۆدا، کە لە ڕاستیدا هێزی حکومەتە، لە لایەک و هێزی دەوڵەت کە لە ڕاستیدا هێزی کۆمەڵی هاوڵاتیانە لە لایەکی تر. ئەگەر بویسترێت مەترسی دیکتاتۆریەت و گێرە شێوێنی لە هەمان کاتدا نەبێت.79

**شێوازەکانی فەرمانرەوایی**

و فەرمانڕەوایی لای رۆسۆ سێ شێوە لە خۆی دەگرێت کە خاوەن شکۆ دەتوانێت فەرمانڕەوایی ببەخشێت بە هەموو گەل، یان بەشێکی گەورەی گەل، لەم حاڵەتەدا فەرمانڕەوایی شێوەیەکی دیموکراسی لە خۆی ئەگرێ. یان فەرمانڕەوایی دەبەخشێتە بەشێکی بچووک. فەرمانڕەوایی شێوەیەکی (ئەرستۆکراتی) لە خۆی دەگرێت. یان فەرمانڕەوایە دەبەخشێت بە یەک فەرمانڕەوا، لەو حاڵەتەدا فەرمانڕەوایی شێوەیەکی پادشایی لە خۆ دەگرێت. ئەم سێ شێوەیەی فەرمانڕەوایی هیچ کامیان باشنین پەسەند نین. دیموکراسی شێوەی ئەو فەرمانڕەواییەیە کە گەل تیایدا خاوەن شکۆ و سەرۆکایەتییە. سەبارەت بە (ئەرستۆقراتی)پێویستە جیاکردنەوەیەک هەبێت لە نێوان سێ جۆردا.

1–(ئەستۆکراتی) سروشتی، ئەویش لە حاڵەتی کۆمەڵگەکانی سەرەتایی دەردەکەوێت وەک فەرمانڕەوایی بە ساڵاچووەکان.

2–(ئەرستۆکراتی) بۆماوەیی، ئەویش خراپترین شێوەکانی فەرمانڕەواییە.
3–(ئەرستۆکراتی) هەڵبژاردن کە باشترین شێوەیە (ئەمە ئەرستۆکراتی بە مانا ڕاستەکەی) .80

پادشایەتی فەرمانڕەوایەتی بەهێزترە، بەڵام بە شێوەیەک ئاراستەکەی دەگۆڕێت بە ڕێڕەوی دیکتاتۆری کە ناتوانرێت تکۆڵی لێبکرێت. فەرمانڕەوایی پادشایی هەمیشە هەوڵدەدات بۆ ڕێگە والآکردن لەبەردەم فێڵبازە کاندا(ساختەکاران) بۆ دەستێوەردان لە کاروباردا.کەموکورتییەکی ناوەڕۆکی هەیە لە حکومەتی پادشایەتیدا کە دەرباز بوون نییە لێی،–+– کە هەمیشە ئەیخاتە پلەیەکی خوار کۆمارییەوە».ڕۆسۆ جیاوازی دادەنێت لە نێوان چەمکی (حاکم) کە مەبەست لێی خەڵک گشتی و چەمکی (حکومەت) کە لە ژمارەیەکی کەمی تاکەکەسان پێکدێت. بە بۆچوونی ئەو حکومەت دەبێت ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات کە حاکم بڕیاری لەسەر داوە. ئەو دەسەڵاتی یاسادانان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن جیادەکاتەوە. بەو بۆچوون تایبەتە کە بۆ حکومەت هەیەتی ئەو کاتە بە ڕاست و ڕەوای دەزانێت کە ئەم هەلومەرجەی خوارەوە بێتە کایەوە:حکومەت لە ویستی گشتییەوە سەرچاوەبگرێ و بە هەڵبژاردن بێت. تاکەکەسان بتوانن بەیەکەوە دانیشن و باس و مشتومڕ لەسەر کاروبار و کێشەکانی خۆیان بکەون و بە کورتی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکەن.نابێ هیچ گروپێک وەک نێوانگیر لە نێو خەڵک و دەزگای حکومەت هەبێ.هەموو گرێبەستێک سنور دائەنێ بۆ دەسەڵاتی گەل کە هەیەو رەهایە جیایە لای ئەبات، بناغەی ڕێککەوتن نامەی کۆمەڵایەتی نەک نوێنەرانی دەسەڵاتی جێبەجێکەر ئەگەر سەرکردەی گەل و سەرۆکەکانیان بن، بەڵام ئەوانە فەرمانبەران لایان ئەوان دایان ئەمەزرێنن و لاشیان ئەبەن، فەرمانەکانیان لەسەر ئەو بنەمایە نییە کە بەندەکانی گرێ بەستێکی تایبەتی هەبێت و سنوردار بێ، بەڵکو لەسەر ئەو پەرۆشیەو توانایانە کە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ ئەهێنن کە دەوڵەت بەسەریاندا فەرزیکردووە .لە شێوەکانی حوکمرانی لە ڕوانینی ڕۆسۆوە زیاتر نییە لە شێوەکانی ڕێکخستنی دەسەڵاتی جێبەجێکەر، هەر چەندە جۆرەکانی حوکمرانی جیاواز بن، هەر دەسەڵات بەدرێژایی بەسەروەری ئەمێنێتەوە لە مافی گەلە ، بەڵام ئەمەی دوای

(گەل) پەیمان ئەدات بەدەسەڵاتی جێبەجێکەر، یاخود بۆ گەورەترین بەشێک لەگەڵ یاخود بۆ ژمارەیەکی دیاریکراوی بچوک لەکەسەکان ، یاخود بۆ تەنها کەشێک جۆری یەکەم ناو ئەبرێ بەجۆری حوکمی دیموکراتی و دووەم بە ئەرستوقراتی و سێیەم بە مەلیکی .ڕۆسۆ دیموکراتی هەڵبژارد لە جانتایەکدا کە دیموکراتی تیا نەبوو نەک لە ڕاستی وبیردا لەبەر ئەوە مەرجە مێژوویە دیموکراتیەکانی زۆر نەبون. ڕۆسۆ خۆی بینیەوە ناچارە یان ئەبێ قایل بێ بە ئایدولۆژی لیبرالی برجوازی ئەو کاتەدا ئەو ئایدۆلۆژیە هەبوو( ئازادی ، یەکسانی ، مەلەکی) یاخود دروست کردنی شاری خەیاڵی کەچی لەهەمان کات دا عەقڵانی .ڕۆسۆ هەوڵیدا لە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی ) کە بیسەلمێنێ کە نابێت لە هیچ کۆمەڵگەیەکی ئازاد دا هیچ کەسێک حوکمرانی بکات کەلەلایەن هیچ کەسێکی ترەوە ، چۆن کەهەموو کەسێک لەگەڵ خەڵکی تردایەو ئارەزوو نیشتمانیەتی هەیە ، دەسەڵاتی یاسا دانان هەر ئەبێ لەسەر ڕەزامەندی حوکم بەسەرا دراوەکان (محکومین) هەڵقولابێ و سەروەری دەپەسێنرێ لە ویستی گشتی دا لە کۆبونەوەی نەتەوەدا ئەوانەی بەجێگا وپایەی گشتیەوە خەریکن، کارەکانیان بەگوێرەی مافە تایبەتیەکانیان بەتەواوی بەجێ نابن، یان مافی ڕەچەلەکی، بەڵام بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی پێیان دراوەتە پێیان دەسەڵاتێک ئەدات و لێی ئەپرسێتەوە.81

**دابەشکردنی حکومەتەکان**

جیاوازی لەنێوان جۆرە جیاوازەکانی حکومەتو شێوەکانیدا دەکەین، ئێتر لەم جومگەیەدا، ئەوە دەمێنێتەوە کە ببینین، چۆن ئەوە ئەنجامدەدرێت؟ فەرمانڕەوا لە وێستگەی یەکەمدا، دەتوانێت کە بە دەستپارێزیو دڵنیاخوازیەوە، دەسەڵاتبداتە سەر هەموو گەل، یان وەکو بەشی گەورەی، بەجۆرێک کە لەوێدا، هاووڵاتیانی دەسەڵاتدار، زۆرترین لە هاووڵاتیانی تاکبەند Individualـ ئەم شێوەیە لە حکومەت پێیدەوترێت دیموکراسیەت. یان وەکو دەتوانێت کە حکومەت لەنێودەستی ژمارەیەکی کەمدا گیربەند بکات، بەجۆرێک کە لەوێدا هاووڵاتیانی تاکبەند زۆرتر دەبن لە دەسەڵاتداران، ئەم شێوەیە پێیدەوترێت ئەرستۆکراتیەت، دواجاریش دەتوانێت کە حکومەت لەنێودەستی تەنها یەک دەسەڵاتداردا چەقبەند

بکاتَ، کە هەموو ئەوانەی دی دەسەڵاتیان لەوەوە وەربگرن. ئەم شێوەی سێیەمە کە زۆرترین شێوە بڵاوەکانی دەسەڵاتە، پێیدەگوترێت پادشایەتی، یان وەکو حکومەتی پادشایەتی. پێویستە ئەوە بکەین کە هەموو ئەم شێوازانە، یان لانی کەم، ئەو دوانەی یەکەمیان، شایانی کەمو زیادکردنن، بەڵکو تاڕادەیەک لە هەڵسوکەوتکردندا، ئازادییەکی فراوانیان هەیە، چونکە، یان وەکی دی بڵێین بەشێوەیەک کە دیموکراسیەت دەتوانێت کە هەموو گەل بگرێتە خۆ، یان ئەوەندە بەرتەسکبێت کە نیوەی بگرێتەوە، هەروەها ئۆرستۆکراتیەتیش بەجێگەی خۆی، دەتوانێت کە لەگرتنەخۆیدا بۆ نیوەی گەل، خۆی بێنێتەوەیەک، تا ئەوەی بێتە سەرکەمترین ژمارەیەک کە لە توانادا بێت، بەبێ دیاریکردن. تەنانەت خودی پادشایەتیش شایانی جۆرێک لە دابەشکردنە، ئەوە بوو کە (ئیسپارتە) بەردەوامو بە حوکمی دەستورەکەی، دوو پادشای هەبووە، هەروەها هەروەک ئەوەی کە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا دیتمان، کە لە یەککاتدا چەند ئەباتیرەیەکی هەبووە، کە هەندێکجاران بەیەکەوە گەیشتوەتە، ئەوە بە بێئەوەی بتوانین بڵێین کە ئیپراتۆریەتەکە دابەشبووە. بەم شێوەیە پنتێک هەیە کە لەلایدا دەتوانین بڵێین، بەوەی کە هەموو شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات، تێکەڵ بەو شێوەیە دەبێت، کە بەدوایدا دێت، بەجۆرێک دەبینین کە حکومەت تەنها لەژێر ئەم سێ ناوەیدایە کە لەڕاستیدا شایانی چەندەیە جیاواز لەشێوە دەبێت، بەوەندەی کە لە دەوڵەتەکەدا هاووڵاتیان هەبێت، بەڵکو لەوێدا لەوەی زیاتر هەیە: بەوەی کە خودی ئەم حکومەتە، لە هێندێک ڕووەوە، لە توانایدا دەبێ کە بۆ چەند بەشێکی دی دابەشبکرێت، بەشێکیان بەڕێگایەک بەڕێوەببرێت، بەشەکەی دیش، بەڕێگایەکی دی، ئەوا دەتوانرێت کە لەم سێ شێوە تێکەڵەوە، شێوەگەلێکی ئاوێتەکراوی دی، بێتە بەرهەم، کە هەموو یەکێکیان بە شوێنی خۆی، شایانی دابەشبوونە بۆ هەموو شێوە ئاسانەکانی دی، کەواتە ئەگەر پێویستبێت ژمارەی دەسەڵاتدارە بەشداربووەکان لە دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا، پێچەوانانە لەگەڵ ژمارەی هاووڵاتیاندا هاوڕێیەک بێت، ئەوا ئەوە ئەوەی بەدوادادێت کە بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی دیموکراتی، بۆ دەوڵەتە گچکەکان گونجاو دەبێتو، ئۆرستۆکراتیەتیش لە دەوڵەتە مامناوەندییەکان دێتو، پادشایەتیش بۆ دەوڵەتە

گەورەکان گونجاو دەبێت، ئەوە ڕێسایەکە کە ڕاستەوخۆ لە پرەنسیپەکەوە، وەردەگیرێتو وەدەستدەخرێت، چۆن بتوانرێت ئەژمارەی ئەو دۆخە جیاوازانە بکرێت، کە دەبنە هۆی جیاکارییەکان؟.82

## مافی حکومڕانیکردن

ڕۆسۆ لەژێر کاریگەری فەلسەفەی «هۆبز»دا بە پێچەوانەوە بیریدەکردەوە و یەکێک بوو لەلایەنگرە سەرسەختەکانی حوکمڕانیکردنی دەوڵەت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بە باوەڕی ڕۆسۆ پەڕینەوە لە دۆخی سروشتییەوە بۆ حاڵەتی کۆمەڵایەتی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەیە. ئەوکاتەی مرۆڤ دەبێتە هاووڵاتی دەتوانێت سوود لە دانایی وەربگرێت و خۆی بگەیەنێتە ئاستی باڵای مەعنەویەت، بەڵام لە بەرامبەردا مرۆڤ لە دۆخی سەربەخۆیی سروشتیدا، ژیانێکی تەواو ئاژەڵیانە بەسەر دەبات . هەر لەبەر ئەمە ئەرکی بنەڕەتی کۆمەڵگە ئەوەیە مرۆڤ گەلێک دروستبکات کە شایستەی ئەو ناوە بن و پەرە بە دانایی و مۆراڵ بدات کە زۆر بەهێزەوە لە حاڵەتی سروشتیدا بوونی هەبوو. ئەمەش دەستەبەر نابێت ئەگەر دەسەڵاتی دەوڵەت هەنگاوی زیاتر لە کاروبارە دەرەکییەکان بنێت و بچێتە نێو ژیانی تایبەتی تاکەکانەوە، کەواتە گەر دەوڵەت دەسەڵاتی ڕەهای نەبێت، ناتوانێت بەرپرسیاریەتی مەعنەوی خۆی ئەنجام بدات.83

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە بڕیارگیریی گشتی، کە لەتوانایدایە هەموو سەرپەرشتکراوان لەبەرامبەر دەستەی دەسەڵاتداردا، پابەندبکات، بەهۆی ئەو دوو پەیوەندییە جیاوازەی کە لە گۆشەی خۆیانەوە دەڕوانێتە هەریەکێکیان، واتە سەرپەرشتکراوانو خاوەنشکۆ بەئارگۆمێنتی دژکارانە،ناتوانێت کە دەستەی دەسەڵاتدار، لەبەرامبەر خۆی پابەندکات، بەوپێیەش، ئەوەی کە خودی دەستەی دەسـەڵاتـدار بۆ خۆی یاسایەکی دەرکـردووە کە لەکاتی پێویستدا ناتوانێت پێشێلیبکات، ئەوە پێچەوانەی مۆرکی گرێبەستی کۆمەڵایەتیە، چونکە لەکاتێکدا کە (ئەو) تەنها لەژێر سایەی یەک پەیوەندیدا نەبێت، ناتوانێت کە ئەژمارێک بۆ خۆی بکات، کەواتە لەو کاتەدا لە حاڵەتی تاکێکدایە کە لەگەڵ خۆیدا گرێبەستدەکات: لەسەر ئەو بنەڕەتە، دەبینین کە هیچ یاسایەک بنەڕەتی، تەنانەت خودی یاسای



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

گرێبەستنی کۆمەڵایەتیش، ناتوانێت کە کارسپاردە بووبێت ،واتە لەسەر دەزگای گەل پابەندکراوبێت ، ئەمەش بە واتای ئەوە نییە کە ئەم دەستەی دەسەڵاتدارە، لە بەرامبەر هی تر ئەوانی دیدا، نەتوانێت بەتەواوی بەڵێنێک بەدەستبدات، ئەوە ئەگەر ئەو بەڵێنە سنووربەزاندنێکی گرێبەستەکە نەبێت، چونکە لەمحاڵەتەدا، ئەم دەزگایە لە بەرامبەر بێگانەدا، بۆ یەک کائینی کردەیی دەگۆڕدرێت، واتە دەبێتە تاکێک. لەکاتێکدا کە دەزگای سیاسی، یان دەستەی دەسەڵاتدار، ناتوانێت کە قەوارەی خۆی وەدەستبهێنێت، تەنها لە پیرۆزی گرێبەستەکەوە نەبێت، کەواتە، تەنانەت ئەگەر ئەوانی دیش وەربگرێت، ناتوانێت کە خۆی پابەندار بکات بە شتێکەوە کە ئەم گرێبەستە بنەڕەتیە تێکبدات، وەک ئەوەی کە وازبهێنێت لە بەشێک لە خۆی، یان ئەوەی کە ملکەچی دەزگایەکی سیاسی بێت. لەبەر ئەوەی کە ژێرپێنانی پەرژینی ئەو گرێبەستەی کە بەپێی ئەو دەستەی دەسەڵاتداربوونی هەیە، بە واتای تێکرماندان خۆی دێت، ئەوەش کە خۆی شتێک نەبێت، ئەوا چکێیش بەرهەمناهێنێت. لەبەر ئەوەش کە ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە یەکیگرتووە، بۆیە کە بەبێ هێرشکردنە سەر دەزگاکە، ناکرێت کە سووکایەتی بەرامبەر ئەندامێکی بکرێت، هەروەها بەهەمان شێوەش، ناکرێت بەبێئەوەی کە تاک تاکی ئەندامانی بەڕەوای بزانن، دەست بۆ دەزگاکە ببرێت. بەمشێوەیە، هەریەک لە فەرمانو بەرژەوەندی هەردووک لایەنی گرێبەستەکە، ناچاریاندەکات کە هاوکاری یەکدی بکەنو، لەسەر خەڵکان خۆیان پێویستە کە تێبکۆشن بۆ یەکخستنی هەموو بەفەرمییە پەیوەندیدارەکانی ئەم پەیوەندییە دوولایەنییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەستەی دەسەڵاتدار، کە لە کەسانی تایبەت پێکدەهێنرێت، بۆی نییەو ناشکرێت کە خاوەنی بەرژەوەندییەکی پێچەوانەی بەرژەوەندیی ئەندامانی خۆیڕابێت، کەواتە هەرگیز ئەوە لە توانادا نابێت، کە بیەوێت زیان بە هەموو ئەندامەکانی بگەیەنێتو، دواتر لەم لێتوێژینەوەدا، دەبینین کە ناتوانێت زیان، بە هیچکام لەو ئەندامانەی بگەیەنێت، چونکە بەلەبەرچاوگرتنی هەمان وایعیەت، دەستەی دەسەڵاتدار، یان خاوەنشکۆ، بەردەوام ئەوە دەبێت کە پێویستە هەبێت، واتە پاکو لە خزمەت خەڵکی.هەرچی سەبارەت بە سەرپەرشتکراوانیشە لەبەرامبەر دەستەی دەسەڵاتداردا، کارەکە بەو شێوەیە نییەو هەمان بارودۆخیان نییە، چونکە

سەرەڕای بەرژەوەندی هاوبەشیشیان ، ئەگەر بێتو هۆکارێک، یان ئامرازگەلێک پەیدا نەکات بۆ دابینکردنی دڵسۆزییان لەبەرامبەرخۆیدا، ئەوا دابینکاریی کردەیی، کە فەراهەمی وەفاو پەیمانداریان بێت، لەدەستدا نابێت. بۆ ئەوەی کە پەیماننامە کۆمەڵایەتییەکە نەبێتە بیچمێکی پووچو ژێکەوتوو، ئەوا ئاماژەبەندییانە، مەرجێکی لەخۆگرتووە، کە هێزو توانای تەواوی مەرجەکانی دی ڕا فەراهەمدەکات کە بەگوێرەی ئەو، هەر کەسێک مل بۆ ئیرادەی گشتی دانەنەوێنێت، ئەوا هەر لەلایەن ئەم ئیرادەیەوە، وادار بەو کارە دەکرێت. ئەمەش لەڕاستیدا واتایەکی دی نییە، جگە لە واداکردنی تاکی یاخیبوو، بەوەی کە دەبێت ئازاد بێت، چونکە ئەمە ئەو مەرجەیە کە بەخۆپێشکەشکردنی هەر هاووڵاتیەک بەدەستەی دەسەڵاتدار، لە هەر ملکەچیەکی کەسێتی دەپارێزێت واتە (ئەو)ی تاک ، ئەو مەرجەیە کە دەسترەنگینیو گەمەی ئامێرە سیاسیەکە چێدەکات، کە بەتەنها خۆی وا دەکات پابەندارییە مەدەنیەکان شەرعی بن، کە ئەمیش بە شوێنی خۆیو ئەگەر ئەوە نەبێت شتێکی نەکردەو مەحاڵو سەرکونگەرایی دەبێتو بەرەو ڕووی گەورەترین خراپ بەکارهێنانی دەبێتەوە.

**حکومەت وسەروەری**

گەرچی نەشیاوە سۆڤەرێن کەرت بکرێ، کەچی ڕۆسۆ سەرباری ئەمەیش ئۆرگانێکی دووەم لەنێو دەوڵەتدا دیاری دەکات، واتا حکومەتێک بۆ ئەنجامدانی ئەو فەرمانانەی کە لە دەرەوەی سۆڤەریندان. بەم پێیە لەنێو دەوڵەتدا دوو زەبر هەن: زەبرە لێجیسلاتیڤ (یاسادانەر)، کە لەلای گەلە، هەروەها زەبری ئێکسەکوتیڤ (بەجێگەیەنەر یان ئەنجامدەر)، کە ناشێ لەلای گەل بێ. ڕۆسۆ حکومەت بەتوندی سۆڤەرێن جیا دەکاتەوە، ئینجا بۆ ئەوەی ئەم جوودابییەی بەڕوونی دیار بێ، ناوی دەنێ «قەوارەیەکی نێوەندی، کە پەیوەندیی جووتسەریی لەنێوان ژێردەستەکانو سۆڤەرێندا چێدەکات». حکومەت لەلایەن سۆڤەرێنەوە ڕادەسپێردرێ، یاساکان بەگەڕبخاتو هاوکات ئازادییە سینۆیاییو سیاسییەکان بپارێزێ.دامەزراندنی حکومەت پەیمانێکی نوێ نییە. ئەم دامـەزراوە هیچی دیکە نییە، جگە لە «ڕاسپێردراوێک»، هەروەها ئەندامەکانی، واتا ماگیستراتو

گۆڤەرنوێرەکان، هیچی دیکە نین، جگە لە کاربەدەستی ئاسایی سۆڤەرێن، هەر بۆیە سۆڤەرێن دەتوانێ ژمارەیان دیاری بکات، بییانگۆڕێ، یان بییانکشێنێتەوە، کەواتە حکومەت نوێنەری گەل نییەو ئەمەیش لەلای ڕۆسۆ شتێکی نەشیاوە، چونکە سۆڤەرێنێتی نوێنەرایەتی ناکرێ. سۆڤەرێنێتی لە کرۆکەوە لە ویستی گشتی پێکدێو ویستیش ڕێ بە نوێنەرایەتی نادات. ویست، یان ویستە، یان ویست نییە. بەڵام ئێستا لەم حاڵەتەشدا کێشەیەک بۆ ڕۆسۆ دێتە ئاراوە: گەل، کە هەمو سۆڤەرێنو هەم ژێردەستەیە، چۆن دەتوانێ لەم حاڵەتەی حکومەتدا ببێ بە «کاربەدەست» (مووەزەف)؟ ڕۆسۆ ئەم کێشەیە ئاوها چارەسەر دەکات، کە ئەو دەیەوێ دانانی حکومەت وەک یەکێک لە «مۆرکەکانی لەشی سیاسی» ببینێ. ئەم مۆرکە نەرمێتییەکی دینامیکی بە لەشی سیاسی دەداتو «بەتوانای دەکات، بۆ ئەوەی کتوپڕی سۆڤەرێنێتی بۆ دیموکراتی دێتە ئـاراوە. ئەمە بەبێ هیچ دۆخگۆڕییەکی هەستپێکەر ڕوو دەدات، هەروەها «تەنها بەڕێی پەیوەندییەکی نوێی هەمووان لەتەک هەمواندا» پیادە دەکرێو ئێستا ئەو هاووڵاتییانە، کە وەک کاربەدەست دیاریکراون، «لە ئەکتی گشتییەوە بۆ ئەکتی تایبەتیو لە یاساوە ڕووەو بەجێگەیاندن دەپەڕێنەوە»، کەواتە دانانی حکومەت بەڕێی «ئەکتێکی ئاسانی ویستی گشتییەوەڕوو دەدات. بەدووی ئەمەدا «ئەم حکومەتە کاتییە لە دائیرەدا دەمێنێتەوە، گەر هاتوو ئەمە فۆرمێکی خوازراو بوو، یان بەناوی سۆڤەرێنەوە ئەو حکومەتە دادەنێ، کە لەلایەن یاساوە تەرخانکراوە».

## ئابوریی دەوڵەت و ئیرادەی گشتی

ئەگەر ویستی گشتی باڵاترین پرنسیپی ئابووریی گەل بێتوەک بنەمای حوکمداری وەربگیرێ، ئەوسا چاودێریی کاربەدەستان پێویست نابێت، کە ئاخۆ مشووری گەل بخۆن، یان دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەوتبن. ڕۆسۆ لەم تێڕوانینەوە ئابووری نەتەوەیی بەسەر دوو شێوازی جیادا بەشدەکات: ئابووریی میللیو تیرانی. شێوازی یەکەم بریتییە لە ئابووریی سەرجەم دەوڵـەت، لەم حاڵەتەدا یەکێتیی ویستو بەرژەوەندی لەنێوان گەلو کاربەدەستاندا چەسپێنراوە. بەڵام شێوازی دووەمی ئابووری نەتەوەیی لە هەموو ئەو وڵاتانەدا بەدیدەکرێ، کە

گەلو حکومەت دوای بەرژەوەندیی جیاواز کەوتوون، بەمەیش ویستی جیاوازیان هەیە. ڕۆسۆ بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی «ئازادی»ی گەل نموونەیەکی مۆنتێسکیو دەهێنێتەوە، کە دەڵێ (هەموو گەلێک ناتوانێ بە ئازادی بگات) گەیشتن بە قەوارەیەکی سیاسی لەلای ڕۆسۆ واتای ئازادی بۆ گەلێک نابەخشێ، چونکە بە بڕوای ئەو نەشیاوە دەستووری کۆماری، واتا دەستووری دەسەڵاتدارییەکی ڕەوا (لێگینیم)، بە هەموو گەلێک بدرێ. هەموو گەلێک توانستی وەرگرتنی ئەو تاکە فۆرمە ڕەوایەی دەسەڵاتداریی نییە، کە ئیتر هەر ئەندامێکی بتوانێ بڕیاری دروست لەپێناوی بەختیاریی گشتیدا بدات، هەر یەکە لە ئەندامبوونی خۆی لەنێو ئەڵقەی سۆسیالدا بەئاگابێ، بەڵام هاوکات ڕێ نەدات ئازادییە کەسییەکەی لەلایەن خۆویستان‌و فێڵبازانی زمانشیرینەوە لێزەوت بکرێ. بۆ ڕۆسۆ هەندێک گەل لە جەوهەرەوە بەکەڵکی ئازادی نایەن، هەندێکی دی لەسەر ڕێگەی کە ئیتر چیدی ناتوانن بە ئازادیی کۆماری بگەن. ڕێکخراوی کۆماریی دەوڵەت لەلای ڕۆسۆ لە شوێنکاتێکی تایبەتیدا بەدی دەهێنرێ. گەل لەم شوێنکاتەدا هەست بە پێداویستیی سۆسیالبوون دەکات، بەڵام هێشتا «ساکارێتیی سروشتی»ی نەدۆڕاندووە. ڕۆسۆ ئەم قۆناغە ناو دەنێ «لاوێتیی گەل». سەرەتادانی فێرکردنی ئاقڵانە (ڕاسیۆنال) لەم ساتەی دامەزراندنی کۆماردا جێی پـەروەردەی «نێگەتیڤ» دەگرێتەوە. بەبڕوای ڕۆسۆ «زۆربەی گەلان، بە هەمان شێوەی مرۆڤ، تەنها لە گەنجێتیدا توانستی فێربوونیان هەیە، بەڵام نەشیاوە دوای پیربوونیان چاک بکرێنەوە. هەر ئەوەندەی بوون بە خاوەنی ئاکاری تایبەتی‌و پێشبڕیار لەنێویاندا خۆی چەسپاند، ئیتر ویستی چاککردنەوەیان پڕ مەترسی‌و بێسوود دەبێ. گەل بەرگەی ئەو ئازارانە ناگرێ، کە لە هەوڵی نەهێشتنیاندا لەسەر لەشی دەچوزێنرێنەوە. ڕۆسۆ لە دۆخێکی بەم چەشنەی گەلدا گێڕانی شۆڕش وەک هەوڵێکی خوازراو دەبینێ، بەڵام دەڵێ (سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە تەنها لەلای ئەو گەلانە دەشێ، کە هێشتا بەڕبەڕن) ڕۆسۆ بۆ ئەم گۆڕانە نموونە دەهێنێتەوە: نوێکردنەوەی سپارتا لەلایەن لیکرۆگ، گۆڕانی سویسرەو هۆڵەندە دوای ڕوخانی تیرانەکان. ئەم گەلانە بەبڕوای ئەو هێشتا تێکنەچووبوون‌و «لەناخەوە» بۆگەنیان نەکردبوو، هیشتا خاوەنی شادییەکی بەڕبەڕیانە بوون لەسەر سەربەخۆییەکەیان، بەڵام سەربەخۆییەک، کە

شوێنە جیۆگرافییەکەیان، بۆی لواندبوون، سپارتا لە نێوەندی پێلۆپۆنیزداو زۆر دوور لە دەریای گەیەنەری گەلان، سویسرا نیوەی ساڵ بە بەفر داپۆشراوە، هۆڵەندییەکان گەلێکی سادەو هەژاری پێکهاتوو بوون لە ماسیگرو دەریاوان، ئەمانە هەموو لە وڵاتێکدا دەژیان، کە بە ئەزیەت لەدژی دەریا دەپارێزرا، بەڵام شێوازی نوێکاریی شۆڕشگێڕیو سەندنەوەی ئازادی لەلای ئەو گەلانە نەماوە، کە پێشتر یەک جار خاوەنی فۆرمێکی کۆماری دەوڵەت بوو بن، یان لە پێشکەوتنی سیڤیلیزاسیۆندا بەشدارییانکردبێت. بەڕبەڕەکان، بەپێچەوانەی ئەم گەلانەوە، کە لەژێر زەبری چەوساندنەوەدا ژیاون، ئەو یادەوەرییە لەلای خۆیان بزر ناکەن. ئەم گەلانە تەنها لەدژی ویستی خۆیان هۆشرایەڵ دەبنو ئەمەیش هەتا ئەوە کاتەی ناچارن، بەڵام گەلانی سیڤیلیزەبوو بۆ هەمیشە دۆڕاون، چونکە خۆشویستنی یاساو ئازادیی سیڤیلیان لەبیر چۆتەوە، هەر بۆیە راپەڕینیان ناتوانێ پشت بە هەستی سروشتی بۆ ئازادی ببەستێ. هەر تاکێکی نێو ئەم گەلانە دەیەوێ هەتا بشێ لەسەر حسابی ئەوانی دی سەربەخۆو خاوەنی دەسەڵات بێ، ئینجا نایەکێتی لەنێوانیاندا وایانلێدەکات، کە هەموو سەراپا بکەنە ژێر ڕکێفی تیرانێک، یان دامەزراوێکی بەهێزەوە. ئێستایش پارێزەرانی دەسەڵاتی تیرانی لەنێو ئەم دۆخەدا جگە لە پشتگیریی هەڵپەی سامانو لوکسوس، یان خۆشکردنی زەمینەی گەیشتن بەم گەنجانە، هیچ کارێکی ئاقڵانەتریان لێناوەشێنەوە. گێڕانی شۆڕش لەنێو «ناسیۆن»ێکی ئاوها بۆگەندا تەنها خواستێکی کاتی دەبێ، کە پاشان زوو یان درەنگ بەدوویدا تێکشکانو ئینجا دامەزراندنی دەسەڵاتدارییەکی تیرانیی نوێ دێ. ئەم جۆرە گەلانە پێویستییان بە سەرۆکێکە، کە بەسەریانەوە فەرمان بدات. ئەم سەرەنجامەش بەرهەمی جەوهەری بۆگەنبووی گەل خۆیەتی. گەر زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵێک بە هیچ شێوەیەک یاساو یەکسانیو بەختیاریی خۆشنەوێ، بەپێچەوانەوە خۆی بۆ هەڵپەی سامانو شمەکی دەرەکی تەرخانکردبێ، گەر مرۆڤ ژیانێکی پێموبالات لەنێو ڕووکەش نەرێتی بۆگەنبوودا بەسەربەرێ، ئەوسا ڕێکخراوێکی تەحەمولکراو لەنێو ئەو کۆمەڵەدا تەنها بە زەبر چێدەکرێ. ڕۆسۆ لە «مانوسکریپتی ژنێڤ»دا ناوەڕۆکی ئەو جۆرە گەلانە نزیکتر دیاریدەکات: بە گشتی هەموو گەلێک کە بەهۆی کۆیلەتیی درێژخایەنەوە، هەروەها بەهۆی



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئەو گیروگرفتانەوە، کە سەرەنجامی ئەو کۆیلەتییەن، سەرلێشێواوە، هەستی خۆشەویستی بۆ نیشتمانو بەختیاری بزر دەکات. گەلێکی بەم چەشنە دڵی خۆی لەسەر نەگبەتییەکانی بەوە دەداتەوە، کە خۆخەڵەتێنەرانە لەنێو هۆشیدا بڕوایەک دەچەسپێنێ، گوایە ژیانێکی لەوە چاکتر نییەو نابێ، بێگومان پێکەوەژیانی مرۆڤ لەنێو ئەو گەلەدا رادەبووڕێ، بەڵام بەبێ هیچ یەکێتییەکی ڕاستەقینە. ئەو مرۆڤانە وەکو کەسانێک دەژین، کە لەسەر پانتایی خاکێک کۆبوونەتەوەو هاوکات درزی شەقبردووی بێبناغە یەک بە یەک جیایاندەکاتەوە. بە بڕوای ڕۆسۆ «یەکێتیی گەل» کاتێک دەبێ، گەر خودی ئەو یەکێتییە لەنێو کۆماردا گەرەنتیی ئازادیی گەل بداتو ڕێ بە هەڵمەتی ئیران بۆ دەسەڵات نەدات 84

## دەسەڵات و سەروەری گەل

دەسەڵاتێک مەشروع بێتو ڕەوایەتی هەبێت، دەسەڵاتی گەلە کە لە ئیرادەی گشتیدا بەرجەستە دەبێتو ئامادەگی خۆی لەڕێی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە دەسەلمێنێت، ئەمەش دەسەڵاتی راستەقینەیە، لەبەر ئەوەی دەسەڵات بریتییە لە مومارەسەکردنی ئیرادەی گشتیو پێدانی سەروەری بە کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک، ئەو یەکسانییەی نێوان هاوڵاتیان ئێکدەدات کە لە پەیمانەکەدا هاتووە، بۆیە بەشداریکردنی تەواوی هاوولاتیان لە دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەریدا لەڕێگای دەنگدانێکی گشتییەوە، تەنها نیشانەیەکی یەکسانییەو لەڕێی ئەوەشەوە یاساکان بۆ کۆمەڵگە دادەڕێژرێن. بەم جۆرە دەبینین رۆسۆ لەوانەیە کە داکۆکی لە دەسەڵاتی میللی دەکاتو دەسەڵات دەداتە دەستی میللەت، ئەمەش بە پێچەوانەی «جان بودان»ەوەیە کە بە لایەنگری دەسەڵاتی ڕەهای تاکە کەس دادەنرێتو سەروەری دەگێڕێتەوە بۆ پادشا. رۆسۆ پێیوایە ئیرادەی گشتی گوزارشتە لە بەرژەوەندی هاوبەشی سەرجەم هاوولاتیانو یاساکانیش تەنها ئەوکاتە دەبنە یاسای ڕاستو دروست کە لەڕێی ئیرادەی گشتییەوە دەرچووبنو خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکەن. هەروەها بڕیارەکانی حکومەتیشی لە یاسا جیاکردوەتەوە، بەو پێیەی بڕیارەکانی حکومەت لەپێناو جێبەجێکردنی یاسادا دەردەچنو یاساش گوزارشتە لە ئیرادەی گشتی. دەسەڵات هەمان ئەو سیفەتانەی تێدایە کە لە ئیرادەی گشتیشدا

هەن، گرنگترینیان برینییە لە:

**1ـ دەسەڵات هەڵە ناکاتو دوچاری هەڵەکردن نابێت:**

دەسـەڵات بۆئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە، چونکە لە گەلەوە سەرچاوە دەگرێتو ئامانجیشی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتییە. هەر کاتێکیش گەل هەستی بەوە کرد دەسەڵات کار بۆ بەرژەوەندی گشتی ناکاتو لەدەستنیشانکردنی ئەو دەسەڵاتەدا بە هەڵەدا چووە، ئەوا ئەوکات گەل لە بەرامبەر ئیرادەی گشتیدا نییە، بەڵکو لە بەردەم ئیرادەی مرۆڤ گەلێکدایە کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کار دەکەن.رۆسۆ بوونی کۆمەڵەو رێکخراوەکان وەکی ناوەندێک لەنێوان لیژنەی سیاسیو تاکەکەسدا ڕەتدەکاتەوە، چونکە ترسی هەیە لەوەی ئەمانە لە ڕێی ئیرادەی تایبەتی خۆیانەوە کار بکەنە سەر ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی.

**2ـ دەسەڵات بە هیچ شتێک ناگۆڕدرێتەوەو دەستبەردار بوونیشی مەحاڵە**

بە هیچ شێوەیەک نابێت سازش لەسەر دەسەڵات بکرێت. دەکرێت واز لە دەسەڵات بهێنرێت، بەڵام لە ئیرادەی گشتی ناکرێت، دەسەڵاتیش برینییە لە مومارەسەرکردنی ئیرادەی گشتی. ئەمەش مانایوایە کە ئیرادە نوێنەرایەتیکردن قبوڵ ناکات. پێویستە سەرجەم هاووڵاتیان خۆیان بڕیار لەسەر یاساکان بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش بۆیان نییە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان بەو کارە راسپێرن، هەر بۆیە ئەو پێیوابوو دیموکراسی ڕاستەوخۆ تەنها ڕاستە ڕێگایە بۆ گوزارشتکردن لە ئیرادەی گشتی، چونکە لە حاڵەتێکی وادا هەر هاووڵاتیەک دەتوانێت بەردەوام پارێزگاری لە بەشێکی دەسەڵاتێکی خۆی بکات.

**3ـ دەسەڵات دابەش ناکرێت**

دەسەڵات برینییە لە مومارەسەکردنی ئیرادەی گشتی. ئیرادەی گشتیش بەش بەش ناکرێت، کەواتە سـەروەری ناکرێت بە چەند بەشێکەوە. رۆسۆ تیۆریەکەی «مۆنتسکیۆ» دەربارەی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەتدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی بەش بەشکردنی سەروەری لەنێوان چەند دەسەڵاتێکدا، مانای وایە هەر دەسەڵاتەو تەعبیر لە بەشێکی ئیرادەی گشتی دەکات، کەواتە مومارەسەکردنی

دەسەڵات ناکاتە ئەوەی گوزارشت لە ئیرادەی گشتی بکات. رۆسۆ کاتێک بە دابەشکردنی دەسەڵات قایل نییە، تەنها لەبەر ئەوە نییە کە بیرۆکەی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بەلاوە پەسەند نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بوونی ئەو دوو ئەنجوومەنی یاسادانانەش بەپێویست نازانێت کە «مۆنتسکیۆ» باسی لێکردبوو. لەبەر ئەوەی ڕەنگە بوونی ئەو دوو ئەنجومەنە ئیرادەی گشتی بەش بەش بکات، بەتایبەتی کە دانانی یاساکان سەرەکیترین تەعبیرە لە ئیرادەی گشتی خۆی.

**4ـ دەسەڵات ڕەهاو بێ سنورە:**

ڕۆسۆ پێیوایە پەیمانی کۆمەڵایەتی مافی ئەوە دەداتە ئیرادەی گشتی تا دەسەڵاتێکی ڕەهاو بێ سنووری بەسەر تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەی سیاسیدا هەبێت، مەزەندەی ئەوەش ناکات ئیرادەی گشتی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو کەسانەدا ناکۆک بێت کە کۆمەڵگەی سیاسی پێک دێنن. لەم بارەیەوە دەڵێت: (پێویستە دەوڵەت زەبرو زۆرێکی وەهای هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت تەواوی بەشەکانی کۆمەڵگە بەجۆرێک ئاڕاستە بکاتو سازو ئامادەیان بکات، کە بە چاکترین شێوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا یەک بێنەوەو بۆ هەموان گونجاو بێت. وەک چۆن سروشت هەموو مرۆڤێکی سەرپشک کردوە لەوەی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو ئەندامەکانی خۆیدا هەبێت، پەیمانی کۆمەڵایەتیش ئەو مافە دەدات دەوڵەت تا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر تەواوی ئەندامەکانیدا هەبێت).85

ڕۆسۆ هەوڵی ئەوەیدا ئەو ناکۆکیەی ناو تیۆریاکەی نەهێڵێت: (ئەو لەلایەک داکۆکی لە تاکە کەسو مافی تاکە کەس دەکات، لەلایەکی تریشەوە مافی ئەوە دەداتە کۆمەڵ کە دەسەڵاتێکی ڕەهاو بێ سنوری هەبێت)، چونکە پێیوایە دەسەڵاتی ڕەهای بۆی نییە سنوری ئەو ڕێکەوتنامانە ببەزێنێ کە بەپێیان هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە چۆنی دەوێت دەتوانێت ئەو موڵکوماڵو ئازادییەی هەیەتی بەکاریان بهێنێت، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەو ڕێکەوتنانەی لەگەڵ یەک بەیەکی ئەندامانی کۆمەڵگەدا مۆریکردوە. بەپێی پەیمانی کۆمەڵایەتی تاکە کەس (دەستبەرداری بەشێک لە موڵکو ماڵاتو ئازادی خۆی دەبێت، ئەمەش بۆ کۆمەڵ گرنگە). 86

تەنها کەسی دەسەڵاتداریش دەتوانێت بڕیار لەسەر ڕادەی ئەو بەشە گرنگە بدات بۆ کۆمەڵ، بەڵام ئاخۆ چی ناهێڵێت دەسەڵاتێکی ڕەها لەناو ستەمکاریدا ڕۆچێت‌و ڕێگر بێت لەبەردەم ئەوەی نەهێڵێت دەوڵەتی گەل ببێتەلیفیاسان (Leviathan)؟.ڕۆسۆ» وەها وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە (فەرمانڕەوا گەر کەسێکی حەقیقی ئاسایی بوایە نەوەک قەوارەیەکی مەعنەوی‌و دەستەجەمعی، ئەوا بێگومان دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بە خراپ بەکار دەهێنا، چونکە ئەو کارانەی دەیکردن‌و ئەو یاسایانەشی دەریدەکردن پێچەوانەی ئەو کارو یاسایانە دەبوو کە ئیرادەی گشتی بڕیاری لەسەر داون‌و جێبەجێیان دەکات، لەم کاتەدا پێویستە دەستوری توندوتۆڵی بۆ دابنرێت)، بەڵام ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتێکی ناشەرعی دەگونجێت، ئەوا بۆ ئەو خاوەن دەسەڵاتەی شەرعیەی ڕۆسۆ ئیعترافی پێدەکات هیچ مانایەکی نابێت: (لەبەر ئەوەی گەل وەکی جەستەیەک، واتە وەکی گردبوونەوەی خەڵکی ئازادو چونیەک لە مافدا کە ئیرادەی گشتی دەیبزوێنێ‌و ڕێنمایی دەکات، ناشێت لەڕێ لابدات‌و چەواشە بێت).87

## جیاوازی نێوان دەوڵەت وحکومەت

ڕۆسۆ بەشێوەیەکی وردو ئاشکرا دەوڵەتی لە حکومەت جیاکردوەتەوەو جیاوازی لەنێوان ئەو دوانەدا دەکات. دەوڵەت بە مانای تەواوی کۆمەڵگە دێت کە هاووڵاتیان بەپێی پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕێککەوتوون لەسەر دامەزراندن‌و دروستکردنی‌و لەوێنەی ئیرادەی گشتیدا خۆیمان نیشان دەدات، بەڵام حکومەت بریتییە لەو کەسەی، یاخود ئەو لیژنەیەی کۆمەڵگە دەستنیشانی کردوە، بۆ ئەوەی ئیرادەی دەسەڵات‌و سەروەری جێبەجێ بکات. حکومەت بەتەنها لیژنەیەکەو ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئەو یاسایانەیە کە لەلایەن ئیرادەی گشتییەوە دەردەچێت، هەروەها ئازادیە مەدەنیەکان‌و ماڵ‌و سامانی هاووڵاتیانیش دەپارێزێت. حکومەت تەنها دەستەیەکەو دەسەڵاتی نییە، چونکە تاکە دەسەڵاتی نییە، چونکە تاکە دەسەڵاتێک لە کۆمەڵگەدا هەبێت دەسەڵاتی گەلەو هەر ئەویش سەرپشکە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی دەوڵەت دایدەنێت. ئەو لە سێهەمین کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا فۆرمی حکومەتەکان دەخاتەڕوو، پێیوایە ئەم فۆرمانە لە فۆرمە تەقلیدیەکانی

سستمی حوکمردن: (دیموکراسی، ئۆرستۆکراسی، پادشایەتی) جیانابێنەوە، هەروەها لەوێدا فۆڕمی چوارەمیش زیاد دەکات کە فۆڕمی (حکومەتی تێکەڵە). بەڵام یەک فۆڕمی گونجاوو لەباری حکومەتی دەستنیشان نەکردووە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە هۆکاری عەمەلیو هەلومەرجی تایبەتی وەک هەڵکەوتەی ناوچەکەو سامانی سروشتیو لایەنی جوگرافیو کۆمەڵایەتی، یەکبگرنو ببنە مایەی ئەوەی فۆڕمێک لە فۆرمەکانی حکومەت شەرعی نابێت، گەر بێتوو دەسەڵاتو سەروەری خۆی لە گەلەوە وەرنەگرتبێت. ڕۆسۆ» حکومەتی دیموکراسی پێ باشترە، ئەو حکومەتەی هەموو جۆرەکانی ستەمکاری ڕەتدەکاتەوە کە هیچ بنەمایەکی نە لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا هەیەو نە لە یاسادا. ئەگەرچی زۆر جار حکومەتی دیموکراسی لەگەڵ ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا ناگونجێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: (پێویستە دەسەڵات، یان دەوڵەت دیموکراسی بێت، بەڵام ڕەنگە حکومەتی دیموکراسی لەگەڵ مرۆڤدا نەگونجێت) .88

هەموو حکومەتێک بەردەوام سەری لە گەندەڵی دەخوریو دەخوازێت بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ئەندامانی پێش بەرژەوەندی گشتی بخات، هەر بۆیە بەردەوام ئەگەری دروستبوونی گەندەڵی لە ئارەدایە: (هەر کاتێک حکومەت بەردەوام بەرەو ئەوە چوو سەروەری پێشێل بکاتو هەیبەتێک بەخۆی بدات، ئەوا ئەمە بەرەو ستەمکاری دەباتو ئەمەش دەبێتە مایەی داڕمانی دەسەڵاتی سیاسی) .89

بۆ ئەوەی ئەم لادانە ڕوو نەدات، رۆسۆ پێیوایە چارەسەر ئەوەیە ناوبەناو تەواوی هاووڵاتیان کۆببنەوەو بە ئازادانە دەنگ لەسەر دوو مەسەلە بدەن.90

یەکەم/ ئایا بەرژەوەندی گشتی لەوەدایە ئەو فۆرمەی حکومەت کە لە ئارەدایە، وەک خۆی بهێڵرێتەوە یاخود بگۆڕدرێت بە فۆرمێکی تر؟

دووەم/ ئایا بەرژەوەندی گشتی دەخوازێت ئەندامانی ئەو حکومەتەی لەسەر کارن، لەجێی خۆیان بمێننەوە یان کەسانی تریان لەجێیان دابنرێت؟.

نابێت گەل هەڵوێستی سلبی وەرگرێت، بەڵکو پێویستە لەپێناو پاراستنی یاسادا شەونخونی بکاتو هەموو هاووڵاتیەک بە بایەخەوە سەیری کاروباری حوکم بکات لە وڵاتەکەیدا. هاوکات دەبێت میللەت بەردەوام کۆبوونەوە بکات



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

بۆ ئاوئویکردنو مشتومڕکردن لەسەر کاروبارەکانی حکومەت، هەموو ئەمانەش مەرجی سەرەکین بۆ درێـژەدانو بـەردەوام بوونی حوکمی ڕاستو دروست، کەواتە پێویستە هاوڵاتی ئازاد بێتو بتوانێت گوزارشت لە دیدو بۆچوونەکانی خۆی بکاتو هەڵوێستی خۆی لە کێشە گشتییەکان دیاریبکات، مادامەکی گەل سەروەرو دەسەڵاتداری یەکەمە.

گەل ناتوانێت، دەستبەرداری سـەروەریو دەسەڵاتی خۆی بێت بۆ حکومەت، لەبەر ئەوەی حکومەت تەنها لەڕێی یاسایەکەوە دروست بووە کە لە ئیرادەی گشتیەوە دەرچوە، نەک بەرهەمی پەیمانی کۆمەڵایەتی بێت. ئەندامانی حکومەتیش سەروەرو دەسەڵاتداری گەل نین، بەڵکو بەتەنها کۆمەڵێک فەرمانبەرنو کار بۆ خزمەتکردنی میللەتو جێبەجێکردنی یاساکانی دەکەن. بەم جۆرە هەموو حکومەتێک کاتیەو گەل هەر کاتێکی بەگونجاو زانی دەتوانێت بیگۆڕێت. ئیتر ئەمە بە گۆڕینی ئەندامەکانی بێت یاخود بە گۆڕینو دەستکاریکردنی فۆرمی حکومەتەکە بێت. لەژێر کاریگەری سستمی دیموکراسی سویسریداو قەناعەتی تەواوی بەوەی یاسا لەکۆی میللەتەوە دەردەچێت، رۆسۆ سستمی دیموکراسی ڕاستەوخۆی لە هەر سستمێکی دیکە بێ چاکتر بوو. تەنانەت لە سستمی دیموکراسی ڕاستەوخۆی لە هەر سستمێکی دیکە بێ چاکتر بوو. تەنانەت لە سستمی پەرلەمانیشی لە پێشتر دادەنێت. ئەگەرچی ئەو سستمی دیموکراسی راستەوخۆشی بەلاوە پەسەندە، بەڵام نیشانیدەدات کە بەتەنها بە کەڵکی وڵاتە بچووکەکان دێت. هەرچی وڵاتە گەورەکانە، لەبەر ئەوەی حکومەتەکانیان خوازیارن دەسەڵاتی خۆیان لە بەرامبەر دەسەڵاتی گەلدا زیاترو فراوانتر بکەن، ئەوا لێرە ناکرێت دیموکراسی ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکرێت. رۆسۆ پێیوایە بۆ ئەوەی ڕێ لە حکومەتی ئەم وڵاتانە بگیرێت تا دەسەڵاتەکانی خۆیان خراپ بەکار نەهێنن، پێویستە گەل مافی خۆی لە کۆبوونەوە گشتیە ناوبەناوەکاندا بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی هەڵوێست لە حکومەت، یاخود لە فەرمانبەرە گشتیەکان وەرگرێت. لە ماوەی ئەو کۆبوونەوە گشتیانەشدا، رۆسۆ پێشنیار دەکات تەواوی دەسەڵاتەکانی حکومەت رابگیرێتو کاریان پێ نەکرێتو دەسەڵات بدرێتەوە دەستی گەل، زۆر لە ولایەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەوی ئەمەیان کردوە، هەروەها

بۆ وڵاتە گەورەکان پێشنیار دەکات کە پاینەختێکی گەڕۆکیان هەبێت، گەر هاتوو شاری زۆریان هەبوو یاخود پەیڕەوی سستمی فیدراڵی بکەن. 91

**دەسەڵاتداریّتی خەڵک**

رۆسۆ لەو بیرمەندانەیە کە تیۆری دەسەڵاتداریّتی خەڵکی داناوە، کە ئێستا بەشێکە لە بنەماکانی سیسنەمی دیموکراسی. ئەگەر وایدابنێین کە کائێک تاک خودڕێسایە (یان سەربەخۆیە)و شوێنکەوتووی خواستی کەس یان کەسانێکی تر نەبێت، ئەوا چەمکی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە تیۆری رۆسۆدا بەم جۆرەی لێدێت، کە دەبێت تاک بگۆڕێت بۆ (تاکێکی دەسەڵاتدار لەنێوان یەکسانەکان)داو دەبێت (دەسەڵاتداریّتی ویستی گشتی) لە کۆمەڵگە وابچەسپێت. دەسەڵاتداریّتی ویستی گشتی بەم جۆرە دێنەدی کە هەر کەسێک بەڕاستی هاووڵاتی، واتە دەسەڵاتدار، یاسادانەرو مەرجەعی دانانی یاسایە کە لە یەکەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تردا بەشێوەیەکی یەکسان ملکەچی دەبن. یاسا لەلایەن هەمووانەوە بەشێوەیەکی یەکسان دادەنرێتو لەلایەن هەمووانیشەوە بەشێوەیەکی یەکسان کارییێدەکرێت. لە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی کلاسیکی باس لە دوو جۆر گرێبەست دەکرا: یەکەم گرێبەستێک کە خەڵکی لەگەڵ یەکتردا دەیبەستنو رێکدەکەون کە یەکبگرن لەگەڵ یەکترداو بە رەزامەندی هاوبەش پارێزگاری لە ئاسایشی خۆیان بکەن. دووەم ئەو گرێبەستەیە کە ئەو خەڵکە لەگەڵ دەسەڵاتدارێکدا دەیبەستنو حکوومەتی پێ دەسپێرن. گرێبەستنی یەکەم بە گرێبەستی کۆمەڵگە Pactum Societatis و گرێبەستنی دووەم بە گرێبەستی شوێنکەوتوویی Pactum Subjectionis ناو دەبرێت.

هوبز لە تیۆریەکەی خۆیدا گرێبەستنی یەکەم لا دەباتو بەڕازی بوون بەیەک گرێبەست ئەویش گرێبەستی جۆری دووەم گەیشتە حکوومی رەها، چونکە بەم گرێبەستە تاکەکان لەکاتی پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا (پەیدابوونی دەوڵەت) دەگۆڕین بۆ هاووڵاتیو ویستی ئەوان لە ویستی دەسەڵاتداردا دەتوێنەوە.

لۆک تیۆرەکەی خۆی لەسەر هەردوو گرێبەستەکە دامەزراندو گەیشتە حکوومەتی دەستووری، چونکە لە گرێبەستی یەکەمدا خەڵکی لەگەڵ یەکتردا

دەکەونە پێکهێنانی کۆمەڵگەی سیاسی، ئەوکاتْ بە گرێبەستی دووەم بەشێوەیەکی مەرجدار کاری حوکمڕانی بەدەسەڵاتدار دەسپێرن. رۆسۆش وەکو هۆبز یەک گرێبەستی پەسندکرد، بەڵام بە پێچەوانەی هۆبز بەرەو گرێبەستی جۆری یەکەم رۆیشتْ، بۆیە تەواوی حوکمڕانی گواسترایەوە بۆ خەڵکیو لە یەک کاتدا خەڵکی هەم بوونە حاکمو هەم شوێنکەوتوو. بەم جۆرە ئیدی حکوومەتْ شتێک نییە جگە لە کۆمیسیۆنێکی جێبەجێکار. لە تیۆریەکەی رۆسۆدا حکومەتْ شوێنی گواستنەوەی حوکمڕانی نییە، بەڵکو بەتەواوی دەستەیەکی جێبەجێکارە. نوێنەرانی خەڵکیش خەریکی کۆبوونەوە نین ئەوان کاروبارەکان تاوتۆی دەکەن. رۆسۆ بەم تیۆریە شۆڕشێکی لە هزری سیاسیدا دروستکرد. بەم روانگەیە ئیدی بە پێچەوانەی ئەو تیۆریانەی کە تا ئەو کاتە باوبوون حکوومەتْ پایەی حوکمڕانی نییە. خەڵکی حوکمڕانی خۆیان ناگوازنەوە (چونکە لەم کاتەدا ئازادی، خودرێسایی و یەکسانی خۆیان لەدەستْ دەدەن). خەڵکی تەنها کۆمیسیۆنێکی جێبەجێکار (وەکو دەسەڵاتی یاسادانانو دەسەڵاتی جێبەجێکار) هەڵدەبژێرن. 92

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی**

کتێب

1. ئیبراهیم، دکتور موسا ،فیکری سیاسی خۆرئاواله مەکافیلیەوەتا مارکس، وەرگێرانی: شوان ئەحمەد،دەزگای چاب وپەخشی سەردەم ،کوردستان، سلێمانی ،2005.

2. بۆتۆل ،کورتە مێژوی گۆرانکارییەکانی کۆمەڵناسی ، فەرشید شەریفی ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتـی رۆشنبیری ، بەرێوەبەرێتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ،

3. بوتول ،گاستون ،هونەری سیاسەتْ ،ئامادەکردنی سەمەد زەنگەنە ،لە بلاوکراوەکانی بەشی روناکبیری، چابخانەی روون، سالی 2007.

4. پۆڵادی ، دکتور کمال،مێژوی هزری سیاسی لە رۆژئاواله ماکیافیلی تا مارکس، بەرگی دووەم ،وەرگێرانی :ئازاد وەڵەد بەگی و سیروان زەندی، دەزگای

چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، کوردستان،2005.

5. پۆلادی، دکتور کمال،له دەوڵەتی دەستەڵاتخوازەوە بۆ دەوڵەتی عەقل، وەرگێرانی له فارسییەوە یوسف خزر چوپان ، له بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران – دەزگایەکی ئەهلییە بایەخ بە وەرگێران دەداث ،چابخانەی منارە ، هەولێر ،ساڵی 2007.

6. روسو،ژان ژاک ،پەیمانی کۆمەڵایەتی دەق وژێرنوسی دەق،گروپی توێژەران،ژێرار شومین،ئەندریە سینک،کلود موراڵی ،زۆزی میدینا،وەرگێرانی دەق لە ئینگلیزییەوە ئاواث ئەحمەد،وەرگێرانی ژێرنوسی دەق لەفارسییەوەپێشرەوحسێن، چابخانەی سیما، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ریکخراوە دیموکراتییەکان، ساڵی 2005.

7. . قەرەچەتانی . کریم شریف ، سروشتی مرۆڤایەتی لەروانگەی جان جاک روسۆ و سیگموند فرویدەوە ، زنجیرەی بڵاکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی –13–چابخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولیر ساڵی 2003.

8. کاوە جەلال : ژۆن ژاک روسو :له بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی . ن . ک )2005.

9. موحسنی ،دکتور مەنوچێهر ، کۆمەڵناسی گشتی ،بەشی یەکەم ،مێژوی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی– موسڵح ئیروانی ،له بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریان ،چاپی دووەم ،چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر، ساڵی 2007.

10. موریس شربل، میشال ابی فاچل: جان جاک روسو ،وەرگیرانی له عەرەبیەوە: رەحیم سابیر، جابخانەی شفان/ سلیمانی/2004.

**بەزمانی عەرەبی**

الکتاب

18. بالمر،روبرث ، تاریخ العالم الحدیث ،ترجمه حسن علی زنون ،المکتبه الدار المتنبی ،بغداد،ج 2، 1964.

19. بالمر، روبرث ،الثوره الفرنسیه وامتدادها، ترجمه الی العربیه

هنريث عبودى، دار الطليعه - بيروث ،ط 1 ،1983.

20. البارودى،د.مصطفى، لمحاث من الفكر السياسى حول الفرد والدوله، مطبعه الجامعه السوريه ، دمشق ، 1958.

21. الطعان،دكتور عبدالرضا حسين،تاريخ الفكر السياسى الحديث ، وزاره التعليم العالى والبحث العلمى ، جامعه بغداد ،دار الحريه للطباعهوالنشر ، بغداد ، 1990.

22. فولغين ،ف ،فلسفه الانوار ،ترجمه هنريث عبودى ،دار الطليعه ، بيروث ،سنه 1981.

23. كرم ،يوسف ،تاريخ الفلسفه الحديثه ،دار المعارف ،مصر ،ط 1، 1957.

24. محمد،دكتور على عبدالمعطى ،الفكر السياسى الغربى ،دار الجامعاث المصريه ،الاسكندريه ،1975.

25. شوفاليه،جان جاك ،تاريخ الفكر السياسى من المدينه الدوله الى الدوله القوميه ،ترجمه دكتور محمد عرب صاصيلا، ط1.



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica